عبدالرقیب یوسف

# بانگەوازێک بۆ ڕووناکبیرانی کورد

لە پێناوی کۆکردنەوەو زیندووکردنەوەی کەلەپووری کوردیدا





لە بڵاوکراوەکانی پرۆژەی هاوسەر (٢)

بانگەوازێک

عبدالرقیب یوسف



رقم الایداع في المكتبة الوطنية ببغداد
٩٨٣ لسنة ١٩٨٥

نرخی (٤٠٠ر١) دینارە

چاپخانەی کامەرانی ـ سلەیمانی ت ٢٣٥٠٨

عبدالرقیب یوسف

# بانگەوازێك
## بـۆ
## ڕووناکبیرانی کورد

### لە پێناوی کۆکـردنەوەو زیندووکـردنەوەی کەلەپووری کوردیدا

١٩٨٥

لە بڵاوکراوەکانی پرۆژەی هاوسەر ( ٢ )

چاپخانەی کامەرانی ـ سلێمانی ت ٢٣٥٠٨

# سەرەتایێکی پێویست

بێ گومان نەتەوەی کورد ، وەکوو هەموو نەتەوەکانی تر ، خاوەنی کەلەپووری خۆیەتیو لە رۆژگارە دێرینەکانی مێژووی کوردەوە ، دەستپێدەکا • بەشێکی فراوانی ئەم کەلەپوورە کۆنەو زۆری بەسەرچووە ، ئەوی دیکەشی نوێیەو زادەی سەردەمێکی نێزیکە ، ئیتر یا هیی نەتەوەی ئەمڕۆیە یان هیی ئەو نەتەوانەیە کە پێشتر لەم نیشتمانەدا ژیاون وەك : سۆمەریو ئەکەدیو حیسیو ئیلامیو ئاشووریو گۆتیو لۆلۆبۆمو میتانیو حووریو میدی •••

گەلانی جیهان هەریەکەیان لە ناوچەی خۆیدا بووەتە میراتگری کەلەپووری برێك لەو نەتەوە کۆنانە • زۆربەی گەلە زیندووە پێشکەوتووەکانی دنیا لەمێژە کەلەپووری نەتەوایەتیی خۆیانیان کۆکردووەتەوەو بووژاندوویانەتەوەو مێژووی خۆیانیان لەسەر بنیادناوە •

وشەی کەلەپوور هاوتای زاراوەی « تراث »ی عەرەبییەو لە رووی ماناوە فراوان لێكدەدرێتەوە ، برێتییە لە هەر شتێك کە لە باوكو باپیرانمانەوە بۆ ئێمە بەجێمابێ جا چ (مادی) بێ وەك شوێنەوارو پاشماوەی کۆن یا (نامادی) وەك باوو نەریتو زانیاری • هەمان وشە ، مێژوو و ئەدەبو بەڵگەنامە – وثائق – و هونەرە جۆراوجۆرەکان دەگرێتەوە • خۆ ئەگەر بڵێین « کەلەپووری میللی – التراث الشعبي » ئەوا واتاکەی تەسكدەبێتەوەو ئەو بەرفراوانییە ناگرێتەخۆی •

ئەگەر سەرنجێکی مێژوو و کەلەپووری عەرەب بدەین ، لێمان ئاشکرا دەبێ کە ئەوان هیچ لایەنێك نەماوە لەسەری نەنووسنو ، ئێمەیش شتێکی ئەوتۆمان نەکردووەو کارەکەمان لەچاو ئەواندا «تکە بە زەریایە» • ئەوان

تەنەفەت لەسەر دزو جەردەو ترکەن‌و ئافرەتـە بەدڕەوشت‌و سۆزانییەکانیان‌و گێل‌و پیسکەکانیان نووسیوە • بە نموونە ، بەر لە هەزار ساڵ «جاحظ» کتێبی بەناوبانگی «البخلاء» و ، «أبوالحسن المدائني»یش «کتاب الضراطين»و «کتاب أسماء قريش قبل الاسلام»ی داناوە • «ابن الجوزي» ، کە یەکێـك بووە لە گەورەترین زانایانی سەدەی دوازدەیەم ، خاوەنی (٥١٩) کتێبە ،لەوانە «کتاب الحمقى والمغفلين» و «اخبار الاذكياء» و «اخبار النساء» و «کتاب المنتظم» کە دە بەرگەو لەبارەی مێژووەوەیە •

ئەوەیش «شکري العزاوي» کە «الکتاب الاسود»ی لەسەر «خولە پیزە»ی لەمەڕ ئێمە داناوە • ئەم ناوە لە بیرەوەریی زۆربەماندا تازە بە تازەیەو ، لەوە بەئاگاین کە ئەو کابرایە خەڵکی شاری سلێمانی بووەو ، دەگێڕنەوە ، بەزۆری زۆردارەکی ناچاریان کرد دەست بداتە چەتەگەری‌و ببێتە مێملێك دژ بە هێزی پۆلیسی نوری سەعید • دەمانەوێ بڵێین : زانا عەرەبەکان هەر لە دێرزەمانەوە هیـچ بابەتێکیـان نەهێشـتووەتەوە سـەری تێ نـەکەن ، لەبـەر ئـەم مشوورخورادنەشیانە کە خۆرهەڵاتناسـەکان زۆر گرنگییان بـە شارستانەتیی عەرەب داوەو لێی بەکەیفن !

ئێمەی کورد ، لەم بـارەوە زۆر پاشـکەوتووین‌و ، تاکوو ئێسـتا نرخی کەلەپووری خۆمانمان نەزانیوەو ، نەمانتوانیوە ئەو لایەنانەی مێژوومان کە لە سـەرچاوە ئیسـلامییەکاندا باسـیان لێ کـراوە ، زیندووبکەینـەوەو بکەوینە کۆکردنەوەو تەنەڵەکردنیان • هەرچی بابەتی کەلەپووری میللیشمانە ، ئەوە یەکجار بە کەمی نـووسراوەتەوەو ، کۆکردنەوەی پرۆژەیـەکی بەربڵاوی دەوێ‌و بە تـاکە تاکەو چەنـد کەسێك ئەنجـام نادرێ‌و بە چەنـد کتێبێکیش چارەسەر ناکـرێ • وەك لە یادمانە ، لەم ساڵانەی پێشوودا کە لـە پارێزگای دیالە بووین ، زۆر ساڵ «بەڕێوەبەرێتیی کەلەپووری میللی» نووسراوی – بە شێوەی پرسـیارو وەڵام – لـە بـارەی کەلەپـووری نەتەوایەتیـەوە بەسەر

فەرمانبەرانو کەسانی سەر بە «بەڕێوەبەرێتیی پەروەردە»دا ، دابەش دەکرێو داوای لێدەکردن بەپێی ئەو خاڵانەی کە دیاریی کردبوون هەرچییەکیان لەسەر دەزانن لەگەڵ زانیاریی تردا ئەگەر لەلایان هەبێ ، بیاننووسنەوەو لە ڕێگەی «پەروەردە»وە بۆیان بنێرنەوە . تا بەم ڕەنگە هەزاران دانەیان لەم ئاگانامەیە بڵاودەکردەوەو لەلایەن هەزاران کەسەوە سەرو وەڵام دەدرانەوەو تێکڕای ئەو نووسراوانە بە «بەڕێوەبەرێتیی کەلەپووری میللی» دەگەیشتەوە . جگە لەوە ، گۆڤاری «التـراث الشعبي» ڕاستەوخۆ بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کراوەو ، لەولایشەوە نووسەرانی عەرەب گشت ساڵێك ئەندازەیێك لەو کەلەپوورە تۆماردەکەن .

لەبەرئەوە کە ئێمەی کورد دەزگایەکی تایبەتیمان بۆ کۆکردنەوەی کەلەپوورەکەمان نییە ، دەبێ پتر هەوڵبدەینو فریای سامانی خۆمان بکەوین . جا ئەگەر خەم لەوە نەخۆینو ، هەر کەسەو لە ئاقار خۆیەوە هەست بە بەرپرسیو بایەخی ئەم مەسەلەیە نەکا ، ئەوا هەم کەلەپوورمان لەنێودەچێو ، هەم بۆ ڕێکخستنو ئامادەکردنی مێژووی کۆنو نوێمان هیچمان بە دەستەوە نابێ .

گرنگیدان بە رزگارکردنی کەلەپوورو ژیاندنەوەی ، نیشانەیێکی بنجبڕی پێشکەوتنە لە رووی شارستانەتییەوە . نابێ وەك هێندێکی بیرتەسكو تیوچە ڕووناکبیر لەو مەبەستانە وردبینەوەو تێیبگەین ، چونکە نەتەوەی دوور لە دیاردەی شارستانانە هەردەم گیرۆدەی دەستی نەزانیو پاشکەوتنەو لە تێکڕای مەیدانەکاندا تۆڵو دەستەپاچەیە . لەگەڵ ئەوەیشدا ، هەرگیز ڕێی تێناچێ نەتەوەیێك لە گەردوونناسیو ئەندازەو پزیشکیو پیشەسازیدا بەرەوپێشچووبێو ، مێژوو و کەلەپوورەکەیشی هەروا بڵاوو بێخاوەن مابنەوە !

لەم بارەوە ، نەتەوەی عەرەبیش پێش پەنجا ساڵ ئەم بابەتانەی تێدا کزو

سست بوو و ، وەکوو ئێستا بە تەنگیانەوە نەدەهات • لێکۆڵینەوەی مێژوویان ئەوەندە فراوانو قووڵ نەبوو ، شوێنەوارەکانیان نەدەپاراست ، بەڵکوو گەلێك شوێنەواری دەوری عەباسییەکانو خانووی نەخشدارو شتی عەنتیکەی لەم بابەتەیان فەوتانو ئەو بایەخەیان پێ نەدەدان • سەبارەت بە بەڵگەنامە «الوثائق»یش ، پێشتر زۆر گوێیان نەدەدایێو ، جێی پاراستنو هەڵگرتنیان بۆ ساز نەکردبوو • بەڵام ئێستا لە زۆربەی دەوڵەتە عەرەبییەکاندا مەڵبەندی تایبەت بۆ کەلەپوورو بەڵگەنامە تەرخان کراوەو ، بەگەرمیو چالاکانە لایان لێ کردوونەوە •

لەبەر تیشکی ئەو راستیانەدا ، بەگلەییەوە دەڵێین : ئەمڕۆکە زۆرینەی خوێندەوارو نووسەرانمان کەمتر روودەکەنە مێژوو و کۆکردنەوەی کەلەپوور • دیارە پشت گوێ خستنو بەسووکی تەماشاکردنی ئەو لایەنانە تەنگەبەریی بیرکردنەوەو کەمتەرخەمیمان دەگەیێنێو ، بێ باکانە لەدەستدانی هەموو بابەتێکی لەم چەشنە ماڵوێرانیو زیانێکی گەورەمان بەشاندا دێنێو بۆمان قەرەبوو «تعويض» ناکرێتەوە • هیوادارین ئەم بانگەوازە دەروازەیێك بێ بۆ قوتابخانەیێکی نوێی کەلەپووری کوردی •

دەبێ دان بەوەدا بنێین کە بواری کولتووری ئەم سەردەمەمان زۆر هاتووەتە پەلەو ، لەباریدا نییە لە شیعرو چیرۆكو وەرگێڕانی نووسینی ئەدەبی بەدەر هیچی دیکە بەخۆبگرێ • ئەویش نە لەگەڵ خواستو ئارەزووی ئەم چەرخەدا هەڵدەکاو ، نە دەشتوانێ پێ بەپێ شانبەشانی بڕوات بەڕێوە • دەبا لەم ساتەوە بیرێك لەم کێشەیە بکەینەوەو چارەسەرێکی بۆ بدۆزینەوە •

# بەڵگەنامە «الوثائق»

لەڕاستیدا بەڵگەنامە باشترین سەرچاوەیە کە مێژوونووس لە حوکمدانو شیکردنەوەو سەلماندنی بیروڕاکانیدا پشتیان پێ دەبەستێ . نووسینی سەر دەروازەو خانووبەرەو کێلەبەردی گـۆڕو دەفرو پارەو جلوبەرگو وێنەی سەر بەردو نێو بەیـازو کتێبی دەستنووس بە بەڵگەنامە دەژمێـردرێن ، بەڵام ئەوەی کە ئێمە لێرەدا مەبەستمانن بریتین لە :

( أ ) بەڵگەنامەی دەستنووس ، وەك :ـ

١ ـ نامەکاری لە نێوان میرنشینە کوردییەکانو دەوڵەتەکانی دەوروبەریاندا .

٢ ـ نامەکاریی نێوان گەورەپیاوانی کوردو کاربەدەستانی میری .

٣ ـ ئەو فەرمانو بڕیارە دەوڵەتییانەی کە پێوەندییان بە کوردەوە هەیە .

٤ ـ نامەو فەرمانەکانی میرنشینە کوردییەکان .

٥ ـ نامەگۆڕینەوەی ناودارانی کورد لە نێوان خۆیاندا ، وەکوو میرو گەورەو مەلایانو شێخەکان .

٦ ـ ئیجازەنامەی مەلایەتی کە زنجیرە ناوی مامۆستایانی تێدایە .

٧ ـ ئیجازەنامەی خەلیفایەتیو سۆفیەتی .

٨ ـ بەشێك لە نووسراوو کاغەزو ئەوراقی فەرمانگەکان .

٩ ـ نووسراوو لیستەی باجو باجگری .

١٠ـ قەواڵـە (سەنـەدو تاپـۆ)ی زەویوزارو هەموو ملکێـك ، چی قەواڵەی میرنشینە کوردییەکان بێو ، چی ئەوانـەی سەردەمی عوسمانییەکانو ، بەتایبەت هی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم بێ .

ئەم قەواڵانە لەڕووی ئابوورییەوە یەکجار بەنرخن ، چونکە یا باس لە کشتوکاڵو هۆی ئاودێریی وەکوو جۆگەو کانیو کارێز دەکەن لە کوردستاندا،

یان لەبارەی نرخی زەوی‌زارو دێهات‌و ئاش‌و شتی لەم چەشنەوەن • لەلانی مێژووشەوە بایەخیان هەیە ، لەبەر ئەوەی ناوی هێندێك لە خاوەنەکانیان کەسانی مێژوویین ، یان سەر بەو بنەمالانەن کە دەوریان لە کۆمەڵدا بینیوە • سەرەڕای ئەوە ناوی قازی‌و موفتی‌و مامۆستاو پیاوماقووڵانی‌دیکە لەو قەبالانەدا تۆمارکراون ، لەگەڵ مۆرو ئیمزایاندا ، بەتایبەت قەباڵەکانی دەوری بابانییەکان کە تێیاندا هەیە نێزیکەی چل ناوی لەسەرە بە مۆرو ناوی میرە بابانییەکانیشەوە• لێرەدا ماوەی ئەوەمان نییە بەدوورودرێژی لەکەڵك‌و گرنگیی قەواڵە بدوێین،بەڵام بۆ پتر روون‌کردنەوەی دوو نموونە دەهێنینەوە • نموونەی یەکەم قەواڵەی ئاشێکە بە ناوی «ئاشی وەلی بەگ»ەوە لە دێی (بێستان سوور)ی دەشتی شاوەزووردایە ، لە رووی بابەتەوە دەبێتە بەڵگەنامە ، واتە دەبێتە سەرچاوەی دە جۆرە بابەت • ئەم قەواڵەیە لە ساڵی «١٢٥٢ی کۆچی = ١٨٣٦ی زایینی»دا لە زەمانی بابەنەکاندا نووسراوەتەوەو لە دادگای شەرعیی سلێمانی‌و لەلایەن سەید عەبدولصەمەد «عەبدولصەمەدی دووەم»ی قازیی سلێمانییەوە دەرچووە •

نموونەی دووەم نەخشە «خريطة»یەکی سەدەی نۆزدەهەمە ، لە بارەی ئەو دەشتەوەی لە باشووری خۆرئاوای سلێمانیدا دەکەوێتە نێوان چیای بەرانان‌و بەکرەجۆوە • چەمی «ئاڵیشە» کە لە سەرچاوەکانی چەمی تانجەرۆیەو بەشێك لەو جۆگە گەورانەی لەو چەمە جوێ‌دەبنەوە لەگەڵ ئەو زەوی‌وزارەی وا دەکەوێتە نێوان چەمەکەو دێی هەزارمێردو جێشانە ، لەسەر ئەم نەخشە دەستنووسە رەسم‌کراون • جگە لەوەیش ، جێگەی هەشت دێی وەکوو «قازان ، لەنجاوا ، بنگرد ....• هتد»و بەشێك لە زەوییەکانیشیانی لەسەر دیاری‌کراون •

(ب) تێبینیی نێو کتێبە دەستنووسەکان ، کە بەزۆری ئەمانە دەگرێتەوە ، ــ ئەو تێبینی‌و سەرنجانەی لەسەر بەرگ‌و کۆتایی‌و رووپەڕو پەراوێزی ئەو

دەستنووسانەی کە لە قوتابخانە ئایینییەکانی کوردستاندا نووسراونو ، هێندێك ڕووداوی مێژوویی‌و لایەنی زانستی‌و ئـەدەب‌و ڕەچەڵەکی بنەماڵـەو ناوی کەسان پێشان‌دەدەن .

– ئەو ئیمـزاو مۆرانەی کە لەسـەر بەڵگەنامەو کتێبـە دەستنووسەکاندا هەن‌و ، لە خۆیاندا بـە بەڵگەنامە حسێب‌دەکـرێن ، وەك ئیمزاو مـۆری میرە کوردەکان . ئەوەتا مـۆری «ئەحمەد پاشای بابان» لەسـەر زۆر دەستنووسی کتێبخانەی بابانیدا دەبیندرێ . هەروەها مۆری «سوڵتان حسێن»ی میری بادینان‌و مـۆری «قوبادخـان»ی بادینـانی لەسـەر هێنـدێك دەسـتنووسی قوتابخانەی «قوبەهان»دا هەن ، ئـەو قوتابخانەیەی کە لـە سەدەی شازدەهـەمدا سوڵتان حسێن لە شاری «ئامێدی»دا بنیادی‌ناوەو ئاوەدانی کردووەتەوە .

**دەبێ مۆرو ئیمزا وەك لقێـکی تایبەت لە «کەلەپووری بەڵگەنامە» تەماشا بکرێ‌و ، لەڕووی شکڵ‌و شێوەی نووسین‌و نەخشـکاری‌و چۆنیەتیی هەڵکەندن‌و پێوانەی بە سانتیمەترەوە ، گرنگییان پێبدرێ‌و بپارێزرێن‌و لێکۆڵینەوە لەسەر بەراوردی ڕۆژو مێژووی ئەو مۆرو ئیمزایانە بکرێ . پێویستە کە کتێبی مێژوو دەنووسین ئاگاداری ئـەو ووردکردنەوەیە ببـین ، چونکە بەوجـۆرە تۆژینەوەیە چارەسەری زۆر گـرفتی مێـژووی بەڵگەنامـە دەکـرێ‌و ، ئـەوەیش یاریدەی مێژوونووس دەدا .**

بەداخەوە ئێمـە تاوەکوو ئێسـتا نرخی بەڵگەنامـەمان نەزانیـوەو ، هیچ هەوڵێکی ئەوتۆمان نەداوە لە کون‌و کەلەبەردا ڕزگاریان بکەین‌و ، نەهێڵین ببنە خۆراکی مشـك‌و مۆرانـە . گەلێکمـان بـەلاوە گرانـە کە دەڵێـین : بیرو تێگەیشتنمان لـەم بارەیەوە زۆر کزەو ، بگـرە تاکە تاکەیەکمان نـەبێ هەر بیریشی لێ‌نەکردووەتەوە ، لەبەر ئەوە هەزاران بەڵگەنامەی کوردی‌و سەر بە کـورد لەنێوچـوون‌و ، خەڵـکەکە لـە نەشارەزایی‌یـەوە فڕێیـان‌داون‌و سووتاندوویانن ، چونکە کەس بەلایاندا نەچووەو بە خاوەنەکانیان نەگوتوون کە ئەو نووسراوو کاغەزانە بەنرخن‌و نابێ بفەوتێن .

لەم رووەوە نموونەی زۆرو کارەساتی گەورە رووی‌داوە ٠ بە وێنە : بەڵگەنامەکانی «کەریمی فەتاح بەگی هەمەوەند» کە قارەمانێکی کورد بووەو ، دەیان نامەی شێخ مەحموودو ئینگلیزەکانو گەورەپیاوانی وەك «مەحموود خانی دزڵی»و «نووری باویل»ی بۆ چووەو ، تەنانەت (٣-٤) کاغەزو نامەی «مستەفا کەمال»یشی لە نێودا بووە کە بۆیی ناردووە ٠ یەك تەنەکە لەم جۆرە بەڵگەنامانەی کەریمی فەتاح بەگ پاش شەهیدبوونی لەلایەن نۆکەرەکانی ئینگلیزەوە کەوتووەتە لای «عەزیز»ی کوڕی کە بە زگماك کوێرە ئەویش دوای چەندین ساڵ هەڵگرتنی ، لە ساڵی ١٩٧٦دا لە شاری چەمچەماڵ فڕێی داوەتە دەرەوەو فەوتاندوویە ، ئەو چەمچەماڵەی کە دەکەوێتە سەر رێگەی هەمیشەیی نووسەرانو شاعیرانو چیرۆکنووسانی کورد !!

کە لە ئەیلوولی ١٩٨٢دا بە نیازی دەست‌خستنی هێندێك بەڵگەنامەی ئەم قارەمانە کوردەو وەرگرتنی زانیاریەکی فراوانو زیندوو لەو کەسانەی کە لەگەڵیدا بوون ، چووینە چەمچەماڵ ئەوسا بەم کارەساتە دڵتەزێنەمان زانیو بە عەزیزمان گوت : بۆچی ئەو تاوانە گەورەیەت کردووە ؟! گوتی : لەترساندا نەم‌سووتاندوون ، نەشم‌دەزانی ئەو نووسراوانە ئەوەندە بەنرخن ، کەس نەبوو لێیان بپرسێ‌و هەتاوەکوو خوێندەوارێکیش پێی‌ڕانەگەیاندم بیان‌پارێزم ٠٠٠ کەواتە تاوانەکە تەنیا هیی من نییە !! ٠ گوتمان : راستەکەی ئێمەیش هەر تاوانبارین ، ئیدی بە داخێکی گرانەوە گەڕاینەوە ٠٠٠

هەر لەو مانگەدا بەنیازی وەدەست‌هێنانی بەڵگەنامەکانی «شێخ فەرەجی بانی‌بنۆك»و تۆمارکردنی زانیاریی ئەو پیرانەی کە هاوکاتی بوون ، چووینە «سەید سادق»و هەمان بەسەرهاتی هەرچی‌وپەرچیانە برینی پێشوومانی کولاندەوە ٠ «شێخ مەحموود»ی کوڕی شێخ فەرەج پێی‌گوتین : «لە ساڵی ١٩٧٩دا یەك جانتای گەورەم لەو نووسراوو نامانە سووتاند کە لەم‌لاولاوە بۆ باوکم هاتبوون ، چونکە مشکیان تێ‌کەوتبووو لە هەڵگرتنیان هەراسانو

ماندووبووم • ئەو کاغەزانە زۆر نامەی شێخ مەحموودی لەنێودا هەبوو ، لەوانە نامەیەکی کە لە شوێنی دوورخستنەوەکەیەوە «مەنفا» بە شیعر بۆ باوکمی ناردبوو تێیدا دەڵێ : «شیری سەر بەدە بەلی ئیرو بە نیعمەت گەپ ئەکەی» ، باوکیشم داوای لە مامۆستا «قانیع»ی شاعیر کرد بە شیعر لە شێوەی نامەیەکدا وەڵامی شێخ بداتەوە ، ئەویش نامە شیعرییەکەی نووسی • هەروەها رەفتاری باوکم وەهابوو هەر نامەیەکی بۆ بهاتبایە هەڵیدەگرتو لەناوی نەدەبرد ، بەشێکی کەمیان کە لەنێو ئەو جانتایەدا نەبوون لەسووتان رزگاریانبوو ، ئەمانەیش بەڵگەیەکی زەقن لەسەر بایەخدانی باوکم بە نامەکاری وهێشتنەوەیان» • ئەم قسەیەی دوایی ئەوە دەردەخا کە کۆمەڵە نووسراوی لای شێخ فەرەجی بانیبنۆك گرنگو کەموێنە بوون • کاتێك گلەییمان لە شێخ مەحموود کرد لەسەر ئەو تاوانە قورسە ، گوتی : خەتای منی تێدا نەبوە تۆباڵی بە ئەستۆی ئەو نووسەرو رووناکبیرە کوردانەیە کە جارێك لە جاران کەسێکیان بەسەری نەکردینەوەو پاراستنی ئەو بەڵگەنامانەی بەگوێدانەداین بۆ ئەوەی هیچ نەبێ ئەوەندە حاڵی ببووینایە کە بەڵگەنامەی دێرینە خاوەنی نرخی تایبەتی خۆیەتی •

شێخ فەرەج مرۆڤێکی ئازاو بوێرو کوردپەروەر بووە ، لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا لە بەرەی پێنجوێنو بانەو سەقزدا شەڕی رووسی کردووە • هێندێك لەو شتانەی کە لە «شەڕی بناوەسووتە»دا لە رووسەکانیان گرتبوون هێشتا لەکن ئەم بنەماڵەیە ماونو بەرچاومان کەوتن • شێخ فەرەج متمانەپێکراوی شێخ مەحموود بوو ، بۆیە بەشێك لە شتە نهێنییەکانی خۆیی لەلا دادەنا ، وەکوو «مەکینەی سکە» بۆ گۆڕینو لێدانی لیرەی توورکیو پارەی ئێرانی بەساختەیی لە کاتی تەنگانەداو «سەلیم خانی ئەفغانی»یش لەماڵی شێخ فەرەجدا زۆر بەنهێنی ئیشی پێدەکرد •


ئەو دەمەی کە شێخ لە هیندستان دیلو بەندبووە ، ئەم لە دێی بانی

بنۆکداو بە شاخی «ڕەنگێنە»وە شەڕێکی لەگەڵ ئینگلیزەکاندا کردووە • مامۆستای مێژوونووس «ئەحمەد خواجە» کە ماوەیەك نووسیار «کاتب»ی شێخی گەورە بووە ، بۆی گێڕامەوە : «من خۆم لە ماڵی جەمال عیرفان بووم کە شەوێ شێخ فەرەج هاتو فیشەکی لێوەرگرتو ، چوو شەڕ لەگەڵ ئینگلیزەکاندا بکا • ئێمە زستانی ئەو ساڵە کردەو کۆششی ئەوەمان بوو بزووتنەوەیەکی چەکدار لە دژی ئینگلیزەکان سازبکەین هەم شێخ بگەڕێننەوەو هەم ئەو گفتو بەڵێنانەی پێیان دابووین جێبەجێیان بکەن» •

مامۆستا ئەحمەد خواجە «تەمەنی درێژتربێ» لە لاپەڕە ۷۹ی بەرگی یەکەمی کتێبەکەیدا «چیم دی» نموونەی نامەیەکی شێخ فەرەجی بۆ مێجەرسۆن هێناوەتەوە •

زۆر گەنجینەی دیکەی بەڵگەنامەمان بەو جۆرە بێباکانە لەنێوچوون ، وەك بەڵگەو نووسراوەکانی «غەفوور خانی ناودەشتی» کە ساڵی ۱۹۷۵ فەوتێندراون • ئەم غەفوور خانە کوردێکی دڵسۆز بووەو قەلاکەیی لە گووندی «یەندز»ی بناری «قەندیل» بنیادناوەو ئاوەدانی کردووەتەوەو ، لە ساڵی ۱۹۲۰دا شەڕی ئینگلیزەکانی کردووەو پێوەندیی بە بزووتنەوەی کورد ـلە ڕەواندزـ کردووەو چووەتە ڕەواندز • هەر دوو ساڵ لەمەوبەر ، کۆمەڵە کاغەزو بەڵگەنامەکانی «محەمەد صالح ئاغا»ی قزڵجی لەنێو شاری سلێمانیدا لەلایەن «ڕەحمەخان»ی بووکیەوە سووتێندراون ، دوای ئەوەی کە یەکێك بە ناوی «مەلا محەمەد»ەوە ژنەی ترساندووەو پێی گوتووە : ئەم نووسراوانە بۆ گەڕانو پشکنینی ماڵ خراپن • محەمەد صالح ئاغا پیاوێکی ئەدەبدۆستو سەر بە ئینگلیزەکان بووە ، لەگەڵ ئەوەشدا شێخ مەحموود ئازاری نەداوە •

نموونەیەکی تری ئەم بێدەربەستییەمان لە فەوتانی پاشماوەی نامەخانەی باوانەکاندا دەردەکەوێ ، ئەو میرە بابانییانە کاتێك شاری سلێمانییان بنیادنا مزگەوتی گەورەشیان ئاواکردەوەو نامەخانەیەکی باشیان بۆ دامەزراندو ،




بەڵگەنامەی ( ١ )

ئەم بەڵگەنامەیە بە مۆرو ئیمزای عبدالرحمن پاشای بابانە کە بە مێژووی ٢٠ی ذی‌الحجەی ساڵی (١٢٢٦ی‌ك) (= ١٨١١ی‌ز) دێی ئەحمەد کولوانو هەندێـك زەوی‌وزاری لـە پێنـجوێن داوەتـە مەلا مستـەفای (کـوڕی مەلا شمس‌الدین)ی قازیی قزلجە .

«شێخ مارفی نۆدێیی» کە دەیان کتێبی دانراوی هەیە کرایە مامۆستای وانەبێژ (مدرس)و ئەو نامەخانەیەی خرایە ژێردەستو بەرەبەرە فراوانو دەوڵەمەند بوو . پاشاکانی بابانی وەکوو ئەحمەد پاشاو عەبدوڕڕەحمان پاشا کتێبیان دەکڕیو دەیانکردنە وەقفی ئەو کتێبخانەیە ، بەڕاددەیەك کتێبەکانی گەیشتنە شەش هەزار بەرگ . کە شێخ مەحموود ساڵی -١٩١٩- لە دەربەندی بازیان دیل کراو ئینگلیزەکان گەیشتنە سلێمانی کتێبەکان کە لە ماڵی شێخەکاندا بوون کۆکرانەوەو کوردە نۆکەرێکی ئینگلیزو ئەفسەری لەشکری لیڤی بە ناوی «ڕەشەی بەکر ئەفەندی»یەوە لە حەوشەی مزگەوتی گەورەدا ئاگری بەردایە ئەو خەرمانە کتێبەو تەنیا (٤٠٠) دانەیان کە بەردەستیان نەکەوتبوون ڕزگاریان بووبوو . هەروەها کاغەزو نووسراوێکی زۆری پەرشوبڵاو لەنێو مزگەوتەکەو گومەزی بابانەکاندا کە گۆڕی «عەبدوڕڕەحمان پاشا»ی تێدایە لە پاشماوەی نامەخانەکە مابوەوە ، تا لەم ساڵانەی دواییدا کە مزگەوتی گەورە تازەکرایەوە دوو ئوتومبێلیان لەم نووسراوانە پڕکردووەو فڕێیانداوەتە دەرەوەی شاری سلێمانی «کە بەلای خۆی مەڵبەندی خێرو زانستە» . ئەم کارەساتە جەرگبڕەش ڕوویداوەو دڵسۆزێك نەبوو پێشگریی لێبکاو بەر لەوە بیانپشکنێ !!

ئایا دەبێ دەیانو هەتاوەکوو سەدان بەڵگەنامەی بابانەکان هەر لە فەرمانەکانی سوڵتانە عوسمانییەکانو والییەکانی بەغداو فەرمانەکانی شاکانی ئێرانەوە بگرە تا دەگا بە نامەی گەورەپیاوان کە بۆ میرانی بابانیان ناردبوون ، لەنێو پاشماوەی نامەخانەی بابانیدا نەبووبن ؟!

خۆمان باش دەزانین ، لەکاتی شەڕوشۆڕو هەرادا یان لە دەمەدەمی کزبوونی دەستەڵاتی بنەماڵەکانو گەورەئایینییەکاندا ، ئەمجۆرە کاغەزە پەڕپەڕانە فڕێدەدرانە نێو گومەزی گۆڕستانو شتی وەهاوە . زۆر هەن لەو باوەڕەدان کە زۆرینەی بەڵگەنامەی بابانەکان لەنێو ئەو نووسراوە بێئەندازەیەی



بەڵگەنامەی (٢)

بەڵگەنامەیەك بە مـۆرو ئیمزای سلێمان پاشای بابان بە مێـژووی ٢٤ی شوال ١٢٥٠ (= ١٨٣٤ ـ ١٨٣٥ی زا) • سلێمان پاشا دێی چناران لەگەڵ دێی کاژاو لە ناوچەی سلێمانیی داوەتە شێخ رەسووڵی بەرزنجی کە نەقیبی ساداب بووە •

نامەخانەکەیاندا بووەو لەناوچووە • هەروەهـا لەنێو ئەو کۆمەڵە کاغەزەیشدا بووە کـە خەڵـکەکە لەپەستا فڕێیاندەدایـە ناو گومـەزی (سـلێمان پاشای عەبدورڕەحمان پاشا»و سەر گۆڕی «شێخ مارفی نۆدێیی» لە گردی سەیوان • ئەمەی دواییشیان پێش دوازدە ساڵ ، خراوەتە بن خاك •

پێرار نـەوەکانی «ئەحمەد فائیز بـەرزنجی» ، لەنێزیك قـاپیی سەرای سلێمانی ، چـوار بـەرمیلی خۆڵڕێژیـان لە پاشـماوەی نامەخانـەی ناوبراو پڕکـــردووەو ، خۆڵڕێـژەکانیش لـــە دەرەوەی شـار هەڵیانڕشـــتبوونو سووتاندبوویانن • ئەحمەد فائیز زانایێکی گەورەو قازیی زەمانی عوسمانییەکان بووە ، خاوەنی چەنـدین کتێبە کـە گرنگترینیـان «السحر الحـلال»و «کنز اللسن»ن • ئەمـەی دواییـان دوازدە زانسـتی تێدایەو ، بـە دوازدە شێوە دەخوێندرێتەوە ، هێندێکی شەش زمانی تێدا بەکارهاتووەو ، شیعرێکی فارسیو یەکێکی تـورکیو چوار بـەیتی بـە زمـانی ڕوومیو فەڕەنسـەییو کوردی گرتووەتەخۆ • ناوبـراو دوازدە کتێبی بە زمانی عەرەبیو پێنجی بە تورکیو یەکێکی بە فارسی هەیە •


با نووسراوو کاغەزەکانی «مەلا عەلیی مۆرهەڵکەن»یشمان لەبیرنەچێتەوە کە بێ ئاگایانە لەلایەن بنەماڵەکەیەوە سووتێندراون • مامۆستا غەفووری کوڕی مەلا عەلی تەمەنێکی درێژ[illegible] لە پەروەردەو فێرکرندا بەسەربردووەو ، ماوەیەکیش بەڕێوەبـەری پەروەردەی سلێمانی بووە ، ناوبراو بـە منو کاك ئەکرەمی صـاڵحی ڕەشـەی گـوت ـ کە ئـەویش دڵسۆزێـکی کەلەپووری کوردییەو بەدەسـتیەوەیە کتێبێـك لەبارەی مێـژووی شارسـتانەتیی شـاری سلێمانییەوە دابنێ :ـ «مەلا عەلی»ی باوکم زۆر کاغەزی وەکوو هیی بابانەکانی کۆکردبووەوە کـە هێندێـکیانم سـووتاندو وابزانم ئەوانـەیتریشی ماون • پێی گوتـین دەتـوانن بێن بیـانبینن ، ئێمەیش ڕۆژێـکیان چوویـنو ئەویش کاغەزەکانی هێنا ، هەرچییەکی کردەوە لە تاپۆی نوێ بەدەر نەبوو • ئیدی بە

ئیمەی گوت : دیارە ــ جگە لە قەواڵەی تاپۆکان ــ هەموویانم سووتاندوون ، چونکە زۆربوونو ، کە ئیشم بە تاپۆیەك دەبوو ، دەبوایە ماوەیەك لەنێو ئەو نووسراوە کۆنانەدا بۆی بگەڕامایە ، جـا بۆ ئەوەی لەکۆڵی خۆمیان بکەمەوەو لەو سەرەگێژەیە قوتارمبێ ، بڕیاری سووتاندنیانمدا !!

سەیر لەوەدایە کە زۆربەی میرنشینە کوردییەکان هیچ بەڵگەنامەیەکیان دیار نییە ، لەکاتێکـدا هەریەکەیان نەك سەدان بەڵکوو هـەزاران بەڵگەنامەی خـۆیی هەبـووە لەبـارەی ئابـووریو کۆمەڵایـەتیو سـیاسیو کولتـوورو لایەنەکانی ترەوە •


بۆ نموونە ، میرنشینی «بادینان» کە مەڵبەندەکەی شاری «ئامێدی» بووە ، نێزیکەی «٥٠٠ــ٦٠٠» ساڵ درێژەی کێشاوەو ، دەورێکی مێژوویی بینیوە • دیـارە نـەك هـەر لەگـەڵ میرنشینـە کوردییـەکانی تردا ، بەڵـکە لەگـەڵ دەوڵەتەکانی ئـەو سەروەختەی خۆرهـەڵاتی ناوەڕاستدا ، وەکـوو دەوڵەتی «مەمالیك» لە میسر [ قەلقەشـەندی لە لاپـەڕە (٢٨٥)ی بـەرگی حەوتەمی «صبح الاعشی»دا ، دەڵێ] نامـە گۆڕینەوەی هەبووە • بـەڵام کوا بەڵگەنامەو پاشـماوەی نـووسراوی ئـەم میرنشینـە ، چییـان لێ بەسـەرهات ؟! ئەگەر پارێـزرانایە ، سـامانێکی نەتەوایەتیی مەزنمان لەبەردەسـتدا دەبوو و ، زۆر رووی شاردراوەی ئەو کاتەمان بۆ رووندەبووەوە •


پێش ماوەیەك بیری دۆزینەوەی هێندێك بەڵگەنامەی ئەو میرنشینەمان لەلا پەیدابوو ، تا لـە تەمووزی ساڵی ١٩٨٢دا چووین بۆ بەغداو ، ئـەو باسەمان لەلای بەڕێز مامۆسـتا «ئیحسان موفتی» وەکیلی وەزیری ئەوقـاف کردەوەو تێمان گەیاند ، چونکە خۆی یەکێکە لە بنەماڵەی «موفتیی ئامێدی» • پێی گوتین : ئەندازەیەکی باش لەو بەڵگەنامانە لەلای «محەمەد شوکری»ی مامم ــ موفتیی ئامێدی ــ بوو لەنێو گوێنییەکدا ، کتێبە دەستنووسەکانی قوتابخانەی «قوبەهان» ساڵی ١٩٧٥ دراون بە نامەخانەی دەزگای شوێنەوار • گوتمان پێویستە بچیە



بەڵگەنامەی (٣)

وەقفنامەیەکی سوڵتان حسێنی میری بەهدینان لە سەدەی شازدەیەمدا لەگەڵ مۆرەکەیدا ، لە بەڵگەنامەکانی مەدرەسەی (قبهان)ە کە لە نامەخانەی (المؤسسة العامة للاثار والتراث)دایە ،


بسم الله الرحمن الرحيم



بەڵگەنامەی (٤)

وەقفنامەیەکی قوبادخانی میری بەهدینان لە سەدەی حەڤدەهەمدا لەگەڵ مۆرو ئیمزای‌و ناوی بڕێك لە زاناو بازرگان‌و گەورەکان •

دانە ئەسڵی‌یەکەی لە نامەخانەی (المؤسسة العامة للآثار والتراث)دایە •

- نامەخانەکەو سۆراخێکی ئەو دەستنووسانە بکەی ٠ تا مانگی شوباتی رابردوو لەگەڵ دوو برادەری‌تردا - کاك مەحموود ئەحمەدو کاك موحسین حسێن - چووین بۆ پشکنینیانو نێزیکەی دە رۆژ دەورو خولمان دا ، چەند بەڵگەنامەیەکمان بەردەست کەوت کە پێوەندیان بەو قوتابخانەیەوە هەبوو ، ئەویش لە چەند وەقفنامەیەك بەولاوە چی‌دیکە نەبوو ٠ ئیتر نە کاغەزو نە فەرمانی میرایەتی هیچمان دەستگیر نەبوو ٠ شایانی باسە کە قوبەهان یەکێك بووە لە قوتابخانە گەورەکانی کوردستانو ، میرەکانی بادینان سەرپەرشتییان کردووەو ، پاش ئەوانیش کەوتووەتە بەر چاودێریی دەوڵەتی عوسمانییەوە ٠

کە لە کاك «أسامە نقشبندی»ی بەڕێوەبەری بەشی دەستنووسمان دەپرسی ، پێی‌دەگوتین : «هیچ بەڵگەنامەیەکی ئەو میرنشینەمان نەکەوتووەتە لا» ، بەڵام من باوەڕم نەکردو باوەڕیشی ناکەم ٠ دوای ئەو دە رۆژ ماندووبوونەمان ، منو کاك أسامە و کاك موحسین ویستمان هێندێك لەو شتانەی کە لەسەر ئەو دەستنووسانە دۆزیبوومانەوە بە « میکروفیلم » وێنەیان بگرینەوە ، کەچی دڵتەنگیو خەفەت سەریان‌تێ‌کردمو لە ساڵۆنی دەزگاکەدا گریانم‌هات ، ناچار وەستامو لەشەرماندا رووم‌کردە دیوارەکە : کە «أسامە» بەو حاڵەوە دیتمی پێی‌گوتم : «ليش تبچي زعلت مني ؟!» وای‌دەزانی لەو زویربووم ، گوتم نەخێر ، بەڵکوو بۆ تێداچوونی گەنجینەکانمان خەمبارم ، کە یا هیچیان نەماوە یان سووتێندراونو فڕێ‌دراونو ، هاتووینە سەر سفر ٠ نازانین ئەو گوێنییە بەڵگەنامەیە سووتا ، دزرا ، مشك خواردی ، چییان لێ بەسەرهات ؟ ! چۆن ڕێی‌تێ‌دەچێ میرایەتییەك سەدان ساڵ حوکمڕانیی بکاو هیچ بەڵگەنامەیەکی دیار نەبێ ؟! ٠

پاش گەڕانەوەمان لە بەغدا ، لەلایەکی‌تریشەوە زانیمان کە هەر ئەو بەڵگەنامانە کەوتوونە هەمان نامەخانەو ، کیسە خامەکەیان لەوێ بیندراوەو ، خوالێخۆشبوو «محەمەد شوکریی موفتی» گوتوویە : خۆم داومە بە نامەخانەی

دەزگای شوێنەوار • نامەیەکیشمان بە مێژووی ٥/٤/١٩٨٣ بۆ «أسامە» نووسیو تێیدا گوتوومانە : دەبێ بە هەر شێوەیەك بێ ئەو بەڵگەنامانە دیاربکەونەوەو ، دانیش بەوەدا بنێن کە لەلاتانن ، خۆ ئەگەر بشڵێن لەلامان نین ئەوا دزراونو دەشێ ئەو دزییەش ئاشکرابکەن ، دەنا لە رۆژنامەدا لەم بارەیەوە لەسەرتان دەنووسین • بەش بەحاڵی خۆمان وازناهێنینو دڵنیاین گەیشتوونە ئەم دەزگایەو ، تا رادەی گریان رەنجمان لەگەڵیاندا کێشاوە •


لە ساڵی ١٩٨٣دا ئەندازەیێکی زۆر لە بەڵگەنامە کۆنەکانی سەردەمی عوسمانیو ئینگلیزو شێخمەحموود لەلایەن شارەوانیی سلێمانییەوە سووتێنران ، ئێمەیش برووسکەیەکی «پرسەوسەرخۆشی»مان لەسەر ئەم کارەساتە نارد بۆ مەڵبەندی نیشتمانیی بەڵگەنامە «المركز الوطني للوثائق» لەگەڵ سێ نامەدا ، بۆئەوەی کە نەهێڵن ئەم بەسەرهاتە لە هیچ فەرمانگەو دەزگایەکیتردا رووبداتەوە ، چونکە یاسای لەنێوبردنو سووتاندنی نووسراوی فەرمانگەکان کەموکورِیی تێدایەو دەکرێ چارەسەری بۆ دابینبکرێ • هەروەها نامەمان بۆ هێندێك برادەری رووناکبیر لە کۆیەو دهۆکو هەولێرو شەقڵاوەو زاخۆو رەواندزو شێخان ــ نووسی تاکوو بەم کارەساتانە بزانن و گرنگیی بە مەسەلەی بەڵگەنامە بدەنو ، بتوانن جۆرە هۆشیارییەك لەنێو فەرمانبەرەکاندا بڵاوبکەنەوە • هەر فەرمانگە (دائیرە)یێك بەتەمای لەناوبردنی نووسراوە با لەپێشەوە «مەڵبەندی بەڵگەنامە» ئاگادار بکاتەوە ، بەڵکوو ئەو بەڵگەنامانەی کە بەکەڵکی مێژوونووسو لێکۆڵەرەوەکان دێن جویبکرێنەوەو بپارێزرێن • سوپاسی مامۆستایان تاهیر ئەحمەد حەوێزیی خاوەنی کتێبی «مێژووی کۆیە» و مەجید ئاسنگەر دەکەین کە بۆ هۆشیارکردنەوەی فەرمانبەران بە فەرمانگەکانی کۆیەدا گەرِابوون •

دەبێ لەوەیش بەئاگابین کە هیچ دانەرو توێژەرەوەیێك بەبێ داخوازنامە «عەریزە» ناتوانێ بچێتە «المركز الوطني للوثائق» • دیارە ئەو رێورەسمەیش نیشانەی بەرزیو بایەخی بەڵگەنامەیە •

لەڕۆژی (٢٩/١١/١٩٨٢)دا گلەیی نامەیێکمان بۆ مەڵبەندی بەڵگەنامە نووسی و تێیدا چەند ڕەخنەیەکمان لە مەڵبەندەکەیان گرتووە ، بۆمان نووسیون کە نابێ سەبارەت بە بەڵگەنامە چنۆکیی زانستی (البخل العلمي) بەکاربێنن و ، پێویستە مەڵبەندەکەتان لە هەموو پارێزگەیێکدا لقی هەبێ و ، بەڵگەنامەکانیش وێنەیان لەبەر بگیرێتەوەو لە لقەکاندا دابندرێن ، بۆئەوەی سوودیان لێ وەربگیردرێ نەك لە بەغدادا دەستیان بەسەردابگیرێ و قەتیس بکرێن . ئەمەو چەند خاڵێکی دیکە لەلایەن ئەوانەوە پەسند کران . دیسان چۆنیەتیی فەوتانی چەندین کۆمەڵە بەڵگەنامەی وەك هیی کەریمی فەتاح بەگ و شێخ فەرەجی بانی بنۆکمان بۆ ڕوون کردنەوەو لێیانمان حاڵی کردن .

لەلایەن خۆمانەوە، پڕبەدڵ سوپاسی ئەو گیانە زانستپەروەرەیان دەکەین، بەتایبەت هیی مامۆستا «سالم الآلوسي»ی ئەمینداری گشتیی ئەو مەڵبەندە . لەباتیی ئەوە کە بە نامە توندوتیژەکەمان زویر و تووڕە ببن ، سەرنجەکانمانیان بەرز نرخاندبوو و ، دابوویشیان بە چەند کەسێك وێنەی لەبەردابگرنەوە . سەرەڕای ئەوە ، لە ڕۆژنامەی «العراق»ی ڕۆژی (١٢/٣/١٩٨٣)دا نامەکەی ئێمە (ئەگەرچی هێندێکی بوو)و ئەو وەڵامەنامەیەی خۆیشیان بڵاوکردەوە کە بۆمانیان ناردبووەوە .

باوەڕمان وایە ئەگەر ئەو نامەیەمان بۆ دەزگایێکی کولتووریی کوردی یان بۆ برێك گەورەکەسی لەمەڕ خۆمان کە خۆ بە خوێندەواری باڵا دەزانن ـ ناردبایە ئەوە هەر زوو لەت و کوتیان دەکردو تەواویش دڵگران دەبوون . گیروگرفتی کەنەپوورمان بە هێندێك کەس چارەسەرناکرێ ، بەڵکوو وەك پرۆژەیەکی پەلەو مەبەستی ئەم سەردەمە پێویستی بە هەرەوەز هەیە . واتە هەر دڵسۆزەو لە شوێنی خۆیەوە باسکی لێ هەڵبکاو دەست بەکاربێ ، چونکە مەیدانەکە لەخۆیدا چڕو پڕو بەربڵاوەو ڕەنجێکی بەردەوام و فرەی پێ دەوێ . ئێمە لە دەستەڵاتماندا نییە بە تاقی تەنێ و بە سێ‌چوار ساڵ هەر



بەڵگەنامەی (٥)

نامەی شێخ مەحموودی نەمر بۆ سید محەممەدی جەباری کە تێکۆشەرو دڵسۆزێکی کورد بووەو ساڵی ١٣٥٤ی کۆچی = ١٩٣٥ - ١٩٣٦ی زایینی کۆچی دوایی کردووە ٠ نامەکەش بە مێژووی (١٩٣٠/٦/١٦ )یە شێخ داوای لێ دەکا کە مەزبەتە بدەنە مەندوبی سامی بەریتانی لە عێراق بۆ مافی کورد ٠

شاری سلێمانی بشکێنین ، ئەدی شارەکانی دی چی لێ بکەین و بۆ کێیان بەجێ بهێڵین ؟! .

بۆ نموونە ، یازدە جار لە گەرمای هاوینی ساڵی (١٩٨١)دا ، لە وەخت و ناوەختدا ، چووینە بەر دەرگای ماڵی نەوەیەکی شێخ مەحموود ، کەچی هەر خۆیی لێمان دەدزیەوەو دەسخەڕۆی دەکردین ، بۆیە هیچمان لێی دەستگیر نەبوو . سەرەنجامیش دەستی نا بە رووماندەوەو ، پێی گوتین برام دەڵێ جارێ کاتی ئەو شتانە نەهاتووە !! ، پێمان گوت : باشە ، ئەی چیتان لە بەڵگەنامەکانی - شێخ مەحموود - کرد ؟ ، بە نموونە نووسراوێکی ڕەسمیی - وکمداریتیی شێخ هەیە بە نمرەی -١٨٣- ، ئایا نووسراوەکانی پێش ئەوو دوای ئەو وەك ژمارە -١٨٢- و -١٨٤- ... هتد لە لاتان ماون یا نە ؟ مەگەر چەند کاغەزێکتان لەلا مابێ یان نەمابێ کە ئەوانیش ئەوەندە گرنگ نین وەك لە پێشدا پێشانی منت داو بەڵێنت دا استنساخیان بکەن .

ئایا ئەوە بەڵگەنامەی شێخ مەحموود نەبوون کە خەڵکی دەیان کردن بە سیغارو ، بەقاڵەکانیش لەسەر عەرەبانە قەزوانی سوێرو حەڵواو مەسکەتیان لەسەر دادەنان ، هەروەك خوالێخۆشبوو «مەلا محەمەدی مەحوی» پێی گوتین : ئەوەم بە چاوی خۆم دیوەو کەسانی تریش بۆیان گێڕاومەتەوە .

لەدواییدا بە نەوەکەی شێخ مەحموودمان گوت : ئەگەر پۆلیسمان بەدەستەوە دەبوو ، بە زۆری زۆردارەکی ئەو بەڵگەنامانەمان لێ دەستاندیەوەو پێمان پەیدادەکردیەوە ، چونکە بە ملکی میللەتیان دەزانین .

رامانوایە ئەگەر یەکێك ئەو جۆرە نووسراوانەی لەکن بوو و حەشاری دان و بۆ خۆیشی نیازی بڵاوکردنەوەیانی نەبوو ، دەبێ بە زۆر لێی بسەندرێ و دانەیان لەبەردا بگیرێتەوە ، چونکە مانەوەی دەستنووس بە یەك دانە لەسەردا حەفتای ئەنجامەکەی تێداچوونە . بۆیە پێویستە هەموو دەستنووسێك بە چەندین دانە هەبێ ، بە یەك دانەیی و مانەوەیان لەلای یەك

کەس خیانەتێکی نیشتمانییە ، چونکە ئەگەر – خوا نەخواستە – ئاگر لە ماڵی ئەو جۆرە بەرچاوتەنگانە بەربوو ئەوا زیان لە گەلو مێژووی گەل دەکەوێ • زۆر شتی نایابمان کە لەلای ئەو رژدانە هەڵگیراون بەجارێ سەریان کراوە بە بنی گۆمدا !! •

خوێندەواری بەرێز ، ئەو چەندین نموونە راستەقینەیەی هێنامانەوە ، پیشانمان دەدەن کە چۆن زۆر بە بێ پەروایی‌و بێباکییەوە کەلەپووری بەڵگەنامەمان فەوتانو دەفەوتێنو ، ئەم کارەساتەیش ئاشکرا بە بەرچاوی ئەو نووسەرە کوردانەوە رووی‌داوەو روودەدا کە بیرو هۆشیان وشکایی‌داهاتووەو هەموو هێزو ئەندێشەیەکیان بۆ شیعرو چیرۆکی سەردەم تەرخان کردووە • ئێمە ئاوڕنەدانەوە لە کەلەپووری پێشینانو خۆخواردنەوە لەم بوارەدا بە خۆدزینەوە لە رەسەنایەتیی کوردی دەزانین ! • ئەگەر پێشووەکانمان هەستی مێژوونووسینیان نەبووبێو بیریان لێ نەکردبێتەوە ، ئیتر بۆچی دەبێ ئێمەیش لە سەدەی بیستەمدا بە هەمان رێبازی چەوتدا مل بنێین • دەبوایە ئەو کەلەپوورەی کە لە پەنابەستووەکاندا کەڵەکەکرابوو پچکێکیمان بە فیڕۆو خەسارنەدایە ، کەچی وا تازەبەتازە زیندەبەچاڵیان دەکەینو دەیانسووتێنین !!

ئەی دڵسۆزانی کەلەپووری کوردی ، نابێ چاوەڕوانی ئەوە بین کە برا دراوسێیەکانمان یان خۆرهەڵاتناسەکان بێنو کەلەپوورە جۆراوجۆرەکەمان کۆبکەنەوە ، یان پەلپی ئەوە بگرین کە فەرمانگەیەکی میری ئەم کارە رابپەڕێنێ • دەبێ بپرسین بۆچی «بەڕێوەبەرێتیی پاراستنی بەڵگەنامە» ئەم ئەرکەمان بۆ بەجێ بهێنێو، لەولایشەوە کۆڕی زانیاریی عێراق –دەستەی کوردو دەزگا کولتوورییەکانی دیکەمان گوێی خۆیانی لێ بخەوێنن ؟! ••

جارێکی تر پێ لەسەر ئەوە دادەگرینەوە کە پرۆژەی کۆکردنەوەی بەڵگەنامە کارێکی هەرە پێویستو پەلەی ئەمڕۆیەو ، دەبێ بە کۆمەڵو تاکەتاکەیش هەموو کەنارو ناوچەیەکی کوردستان بپشکنین • بنەماڵەی شێخو


مەلاو بەگ و ئاغاو دەوڵەمەندو کۆنەفەرمانبەر بەشێکی زۆری ئەم بەڵگەنامانەیان لەلایەو ، هەرچی بێدەستەڵات و هەژارانیشن - ئەم سامانەیان لەکن دەست ناکەوێ ، چونکە - بە نموونە - کاربەدەستە عوسمانییەکان یان ئینگلیزە داگیرکەرەکان و داروودەستەیان هیچ کاتێك رازونیازو نامەکارییان لەگەڵ رەنجبەران و جووتیاران و خەڵکی رەشۆکیدا نەکردووە .

مەبەستمان کۆکردنەوەی ئەو بەڵگەنامە پەرشوبڵاوانەیە کە نەکەوتوونە مۆزەخانەو کتێبخانەی هەندەران ، یان لە شوێنێکی وەك «المركز الوطني للوثائق في العراق»دا نەپارێزراون . ئەوەی لەو شوێنانەدا هەن بوونەتە ملکی مێژوو ، ئێستاش و لەمەولاش مرۆڤ دەتوانێ سوودیان لێوەربگرێ .

دەبینین هێندێك کەس جاروبار بەشان و باڵی خۆیاندا هەڵدەدەن کە لە نامەخانەکانی دەرەوەدا دەستیان بۆ برێك بەڵگەنامەی لەسەر کورد درێژ کردووە ، بەتایبەت پاش خوێندنەوەیان . ئەم کارەش جێی سوپاسەو شتێکی باشە ، بەڵام ئەو بەڵگەنامانە زۆربەیان جیاوازن لەوانەی کە ئێمە باسیان لێوە دەکەین و بە پرژوبڵاوی ماونەوە ، چونکە ئەوانە برێتین لە راپۆرتی قونسوڵ و سەربازیی چەند دەوڵەتێکی بێگانە ، یان برێتین لە راپۆرت و نووسینی خۆرهەڵاتناسەکان و چەند گوتارێکی گۆڤارو رۆژنامەکان . لەو برادەرانە دەپرسین : ئایا بەڵگەنامە هەر ئەو بەردەستانەن کە لە نامەخانەکانی هەندەراندا هەن ؟ . تۆبڵێی کوردستان هیچیوای تێدا نەبووبێ تا رۆژێك بیریان لە رزگارکردن و بەدەستهێنانی بکردایەتەوەو کەمێك رەنجیان بۆ بکێشایە . کارێکی ناڕەوایە ئێمە هەر خۆمان بەو شتانەوە ببەستینەوە کە بێگانەکان دەستنیشانیان کردوون ، ئیتر پاڵی لێبدەینەوەو تەقەلا نەدەین . ئێمە لە هەموو کاتێکدا خۆ بە خاوەنی ئەم مەسەلە پیرۆزە دەزانین و نابێ سستیی لێبکەین .

لە دوادواییی ئەم باسەدا ئەوە دووپاتدەکەینەوە کە ئەگەر نیازمان


کۆکردنەوەو دەستخستنی بەڵگەنامە بێ ، دەبێ کۆڵنەدەینو ئەوەندە دڵناسك نەبین زووبەزوو وازبهێنین ، بەڵکوو پێویستە بە تێگەیاندنو ئامۆژگاری کردنێکی هێمنانەوە نێوان لەگەڵ ئەو کەسانەدا پەیدابکەین کە دەستنووسیان لەکنە ، بۆئەوەی قایلیان بکەین بیدەنە لامانو وێنەیان لێبگرینەوە • خۆ ئەگەر هەر زۆر گیریش بوون دەتوانین ئەوەندە کاریان تێبکەین کە ئەو بەڵگەنامانەیان لەلا شیرین بێو نەیانفەوتێنن • بە نموونە ، ئەگەر ئێمەی نووسەر کاتی خۆی چەند جارێك پێوەندیمان بە کوڕو نەوەی «کەریمی فەتاح بەگ»و «شێخ فەرەجی بانی بنۆك»ەوە بکردایە ئەو پڕکێشییەیان نەدەکردو ، ئەو هەموو بەڵگەنامانەیان نەدەسووتاند • بۆیە دووپاتی دەکەینەوە کە پەیداکردنی ئاگاو هۆشیاری لە نێو خەڵکدا دەورێکی گرنگی لە پاراستنی کەلەپووری بەڵگەنامەدا دەبێو تاڕادەیێکی باش چاری ئەم بارودۆخە نالەبارە دەکا •



بەڵگەنامەی (٦)


ئەمری تەعیین کردنی مەلا ئەمینی کوڕی مەلا ئەحمەدی چاومار بە موفتی سلێمانی لە دوای موفتی سید محەممەدی بەرزنجی •

مەلا ئەمین لە ساڵی (١٣١٥ك = ١٨٩٧ – ١٨٩٨ز)دا کۆچی دوایی کردووە •



بەڵگەنامەی (٧)


قەواڵەیەك دەربارەی كارێزی (حاجی ئەحان)ە لە سلێمانی



بەلگەنامەی (٨)


نامەیەکی شێخ سەراج‌الدین (عثمان)ی تەوێڵە بۆ مەلا عەلی

لە سەدەی نۆزدەیەمدا •




بەڵگەنامەی ٩

نامەیێکی شێخ علاءالدینی بیارە بۆ شێخ لەتیفی دانساز لە سلێمانی .



بەڵگەنامەی (١٠)

فەرمانێکی عوسمانی دەربارەی تەکیەی شێخ باقی لە کەرکووك .



بەڵگەنامەی (١١)

ئیجازەنامەی مەلا یحیی‌ی مزوری بۆ مەلا ئەحمەدی ئۆمەر گومبەتی ناوچەی کۆیە.سنجق بە مێژووی مانگی ذی‌الحجەی ١٢٤٥ (= ١٨٢٩ - ١٨٣٠ز) .

دانەی ئەصلی لە نامەخانەی خوالێخۆشبوو، مەلا عومەری ئۆمەر گومبەتی دایە لە کەرکووك .



بەڵگەنامەی (١٢)

بە گوێرەی ئـەم فەرمانە عوسمانی‌یە خـەڵاتی (مجیدی) دراوە بە عەلی حکمت‌افندی کە لە باشترین ئالمەکانی کەرکووك بووە •
مێژووی فەرمانەکە ١٣٣٥ (= ١٩١٦ – ١٩١٧ز)یە •

# پیرەوەریی بەساڵداچوان

کۆکردنەوەی ئەو زانیارییە گرنگانەی کە لەبیری پیرو دنیادیوەکاندا هەن‌و قوتارکردنیان لە فەوتان، کارێکی گەلێک پێویستەو ئەوپەڕی گورج‌و گۆڵیی پێ دەوێ. لەڕێی جێبەجێکردنی ئەم کارەوە، لە رووداوە سیاسییەکان‌و نەهێنییەکانی، جۆری خەباتی گەل‌و کەرەستەو شێوەکانی، ژیانی کۆمەڵایەتیی ئەو قۆناخەو جاری‌وا هەیە قۆناخێکی پێشتریش لە سەردەمی ژینی پیران‌و، بەرگ‌پۆشین‌و هۆیەکانی گواستنەوە ـ حاڵی‌دەبین. جگەلەوە ئاگاداری شێوازی ئیش‌و کاری تاکەکەسی‌و بە کۆمەڵ دەبین، هەر لە پیشەی ئاسنگەری‌و دارتاشی‌و بەنایی‌و چەخماخسازییەوە بگرە تا دەگا بە کشتوکاڵ‌و ئامێرەکانی بەرهەمهێنان. هەروەها دەتوانین بەهۆی ئەو بەساڵداچوانەوە چیرۆک‌و ئەفسانەو داستان‌و گۆرانی‌و مۆسیقا، تۆماربکەین کە وەختی خۆی بۆیان گێڕدراوەتەوەو زانیویانن‌و لەیادیاندا جێگربوون. سەرەڕای بابەتەکانی ستێرناسی «فلکیات» و کەشناسی «الانواء الجویە»و پزیشکی‌و چەشنەکانی راووشکارو زۆر شتی‌تری بەنرخ کە نابێ لەدەستمان دەرچن.

ئەگەر چاوێك بە مێژووی گەلەکەماندا بخشێنین، دەبینین خۆرهەڵاتناسە بێگانەکان زۆر زانیارییان لەسەر کورد لە دێرزەمانەوە تا کۆتاییی سەدەی نۆزدەیەم ـ نووسیوەتەوەو دەکرێ سوودیان لێ‌وەربگرین. بەڵام زۆربەی زانیارییەکانی ئەم نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمە پشت‌گوێ‌خراون‌و، لە هێندێك جێگادا نەبێ باسیان‌لێ‌نەکراوە، بۆیە هیچێکی ئەوتۆیان لەبارەوە نازانین. گەلێك کارەسات‌و رووداوی گرنگ‌و ناودارو قارەمانمان هەن تاکوو ئێستا نەخراونەتە سەر کاغەز. خۆ ئەگەر ناویشیان هاتبێتە ناو ناوانەوە ئەوە

زۆر کورت‌و ناتەواو لێیان دواون ، لەکاتێکدا هیی‌وایان تێدایە هەڵدەگرێ کتێبی سەربەخۆی لەسەر بنووسرێ • بە نموونە ، «فەرزەندە»ی رێبەری جوولانەوەی زیلان ، «شێخ میرزۆ» کە یەکێك بووە لە سەرۆکەکانی ئێزدیانی غەرزان • «شێخ عەبدوڕڕەحمان»ی گارسی کە کادیرێکی چالاکی «خۆیبوون» بووەو بە نوێنەریی ئەو رێکخراوە هاتووەتە لای شێخ مەحموودو ، لە ترسی تورکەکان چووەتە دیوی سووریا • ناوبراو لە شۆڕشی ساڵی ۱۹۲۵دا بەشداریی کردووەو ، لەنێوان سووریاو تورکیاو عێراقدا هاتووچۆی هەبووە ، تا کاتێك لەگەڵ کۆمەڵە کەسانێکدا بۆ کۆمەکی شۆڕشەکەی «ئاگری داغ» دەچوون لە ناوچەی بۆتانی ژوورووودا شەهید کراوە • ئەم خەباتکارە بەناسراوە هیچێکی‌وای لەسەر نەنووسراوە ، ئەوەنەبێ کە جارێکیان لە ساڵی ۱۹۷۷-۱۹۷۸دا رۆژنامەیەکی تورکی وێنەکەیی‌و چەند دێڕێکی لەبارەوە بڵاوکردەوە •

سەرباری ئەوانە ، ئێمە هێشتا زانیارییەکی زۆر کەممان لەبابەت بزووتنەوەو راپەڕین‌و شۆڕشەکانی کوردەوە هەیە ، بەڕادەیەك هێندێکیان کەمتر بیستراون ، وەك راپەڕینی ساڵی ۱۹۱۳ی بتلیس بە سەرکردایەتیی کوڕەکانی غەوسی هیزان «شێخ شەهابەددین‌و سەید عەلی‌و محەمەد شیرین»و ، راپەڕینی زیلان لە باکووری خۆرهەڵاتی گۆلی وان کە بە ئاگرو ئاسن دامرکێندرایەوە • زۆربەی شۆڕشەکانی‌دیکەی کوردستانی تورکیاو کۆماری مەهابادی ساڵی ۱۹٤٦و جوولانەوەی پشتکۆ بە فەرماندەیی «قەدەم خێر»و دەیان رووداوی مێژوویی لەم چەشنە ، پێویستییان بە ساغ کردنەوەو لێکۆڵینەوەی قووڵ‌و زانستانە هەیە ، بەتایبەت کۆماری مەهاباد کە جۆرە وەرچەرخان (انعطافة)و قەڵەمبازێك بوو لە مێژووی کورددا‌و گەلەکەمانی خستە بەردەم ئەزموون «تجربة»یێکی نوێ‌و گرنگەوە •

جێی گوتنە کە مامۆستای مێژوونووس «ئەحمەد خواجە» لە سێ بەرگداو

بە ناوی «چیم دی»یەوە بەشێکی زۆری لە شۆڕشەکانی شێخ مەحموود تۆمار کردووەو بەگشتی هەڵی سەنگاندوون • مامۆستا خۆی ئاگای لەو رووداوانە بووەو ئاشنای شێخی گەورە بووە ، بەڵام ئەگەر بیدوێنیو باسی ئەو سەردەمەت بۆ بکا ، بۆت دەردەکەوێ کە گەلێك زانیاریی تری لەکن ماوەو تا ئێستا نەینووسیونەوە • مامۆستا «کەریم زەند»یش بەهۆی بەشداربوونیەوە لە کۆماری مەهابادا ، بیرەوەرییەکی یەکجار فرەی لەو رووەوە هەیەو ، قسەکانی ئەوە پێشان دەدەن کە هێشتا ئەوەندە لەسەر ئەو دەورە نەنووسراوە •

لێکۆڵەرەوەو مێژوونووسە عەرەبەکان سەدان گوتارو نێزیکەی بیست کتێبیان لەبارەی شۆڕشی بیستەوە (١٩٢٠) نووسیوەو ، تەنانەت کراویشە بە فلیمی سینەمایی • بەڵام ئێمە شتێکی ئەوتۆمان لەو کارەساتو راپەڕینانە سەر کاغەز نەخستووە کە ئەو کاتە لە کوردستان ، لە خانەقینو توزخورماتوو و هەڵەبجەو سەید سادقو کۆیەو رەواندزو شوێنانی تردا ـ لە دژی ئینگلیزە داگیرکەرەکان بەرپاکران •

جووڵانەوەی رەواندز جێگەیێکی دیاری لەنێو ئەو رووداوانەدا هەیە • هێزی کوردانی رەواندز تا گەیشتنە دەوروبەری هەولێر بۆ ئازادکردنی ، لە هاوینی (١٩٢٢)دا شەڕێکی گەورەی لە دەربەندی رانیەدا کرد کە بووە هۆی دەرپەڕاندنی ئینگلیز لە رانیەو کۆیە • هەمان هێز هاتە (قەمچوغە)ی نێزیك سلێمانیو توانیی مل بە ئینگلیز شۆڕبکاو ، ناچاری کرد شێخ مەحموود لە هیندستانەوە بهێنێتەوە • ئەو کاتە رەواندز بووبووە بنکەی جووڵانەوەی نەتەوایەتیی کوردو پەناگەی کوردە دەرکراوەکانی ناوچەکانی تر ، کە لەترسی ئینگلیز ناوچەکانی خۆیانیان چۆڵکردبوو ، وەك (غەفوورخانی ناودەشتی»و «سەید محەمەدی جەباری»و «کەریمی فەتاح بەگی هەمەوەندی»و ••• هتد • خوالێخۆشبوو «ئەحمەد تەقی» لە کتێبۆلکەی «خەباتی گەلی کورد لە یادداشتەکانی ئەحمەد تەقیدا» زۆری لەسەر ئەو جمووجۆڵانە نووسیوەو ،

نرخی نووسینەکەیشی لەوەدایە کە خۆی هاوبەشی تێدا کردوون . لەگەڵ ئەوەشدا ئەو قۆناخە شایانی گەلێك تۆژینەوەو بەسەرکردنەوەیە ، چونکە بەپێی بیرەوەرییەکانی «ئەحمەدی حەمەئاغای پشدەری»و «عەلی باویل ئاغا» زۆر زانیاریی دیکە هەن باسیان لێ نەکراوە ، ئەمەی یەکەمیان نوێنەری پشدەر بووە لەو جووڵانەوەیەداو دووەمیشیان برای «نووری باویل ئاغا»یە کە یەکێك بووە لە هەرە بەناوبانگترین سەرکردەکانی جووڵانەوەی رەواندزو هەتا ئینگلیزەکان خۆیشیان زۆر باسی دلێری و ئازایەتییان کردووە [تەماشای «سنتان في کردستان»ی «هێی»و ، «طریق في کردستان»ی «هاملتون» ، بکە] .

دەبێ چ گلەییەك لە نووسەران و مێژوونووسانی عەرەب بکەین کە هیچ باسی رووداوەکانی ئەو سەردەمەی کوردستانیان نەکردووە . ئێمە ئەگەر بەتەنگ خۆمانەوە نەیێین و دەست بەکار نەبین ، باوەڕ بفەرموون کەس فریامان ناکەوێ و دەسخەڕۆ دەمێنینەوە ، چونکە ئەوی بەتەمای کاسەی ماڵەدراوسێ بێ بێ‌شێو سەردەنێتەوە ! . مادامێکی ئەو مێژووە هی خۆمانە ، دەبێ خۆمان بینووسینەوەو ، هەوڵی پێوەندی‌کردن بەو پیرەمێردانەوە بدەین کە راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ هاوبەشی بەسەرهاتەکان بوون . باشە دوکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد پێی‌دەکرێ قسەی پیرەمێردێکی عەرەبی خەڵکی سەماوە («حاجی عبد جرجان»ی ناو باسە مەیدانییەکەی «ثورة العشرین»ی «رجاء احمد»ی خوێندکار) وەربگرێ و بیخاتە نێو کتێبە لەڕاستی لادەرەکەیەوە ـ «دور الشعب الکردي في ثورة العشرین/ل۹۳» بەڵام لە بیرەوەریی پیرەمێردە کوردەکانمان رانابینێ وەکوو بەڵگەی مێژوویی بۆ سەلماندنی زۆر بیروڕاو بۆچوون ـ یان هێنێتەوەو پشت گوێیان دەخا . ئەم گوتەیەی دوایشمان لە بیرتەسکی و دەمارگرییەکی کوێرانەی نەتەوەپەرستییەوە نەهاتووە ، بەڵکە نیشانەی راستی‌پەروەری و پەی‌بردنمانە بەو کەلێنە گەورەیەی کە لەم کتێبەدا هەیە . بەڵێ ، دوکتۆر کەمال دەیتوانی ناوچەکانی کوردستان بگەڕێ و ، تەنانەت زۆر

زانیاری لەو کەسانەوە بەگیربخا کە بەشداری چالاکییەکانی ئەودەمە بوون ، بەوە هەم نووسینەکەی تۆکمەو زانستی دەبوو و هەم ئەو زانیاریانەشی لە فەوتان دەربازدەکردو مێژووی نوێی کوردی دەوڵەمەنددەکرد .

وەکوو ئاگادارین دوکتۆر کەمال لە نزیکەی دوازدە ساڵ لەمەوبەرەوە دەستی بە نووسینی بابەتەکەی کردووەو ، ئەوسا بە شێوەی گوتار لە ژمارەی رۆژی یەکی تەمووزی ساڵی ١٩٧٠ی رۆژنامەی «التآخي»دا بلاوی کردەوەو ، لەو کاتەدا زۆر کەس لەوانە مابوون کەدەورێکی کاریگەریان لەرووداوەکانی ساڵی ١٩٢٠و ساڵانی پێش و پاشیدا گێرابوو ، وەکوو شەڕی دەربەندی رانیەو شەڕەکانی لای حەریرو باتاس و شەڕەکانی شێخ مەحموود . بگرە هێی وەهایان تێدابوو کە لە «شعیبە»دا شەڕی ئینگلیزەکانو ، لە بەرەی پێنجوێن و بانەو سەقزو بۆکانو رەواندزدا شەڕی رووسەکانی کردبوو . کێ لەم ناوەدا گوناحبارو کەمتەرخەمە ؟! . بۆچی دەبێ دوکتۆرو کەسانی دیکەیش هەر چاوەڕوانی ئەوە بن خەڵکیتر ـ وەك فازڵ کەریم خانەقینی ـ ئەم ئەرکەیان بۆ جێبەجێ بکەنو کەرەستەی خاوو پرژوبلاویان بۆ کۆبکەنەوەو ئەوانیش خەریکی راگوێزتنی زانیاریی نێو کتێب و گۆڤارو رۆژنامەکان بن و بیرێك لەم مەسەلەیە نەکەنەوە ؟ .

بەداخەوە گەلێك لەوانەی شەڕی «دەربەندی بازیان»و «ئاوباریك»یان بینیوەو ، شانبەشانی کەریمی فەتاح بەگ و سەید محەمەدی جەباری و شێخ قەرەجی بانی بنۆك و مەحموودخانی دزلی خەباتیان کردووە ، کۆچی دوایییان کردووەو تاك و تەرایەکیان ماون . لەوانە ئەحمەدی حەمەئاغاو نامیقی حسێن ئاغای هەمەوەندی کە هەردووکیان لە ڕۆژی (١٩٢٢/٦/١٨)دا ئەفسەرێك و «کەریم بەگ»یش ئەفسەرێکیتری ئینگلیزی لە بازیان کوشتووەو ، بە جووتە لەگەڵ کەریم بەگدا چوونەتە سەر ئاوی سیروانو ، لە «کفری»یش زیانێکی قورسیان لە ئینگلیز داوەو ، پاشان روویان کردووەتە رەواندزو لەگەڵ

هێزی ڕەواندزو سەید محەمەدی جەباریدا بەشداریی شەڕی ڕانیەیان کردووە • هەروەها کەسانێکی وەکوو حاجی حەسەنی کوێخا حەمەدەمین‌و ئیسماعیل عوزەیری لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا لەگەڵ شێخ مەحموودا لە بەرەی سەقزو بۆکان شەڕیان لەدژی رووسەکان کردووەو ، هەتاکوو مەدالیای ئازایەتیشیان لە عوسمانییەکانەوە پێ بەخشراوە •

بۆ پتر دەرخستنی بایەخی بیرەوەریی ئەوانەی لەو قۆناخە گرنگ‌و ناسکەی میللەتەکەماندا ژیاون ، نموونەیەکی‌ترتان دەخەینە بەرچاو • کاتێك بیرەوەرییەکانی «حەمەدەمین»ی «کۆیی»مان تۆمارەکرد ، سەرەداوی باسێکی نوێی لەلا کردینەوەو ، گوتی : من‌و سێ کەسی‌دی لە لەشکری «لیڤی»دا بووین ، لەگەڵ «هێی»ی حاکمی سیاسیی ئینگلیزدا چووین بۆ لای «صالح بەگی خۆرانی» لە قەڵای هەولێر ، صالح بەگیش بە چوار چەکدارەوە هاتبوو ، داوای دیتنی «هێی»ی دەکرد • هەر کە چاوی پێ‌کەوت تێی‌خوڕو گوتی : دەبێ بە زووترین کات شێخ مەحموود لە هیندستان بگەڕێنیتەوە ، «هێی» گوتی : من ناتوانم ، حوکمەتی ئینگلستان دووری‌خستووەتەوە • صالح بەگ بەتووڕەییی‌یەوە هەمان قسەی دووبارەکردەوە • «هێی» داوای مانگێك مۆڵەتی کرد ، ئەویش پێی زۆربوو ، بۆیە «هێی» کردی بە پازدە ڕۆژ ، کەچی صالح بەگ هەر بە زۆری زانی‌و گوتی دەبێ بەزووترین کات شێخ مەحموود بە تەیارە بهێنیەوە • لەم کاتەدا «خورشید ئاغای دزەیی» دەگاتە ئەوێ‌و ، بە کاپتن «هێی» دەڵێ : ئەوە چییە ؟ ، ئەویش دەڵێ صالح بەگ هەڕەشەم لێ‌دەکاو پێی لێ‌کردووەمە کەوش‌و شێخی لێم‌دەوێ • خورشید ئاغا ڕوودەکاتە صالح بەگ‌و پێی‌دەڵێ : ئەگەر لە هەولێر نەچیەدەرێ ، کارێك‌دەکەم خوێنی دزەیی‌و خۆشناوەتییان تێکەڵ‌بێ • ئیتر صالح بەگ هەڵدەستێ‌و دەڕوا •

ئەم باسە هیی ئەو دەمەیە کە هێزی ڕەواندزو سوورچیی‌و خۆشناوەتی لە ئەیلوولی ١٩٢٠دا بۆ بەلاماردانی هەولێر هاتبوون ، بەڵام دزەیی‌یەکان بەشاردا

بلاوبووبوونەوەو پشتگریی «هێی»یان دەکرد • «هێی» لە لاپەڕە «١٥٧»ی بەرگی دووەمی کتێبەکەیدا «سنتان في کردستان» ناوی صالح بەگ‌و خورشید ئاغاش دێنێ ، بەلام بڕای‌بڕ خۆ لە قەرەی ئەو قسانەی سەرەوە نادا • ئەوی ڕاستی‌بێ صالح بەگ نوێنەری شۆڕشگێڕان بووەو ، داواکاریی گەڕاندنەوەی شێخی گەورە ئامانجێکی نەتەوایەتیی ئەو تافەی بزووتنەوەکە بووە • ئەم داخوازییە هەمان ئامانجی جووڵانەوەی کفری بوو کە «ئیبراهیم خانی دەلۆیی» ڕێبەریی‌دەکرد ، چونکە کاتێك ئیبراهیم‌خان کفریی رزگارکرد، ئینگلیزەکان بۆ پێك‌هاتن لەگەڵیدا نوێنەریان ناردە لای‌و ، گفتی ئەوەشیان دایێ کە «٥٠٫٠٠٠» پەنجا هەزار روپیی بدەنێ‌و بیکەن بە قایمقامی کفری ، هەرچی ئیبراهیم‌خان بوو ئەوانەی نەدەویست‌و یەکەمین داواکاریی ئازادکردنی شێخ مەحموود بوو •

دوکتۆر کەمال ئەم بەڵگە مێژوویی‌یەی لە راپۆرتێکی «ئەدمۆنز»ەوە وەرگرتووەو ، بە ئامانجێکی نەتەوەییی جووڵانەوەکەی لە قەڵەم‌نەداوە کە لە بەروبەندی بەسترانی کۆنگرەی «سیڤەر»دا ، سەری‌هەڵدا • هەروەها بە ئەڵقەیەکی دیاری خەباتی شۆڕشگێڕانەی ئەو سەردەمەی کوردستانی حسێب نەکردووە ، بەڵکە کردوویە بە پارووی دەمی شۆڕشی بیست‌و مەبەستە بنچینەیی‌یەکەیی پووش‌بەسەر کردووە ، لەکاتێکدا ئامانجەکانی ئەم شۆڕشە ـ وەکوو لە لاپەڕە «٢٧ ، ٨٣ ، ٧٤ ، ٩٩ ، ١٠٢ ، ١٠٤»ی کتێبەکەیدا دیاریی کردوون ـ روون‌و ئاشکران‌و ، دامەزراندنی دەوڵەتێکی عەرەبیی نیشتمانی لەسەراوردیاندا بووە • ئەی ئەگەر ئامانجی جووڵانەوەی کفری بەو جۆرە بووە کە دوکتۆر بۆی دەست‌نیشان کردووە ، بۆچی ئیبراهیم‌خان لەکاتی گفتوگۆو راوێژدا داوای جێ‌بەجێ‌کردنی ئامانجەکانی شۆڕشی بیستی نەدەکردو پێی لەسەر هێنانەوەی شێخی گەورە دادەگرت ؟!

بەڕاستی دوکتۆر کەمال بەڵگەیەکی پتەوو شیاوی بۆ سەلماندنی هەبوونی

پێوەندی لەنێوان شۆڕشی بیست‌و جووڵانەوە کوردییەکاندا نەداوە بەدەستەوە ، بەڵکوو هەر خۆی «بەبێ‌ئەوەی ئاگای لەخۆبێ» ئەوە دەردەخا کە هیچ پێوەندییەك پێکەوەی‌نەدەبەستنەوە . ئەوەتا لە لاپەڕە «١٥١ ، ١٥٢»ی کتێبەکەیدا گلەیی لە سەرکردەکانی شۆڕشی بیست دەکا کە هەوڵیان‌نەدا پێوەندی بە ڕێبەرانی جووڵانەوە کوردییەکانەوە بکەن‌و ، لە لاپەڕە «١٥١»دا لۆمەی ڕۆژنامەنووسیی شۆڕش دەکا بەوەی بایەخی بە دەنگوباس‌و هەواڵی ڕاپەڕینەکانی ناوچەکانی کوردستان نەداو بۆ بەرژەوەندیی خۆی نەیخستەگەڕو تەنانەت لەم ڕووەوە فڕوقەپی لێ‌کرد ، هەروەها لە لاپەڕە «١٥٣ ، ١٥٤»دا گلەیی لە «مكتب الثورة»و «حزب حرس الثورة» دەکا کە هیچ چالاکی‌و جموجۆڵێکیان لە کوردستاندا نەبووە . ئیدی دەبێ دوکتۆر لە پێناوی چیدا ئەم گێرەشێوێنییە بکاو ، کوان بەڵگە ڕاستەقینەو پشت‌پێ‌بەستراوەکانی ؟ .

ئێمە پێشتریش گوتوومانە ، هەریەکە لە شۆڕشی بیست‌و ڕووداوەکانی کوردستان ئامانجی تایبەتی خۆیانیان هەبووە ، ئەگەرچی لەیەك‌کاتدا دژایەتی یەك دوژمنی سەرسەختیان دەکرد کە ئەویش ئینگلیزی داگیرکەر بوو . بۆ نموونە ، کۆماری مەهابادو کۆماری ئازربایجان هەردوو هاوزەمان‌بوون‌و دوژمنی ناوکۆیی‌یان حوکمەتی ئێران بوو ، بگرە کۆمەك‌و هاوکاریش لە نێوانیاندا هەبوو . بەڵام سەرباری ئەوە هەریەکێکیان ئامانج‌و سەربەخۆیی‌و تایبەتمەندیی نەتەوەیی خۆیی پاراستبوو و ، مێژوویش حوکمی ئەوەی نەدا کە دەبێ یەك کۆمار بن‌و یەکێکیان لەنێو ئەوی‌تریاندا بتوێتەوە .

کە بیرەوەرییەکانی «ئەحمەد ئاغا»مان تۆماردەکرد ـ تا ئێستا ٩٫٥٠ سەعاتمان لێ تۆمارکردووە ـ ، پرسیمان ئامانجی جووڵانەوەکەتان چی‌بوو ؟ ، گوتی : ئێمە مافی کوردو گەڕاندنەوەی شێخ مەحموودمان دەویست‌و ، ئینگلیز خۆیشی بەڵێنی جێ‌بەجێ‌کردنی ئەوانەی بە شێخ‌و میللەتەکەمان‌دا . گوتمان ، ڕاستە دەڵێن ناوچەی ڕەواندز ئاگای لەم جووڵانەوەیە نەبوو و

دەستی یارمەتیی بۆ تورکیا درێژکرد ؟ «مەبەستمان ئەوە بوو بەڵگەمان بۆ بهێنینەوە» ، گوتی : لە سلێمانییەوە مەزبەتەیان لەگەڵ پوولدا بۆ ناردین ، چونکە ڕەواندز بەتەنیا مابووەوەو وایاندەزانی پوولمان لەلا چنگ ناکەوێ ئێمەیش مەزبەتەکەمان بەناوی جووڵانەوەی ڕەواندزەوە داو ، داوای هێنانەوەی شێخمان کرد بۆ کوردستان . نەك ئەوە ، چەند جارێکی دیکەش سکاڵانامەمان بەرزکردەوە . درێژەی بە قسەکانیدا : ئێمە زۆر دژی ئینگلیز بووینو ، ناچاربووین بۆ یاریدەو دەستگرۆیی پەنابەینە بەر تورکەکانو هیچ چەشنە پێوەندیەکمان بە شۆڕشی بیستەوە نەبوو .

بەڵگەی تری ئەو بۆچوونەمان بیرەوەرییەکانی « شێخ ئیبراهیمی برای شێخ مەحموود » و « ئەحمەدی حەمەئاغای پشدەری »یە . ئەمەی دوایییان ڕووناکبیرێکی شارەزای دەوری خۆی بووەو ، لە سەردەمی عوسمانییەکاندا نووسیاری قایمقامی پشدەر بووە . ناوبراو لە جووڵانەوەی ڕەواندزیشدا نوێنەری پشدەر یان بڵێین «عەباسی مەحموود ئاغا» بووە ، تەنانەت «سلێمان صەبری»ی والیی «وان» داوای بینینی کردووەو ئەمیش چووەتەلای .

بەڵگەی دیکەمان زانیارییەکانی لاپەڕە (٧٩)ی بەرگی یەکەمو لاپەڕە (٢٠-٢٢)ی بەرگی دووەمی «چیم دی»و گەلێك جێگەی دیی ئەو کتێبەیە کە بەڕوونی باسی ئامانجی نەتەوایەتیی جووڵانەوەی کفریو شێخ فەرەجی بانی بنۆكو زۆر ڕووداوی گرنگی ناوچەکانی کوردستان دەکا ، لەسەروەختی گیرانو دوورخستنەوەی شێخ مەحمووددا .

بەپێی بیرەوەریی بەڕێز «شێخ حسێن»ی کوڕی «سەید محەمەدی جەباری» کە لە کەرکووك تۆمارمان کرد ، لە هاوینی ساڵی (١٩٢٠)دا کۆبوونەوەیێك لە گوندی «ژاڵە»ی لای کربچنە سازکرا ، «کەریمی فەتاح بەگ» و «سەید محەمەدی جەباری» و «شێخ مستەفای شێخ قادری گوللەنەبڕ»و ئاغاکانی زەنگەنە «عەبدولکەریم وادی ئاغاو عەزیزی جاسم ئاغا»و «ڕۆستەم ئاغا»

تێدا بەشداربوونو ، بڕیاریان دا بۆ گەڕاندنەوەی شێخ مەحموود لە هیندستان دژی ئینگلیزەکان بجەنگێن •

هەروەها دوای ئەوە بیرەوەریەکانی (حاجیی عەبدول رەباتی)م تۆمارکرد کە خۆی لەگەڵ نوێنەرانی خێڵی رەباتو رووغزاییو مکایەڵیو شێخ قادری گوللەنەبڕ بەشداریی کۆبوونەوەکەی کردووەو ، دەڵێت زیاد لە پێنج‌سەد سوار لە (ژاڵە) کۆبوونەوەو ئامانجیان گەڕانەوەی شێخ مەحموود بوو و ، لە (کربچنە) دەوری سێ‌سەد کەسیان لە هێزی ئینگلیزەکان بەدیل گرت •

بەم‌شێوەیە لادانو شێواندنەکەی دوکتۆر کەمال دەکەوێتەڕوو ، کە خەریکە بە نایاهەقو بە زۆری‌زۆردارەکی مێژووی قۆناخێکی بایەخداری گەلەکەمان چەواشەدەکاو لە راستیی دووردەخاتەوە • بەڕێز دوکتۆر کەمال ، بیەوێو نەیەوێ ، جاروبار بێ‌ئاگایانە شوێن‌پێی هەڵەی ئەمو ئەو هەڵدەگرێ • بە وێنە ، لاسایی کاتلۆفو چەندانێکی‌تر دەکاتەوە کە فڕیان بەسەر بارودۆخی کوردستانو ئامانجو سروشتی جووڵانەوەکەیەوە نییەو نەبووەو ، بە خواستی رێبازی بیرکردنەوەو ئارەزووی خۆیان مێژوویان نووسیوە ، نەك بە نیازی دەرخستنی رووی راستی کێشەو رووداوەکان • رەوانییە مێژوونووس وا بێ‌باکانە چاو لە کەسانی‌دی بکاو باوەڕ بە زانیاریان بهێنێو ، بەبێ نرخاندنو لێوردبوونەوە لێیان رابگوێزێ ، چونکە «الثقة بالناقلين» سەرئەنجامەکەی بەهەڵەداچوونو تێکەوتنە ، وەك «ابن خلدون» لە لاپەڕە (٣٥)ی پێشەکییەکەیدا لە باسی فەلسەفەی مێژوودا گوتوویە •

دەبوایە دوکتۆر کەمال بایەخی بە کۆکردنەوەی بیرەوەریی پیرەمێردە شارەزاکانمان بدایە ، تاکوو هەم ئەوەندە تووشی هەڵەو ناتەواوی نەبوایەو ، هەم کارەکەی ئەویش ببوایە بە هاندەرێکی بەهێز بۆ گردکردنەوەی بیرەوەریی زۆر لە بەساڵداچووەکانمان کە مەبەستی بەرودوای قسەکانی ئێمەیە •

ئەوی شایانی گوتنە ، سەرجەمی بیروڕاو باری سەرنجو بۆچوونەکانمان لەسەر کتێبی «دور الشعب الكردي في ثورة العشرين» لە هەڵسەنگاندنێکی (٦٨) لاپەڕەییدا نووسییەوەو بۆ گۆڤاری «الثقافة»مان نارد ۰ بەڵام بەداخەوە دوکتۆر کەمال هەر زوو چووە بن کلێشەی خاوەنی گۆڤارەکەوە ، کە دوکتۆر «صلاح خالص»ی برادەریەو نەیهێشت نووسینەکەمان بلاوبکاتەوە ۰ ئەوەیش خۆی لەخۆیدا نیشانەی پێشێل کردنی ئازادیی بیروڕادەربڕینو گیانی زانستپەروەرییە ۰

حەزدەکەین ئەم چەند تێبینیو نموونانەی خوارەوەش بکەین بە ناوباری باسەکەمان ۰

دڵسۆزانی کەلەپوور لەسەریانە لە هەر ناوچەیێك بن ، بیرەوەریی پیرەمێردەکانمان بە دەنگی خۆیان تۆماربکەن ، چونکە دەنگ هۆیەکە بۆ یادکردنەوەیانو کارەکە زووتر بەدەستەوە دێتو لە هەمان کاتیشدا دەبێ بە بەڵگەو دەمێنێتەوە ۰ پاشان ئەو زانیاریانە تەتەڵەو رێكوپێك دەکرێنو دەنووسرێنەوەو ، لەکاتی پێویستدا وەکوو بەڵگەیێکی راست بەکاردەهێندرێن ۰ ئێمە مەبەستمان لە بیرەوەری بەتەنیا شەڕوشۆڕو کوشتوکوشتار نییە ، بەڵکوو باسی زۆر پیشەو کاری وەکوو دارتاشیو چەخماخسازیو ئاسنگەریو جۆلاییو ، زۆر بەسەرهاتی وەك ساڵی گرانییەکەو ساڵی رشانەوەو بەفرە گەورەکەو ژینی کۆچەریو هیتره ۰

بۆ نموونە ، لەڕێی بیرەوەریی وەستا شەهابی وەستا شێخ یونسی بەنای هەولێرییەوە کە تەمەنی لە هەشتا ساڵ بەرەوژوورە ، توانیمان ناوی نەخشکارو هونەرمەند «عەلی ئەکبەر»ی برای «ئیسماعیل سنەیی» زیندووبکەینەوە ۰ زۆربەی نەخشو نیگارە گەچینەکانی خانووە کەلەپوورییەکانی قەڵای هەولێر دەستکردی ئەم دوو هونەرمەندەن ، وەکوو خانووی حاجی رەشید ئاغاو شێخ جەمیل ئاغاو سەید عەبدوڵا ئاغا ، دەزگای شوێنەواریش لەبەر بەرزیی

هونەرەکەیان ئەم خانوانەی کرِی • عەلی ئەکبەر دەوری حەفتا ساڵ لەمەوبەر نێزیکەی ساڵێك دوای ژنهێنانی ، لەگەڵ ئیسماعیلی برایدا گەڕاوەتەوە بۆ سنەو ، لەرِێگەدا لە رووبارێکدا خنکاوە • «وەستا عەبدوڵڵا چیچۆ»یش پار (١٩٨٢) لە تەمەنی «٩٤» ساڵیدا کۆچی دوایی کردو ، وەستایێکی وەك «وەستا شەهاب»ە کە یەکجار زۆر سوودمان لێ وەرگرتوون •

هەروەها بەهۆی بیرەوەریی «ئەحمەد ئاغا»وە راستیی مەسەلەیێکی مێژوویمان بۆ یەکالابووەوە کە ئەویش کوژرانی «ئاغا بوطرس»ە • کاتێك ئەحمەد ئاغا باسی ئەوەی بۆ کردین چۆن «سمکۆ» هاتووەتە کن خوالێخۆشبوو عەباسی مەحموود ئاغا ، پێمان گوت سمکۆ بە هەڵەدا چوو کە «ئاغا بوطرس»ی کوشت • ئەویش گوتی : من خۆم چەند جارێك لە سمکۆم بیستووە ، دەیگوت خۆزگە ئاغا بوطرسم نەکوشتایە ، زۆر پەشیمانم : ئەوە «جواد پاشا»ی تورك بە منی کردو گوتی ئەگەر بیکوژی هەم کورِەکەت بەرەلادەکەین و هەم هەرچی تالانێکی تۆیشمان بردبێ پێتی دەدەینەوەو پشتیوانیی بزووتنەوەکەیشت دەکەین • پێمانوابێ ئەمقسەیە بەڵگەیێکی مێژوویی پتەوەو بەسە بۆ دەرخستنی هۆی راستەقینەی کوژرانی ئاغا بوطرسی سەرۆکی ئاسوورییەکانو ئەگەر یەکێکی وەکوو ئەحمەد نەبوایە ئەم کارەساتە هەروا بەشاراوەیی و نادیاری دەمایەوە کە لەودەمەدا بوو بەهۆی کزکردنی راپەرِینەکەی سمکۆو پەیدابوونی دوژمنایەتی لەنێوان کوردو ئاسوورییەکاندا •

هەروەها بەهۆی بیرەوەریی بەرِێز ناصیح حەیدەرییەوە لە هەولێر ساڵنامە (تقویم)ی — گرِاوێ —مان دۆزییەوە کە لە شێوەی قوچەبەرددایەو وا لەسەر شاخی (داری لولکان) •

زانایێکی کوردی خەڵکی گرِاوێ سەدان ساڵ لەمەوبەر دروستی کردووە• بۆ زانینی حیسابی ساڵ بە ئیشارەتە بەردەکانی ئەستێرەی گەلاوێژو تەرازوو و

پێروو (کۆ) ، لەگەڵ ئاوابوونی رۆژ لەجێی ئەم ئەستێرانەداو ، لەگەڵ ئیشارەتە بەردەکانی هەر دوازدە کەلووی ستێرناسی (بورجی فەلەکی)ی ئاسمان • رۆژی (١٤)ی ئەیلوولی ١٩٨٣ چووم بۆ دیتنی ئەم روانگە (مرصد)و سالنامە (تقویم) کوردیەی گراوێ کە دەکەوێتە خۆرهەڵاتی باستۆرانەوە لە پارێزگای هەولێر • ئەم روانگەو سالنامەیە قەت نرخی تەواو نابێ و ، بەئاسانی لەکاتی تۆمارکردنی بیرەوەریی پیرەمێردێکی شارەزای کورددا بەدەستمان کەوت •

# باس‌و خواسی سەر زاری خەڵك (الرواية الشفهية) وەك سەرچاوەیێکی مێژوونووسی

١

ڕەنگە هێندێك کەس بیریان بۆ ئەوە بچێ ، کە لە نووسینەوەی مێژوودا پشت بە زانیاریی خەڵکی ڕەشۆکی نابەسترێ ، چونکە نەنووسراونەوەو جێی متمانە نین . ئەوانە وادەزانن کە مێژوو هەر دەبێ لەکتێب‌و نووسراو وەربگیرێ‌و چی سەرچاوەی‌دیکە هەیە فەرامۆش‌بکرێ ، بەڵام ئەوی ڕاستی‌بێ ، ئەوانە بە هەڵەدا چوون‌و بەوەیان‌نەزانیوە کە ئەم‌جۆرە قسەو باسانە لەکن مێژوونووسان‌و زانایانی بەرنامەی تۆژینەوەی زانستانە «منهج البحث العلمي» بە کەرەستەیێکی بەنرخی مێژوونووسی حسێب‌دەکرێن‌و ، زۆرجار شان‌دەدەن لە شانی بەڵگەنامەی ڕەسمیی میری‌و نامیری‌و شوێنەوارو دراوو سەرچاوەی مێژوویی‌و جیۆگرافی‌و یاساو ئایین‌و کەلەپووری میللی (داوو دەستوورو نەریت) .

بێ‌گومان قۆناخی یەکەمی نووسینەوەی بەشێکی هەرە گەورەی مێژووی جیهان ، بە پێی باس‌و خواسی بڵاوی نێو خەڵك بووە ، نەك بەڵگەنامەو نووسراو ، لەبەرئەوە کە کەم‌و دەگمەن بووە . بە وێنە ، پێش هاتنی ئیسلام ، شیعری عەرەبیی سەر بە ئەدەبی جاهیلی ، وەکوو شیعرەکانی هەرحەوت شاعیرەکەی «المعلقات السبعة» ، بەسەر دەمی خەڵکەوە بوون‌و ، (١٠٠–١٥٠) ساڵ پاشتر دەست بە نووسینیان کرا .

خۆ فەرموودەکان «احادیث»ی پێغەمبەریش لەکاتی خۆیدا نە نووکی قەڵەم‌و نە سەر پەڕەیان نەدی ، بەڵکوو دەوری (١٠٠) یا (٢٠٠) ساڵێك لەوەبەدوا زانایان بە ووردبینی‌و هۆشیارییەوە کەوتنە شەن‌و کەوکردن‌و تۆمارکردنیان ، بۆ ئەوەی قسەی درۆو هەڵبەستراویان لێ جوێ‌بکەنەوە . ئەم‌کارە بووە هۆی پەیدابوونی زانستی «مصطلح الحديث» ، کە زانایێکی

گەورەی کورد بەناوی «ابن الصلاح الشهرزوري»یەوە رێکی خستو رێوشوێنی بۆ دیاری کردو بووە دانەری ٠ ئەم زانستە ، چەشنێك بووە لە بەرنامەی تۆژینەوەی زانستانەو ، بۆ ساخکردنەوەو تەتەڵەکردنی زانیاری‌و لێکۆڵینەوەی مێژوویی بەکاردەهێندرا ٠ هەروەها مێژووی سەردەمی جاهیلی‌و سەدەی یەکەمی ئیسلامیش هەر بە قسەو قسەڵۆکی سەر زاری خەڵك نووسراونەوە ٠

جا ئێمەومانان ناچارین ئەم بابەت‌و باسانە بهێنینە نێو مێژووی نەنووسراومان‌و ، زانیارییەکی بەربڵاوو زۆر لە زاری خەڵك رابگوێزین‌و ، ئەو بەشەی کە راست‌و دروستە ، پاش هەڵاواردان ، سەرلەنوێ پوختەو روون دابڕێژینەوە ٠ بە نموونە ، لەم رۆژانەدا چاومان بە پیرەمێردێك کەوت بەشداریی شەڕی ساڵی (١٩١٩)ی دەربەندی بازیانی کردبوو ، گێڕایەوە ، گوتی : شەهیدێکمان (شێخ حەسەن)ی مامی شێخ مەحموودی گەورە بوو ، کە تۆپی ئینگلیزەکان لێی‌دا ، دیمان رووناکییەکی شین لەوجێیەوە بەرزبووەوەو چوو بە ئاسماندا ، کاتێك گەیشتینە شوێنەکەی هیچ ئەندامێکی لەشیمان بۆ نەدۆزرایەوە ٠ لێرەدا تەنیا بەشی یەکەمی قسەکانی ، واتە شەهیدبوونی شێخ حەسەن ، وەردەگرین بۆ مێژوو و ، ئەوی‌تری دەخەینە خانەی باوەڕهێنان بە پیاوە ئایینییەکانەوە کە لەبنچینەدا لەڕێی سۆفیگەرییەوە «تصوف» کەوتووەتە نێو کۆمەڵەکەمان ٠

# بەنـدو بـاوی كوردی

هێندێك نـاوداری كـورد بـە دوو بـاردا باسـیان لێ كـراوە ، بارێكی دەمهەڵبەستو بێ بناخـەو ، بارێـكی راستودروستو زانسـتانە • نـاوبانگی ئایینیو نەتەوایەتیو بنەماڵـەو دەوری كۆمەلایەتی ، نەخشـێكی كاریگەریان لەمڕووەوە هەبوە • ئەوە «فەقێی تەیران» كـە خەڵك لە مێژووی راستەقینەی ژیانی دەدوێنو ، دەڵێن : لە «مكسێ» لەدایكبووەو ، لە «فنك» خوێندوویەو ، گۆڕەكەی وا لە «وارەزوز» یان ناوچەی «هیزان» • لەلایەكیدیكەوە ، قسەی چەوتو (خورافی)ی بـۆ رێكخراوە ، وەك دەڵێـن زمانی باڵنـدەی زانیوەو ، لەگەڵ ئاودا گفتوگۆی كردووەو ، ئاو لە جووڵە كەوتووە تا ئەم بەپێ لەمبەر بۆ ئەوبەر پەڕیوەتەوە ، جا ئیتر چ ئاوی «مكسێ» بووبێ لەوشوێنەدا كە پێی دەڵێن (گەڕا فەقێی تەیـران) ، یان رووبـاری «ئاڤا بۆتان» • دەشـڵێن شیعری «ئەی ئاڤو ئەڤ»ی لەكاتێكدا هۆنیوەتەوە كە لەگەڵ رووباری دیجلە یان یەكێك لـەو دوو رووبـارەی پێشـووودا ئاخاوتـووەو ، ئـاویش وەڵامی داوەتەوە •

بەشە هەڵبەستراوەكەی ئـەم قسانە شایسـتەی كۆكردنـەوەنو ، وەكوو دەقێكی كەلەپـوور لە بابـەتی بەندوبـاوی سـەر بە (خورافـات)و ئەفسانەدا دادەندرێنو دەبێ بنووسرێنەوە •

ژیانی مەلا مووسای تەوەكەلیی «شابەدینی»یش چووەتە هەمان قاڵبەوە • ئێمە ساڵی رابردوو كەوتبـووینە گەڕان بەدوای ساڵنامە «تقـویم»ی ستێرناسی «فلكي»ی كوردیـدا ، رووخـانو تێكچـوونی ساڵنـامەكەی «شـێخ حەسەنی گڵەزەردە» ، كە لە سەدەی هەژدەیەمدا لە شێوەی چەند تاقێكدا بە گەچ لەسەر دیواری مزگەوتی دێی «گڵـەزەردە»ی بەرانبەر سلێمانی دروسـتی كردبوو ،

ڕێی دۆزینەوەی ساڵنامەی «مەلا نەبی»ی بۆ خۆش کردین کە دەکەوێتە دێی «بارێی بچووك»و بناری زنجیرە چیای «سوورکێو»ەوە لە پارێزگای سلێمانیو بە کۆمەڵەبەرد لە چەشنی کەللەشەکردا لەسەر چیای روو لـە دێیەکەو لای خۆرئاوایەوە ڕێکی خستووەو چیاکەیش «گردی تەرازووە»ی پێ دەڵێن •

خەڵکی دێی «بارێی بچووك»و «شابەدین» مەلا نەبی بە مامۆستای مەلا مووسا لە قەڵەم دەدەنو ، بە قسەی خۆیان دەڵێن گوایە ئەو ڕۆژەی نۆرە شوانیی فەقێ مووسا دەهات ، لەگەڵ مەڕەکانی «مەلا نەبی»ی مامۆستایدا دەبوە باڵندەو دەچوونە چیای «قەندیل» بۆ لەوەڕ • مەلا مووسا ساڵی (٩٨٣)ی کۆچی «١٥٧٥–١٥٧٦ی زایین»بەدەسخەتی خۆی ناوی لەسەر قورئانە دەستنووسەکەی نووسیوە کە ئێستا لای نەوەکانیە • هەروەها «شێخ عەلیی دۆڵیەموو» لە سەدەی هەژدەیەمدا نیشانەیێکی تایبەتی لە ساڵنامەی «بارێی بچووك» خواستووەو ، لەسەر دیواری مزگەوتی دۆڵیەمووی ناوچەی شارباژێڕ لە نیوەی ساڵنامەکەی خۆیدا دایناوە •

ئەو سێ بەڵگەیەی پێشوو هێنایانینە سەر ئەو ڕایە کـە «مەلا نەبی» لە سەدەی شازدەیەمدا ژیاوەو ، ئەو ڕوانگە (مرصد)و ساڵنامە ستێرناسییە کوردییەیشی پێش «٤٠٠» ساڵ داناوە • دیارە ئەوەی کە ئێمە لێرەدا مەبەستمان بێ گرنگیی بەندوباوو قسەی هەڵبەستراوەو، دەتوانین بەهۆیەوە باوەڕی ئایینیو کۆمەڵایەتیی سەردەمێکی دیاریکراو لە مێژووی گەلەکەمان یەکالا بکەینەوەو ، هێندێك جاریش چەند ڕاستییەکی بایەخداری لێ بە ئەنجام بێنین •

# ئەفسانەی کوردی

لە بەشێکی تردا ، پێمان لەسەر ئەوە داگرت کە نابێ هەر بەندوباوێك بۆ ناودارانی کورد هەڵبەسترابێ ، فڕێبدرێت • ئەمە زۆر ئەفسانەی کوردی دەگرێتەوە کە هێشتا وان لە بیری پیرەمێردو پیرەژنەکانداو ، بیرکردنەوەو باوەڕی پێشووی میللەت دەردەبڕنو ، بە لقێکی دیاری کەلەپووری میللی دادەندرێن •

کۆمەڵی کوردەواریمان تاکوو ئەمڕۆ گەلێك ئەفسانەی بەرزو پڕماناو زیندووی تێدایە ، کە دوورنییە هێندێکیان هیی دووسێ هەزار ساڵ لەمەوبەر بنو چەندین رەگەزو بنەمای مێژووی شارستانەتیی کوردیان گرتبێتەخۆ • بۆ نموونە ، «ئەفسانەی قارەمان» سەر بە ناوچەی «دەربەندی بازیان»ەو ، بۆ فەرمانڕەوایێکی کۆنو دەستەڵاتداری ئەو ناوچەیە رێکخراوە کە ناوی «قارەمان» بووە • تەنانەت ئەو «بەردە قارەمان»ەی کە لە دەربەنددایەو شێخی گەورە شەڕی لەپاڵدا کردووەو هەر لەوێشدا برینداركراوەو ئینگلیزەکان دڵیان کردووە ، ئەم ناوەی لە (قارەمان)ی ئەم ئەفسانەیەوە وەرگرتووە ، نەك لە شێخ مەحموود ، وەکوو زۆر کەس وەهای بۆ دەچن • هەروەها «گردی قارەمان» کە دەکەوێتە باکووری دەربەندەوەو لوتکەکەی لە رێگەی گشتییەوە دەبیندرێت ، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئەفسانەیە •

ئێمە لەو بڕوایەداین کە ئەفسانەی قارەمان پێوەندیی بە مێژووی دێرزەمانی دەربەندەوە هەیە ، چونکە شووراکەی دەربەند ئەوە بەڕوونی پێشاندەدا کە ئەو جێیە جۆرە فەرمانڕەوایەتیو شارستانەتییەکی کۆنی تێدا هەبووەو ، لەوانەیە هیی سەردەمی «حوری»یەکان ، نیوەی یەکەمی هەزاری دووەمی پێش زایین ، یان سەردەمی «گۆتۆ»و «لۆلۆبۆم» ، هەزاری سێیەمی

پێش زایین ، بووبێ . چەند زانایێکی شوێنەوارناس دەڵێن «بابیت ، قەڵای بابیت» دەربەند بووەو ، «گردی گۆپاڵە»یش کە دەکەوێتە پشت دەربەندو سەر ڕێگەی سلێمانی پاسەوانیی دەربەندی لێوەکراوەو ، لە پەلاماری پاشای ئاشووری «ئاشەڕور ناسربال»دا ، واتە لە سەدەی نۆیەمی پێش زاییندا ، ناوی بە «بیرۆتۆ» هاتووە .

لە بەهاری ساڵی (١٩٨٢)دا ، دووجار لەسەر خواستی دەزگای شوێنەوار (مؤسسة الآثار) بۆ دۆزینەوەو دەستنیشانکردنی شوورای دەربەند چووین و ، بۆمان دەرکەوت کە لە سێ چین پێکدێ ، دوو چینیان بە بەردو گەچ دروست کراون و ڕەنگە هەردووکیان ، بەتایبەت ئەوەی سەروویان ، هیی دەوری «عەبدوڕڕەحمان پاشای بابان»بن ، چونکە کاتێک شەڕی عوسمانییەکانی کردووە دووجار دەستی بەم شوورایەدا هێناوەو تۆپی لەسەر چیاکە دابەستووە . هەرچی چینی سێیەمیانە «ژێرەوە» ، بە بەردو قوڕ کراوەو ، نێزیکەی نیوەتری لێ بەجێماوە ، پێدەچێ هیی نیوەی هەزاری دووەمی پێش زایین یا بەر لەودەمەش بێ ، چونکە شێوەی شووراکە یەکجار کۆن دیارە . ڕاپۆرتێکی هەشت لاپەڕەییمان لەبارەی ئەو شووراو قەڵایەی دەربەندەوە نووسی و دامان بە دەزگای شوێنەوار ، هەتاکوو بیروڕای خۆیشمان لەسەر جێی دەرگای شووراکە خستەڕوو و ، هەمان ڕاپۆرتمان لە ژمارەی ڕۆژی (٢٠/٩/١٩٨٢)ی ڕۆژنامەی «العراق»دا بڵاوکردەوە .

شایانی باسە کە لە هاوینی ساڵی (١٩٧٣)دا بۆ یەکەمین جار شووراو شارەکەی (دەربەندی ڕانیە)مان دۆزییەوە ، ڕاپۆرتمان لەبارەیەوە دا بە دەزگای شوێنەوارو ، بە گوتارێکیش لەگەڵ نەخشەی هێڵکاری شارەکەدا لە گۆڤاری «ڕۆشنبیری نوێ»دا (ژمارە -٣٧-ی ڕۆژی ١١/١/١٩٧٥ ، ل-١٤-) بڵاو بووەوە .

ئەفسانەی «جۆڵندی»یش باسی فەرمانڕەوایێکی کۆنی (قەڵای جۆڵندی)ی

اوچەی ئاغجەلەر دەکا ، «ئۆسکارمان» لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا لە کتێبی «تحفەء مظفریة»دا تۆماری کردووە •

دوورنییە هێندێك لەو ئەفسانانەی کە تاکوو ئێستا بەسەر دەمی خەڵکی کوردستانەوەن ، لەبنەڕەتدا هیی زەمانی ئاشووری یا ئەکەدی یان سۆمەری بن و ، لەوانەیشە بەشێکیان لە نووسینی بزماریدا بدۆزرێتەوە •

سەرئەنجام بایەخی ئەفسانەی کوردی دووپات دەکەینەوەو ، تۆمارکردنی بە ئەرکێکی پێویست دەزانین • ئەوەتا فیردەوسی لە «شانامە»دا بە چەشنێکی ئەفسانەئامێز مێژووی دێرینی ئێرانی نووسیوەتەوەو ، کتێبەکەی بووەتە سەرچاوەیێکی بەنرخو بێوێنە لە ئێراندا •

# هونەری بیناسازیی کوردی
# الفن المعماري الكردي

بیناسازی لقێکی گرنگی کەلەپووری شارستانەتیو کولتووری نەتەوەیەو ، پێوەرێکی دیکەی هەڵسەنگاندنی ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵە . ئەم هونەرە مێژوویێکی کۆنو درێژخایەنی لەلای کورد هەیەو ، لە بەرەبەیانی پەیدابوونی خانوو و گوندەوە دەست پێدەکا .

رەنگە گەلێك خوێنەرو رووناکبیرمان هەروا بەئاسانی ئەوەیان بۆ قووتنەچێو ، دەستبەجێ بە سەرسامییەوە بپرسن : کوا کورد بابەتێکی لەم چەشنەی هەیە ؟ . بەڕاستی سەیرە ، تۆ بڵێی کورد بەدرێژایی تەمەنی هەر لەبیاباندا ژیابێو ـ تەنیە نەبێ ـ ئەوەندەی بزنیشی پێ نەکرابێ بۆ تاکە شەوێك جێی خۆی خۆش بکا ! ئاخر برایان بنیادەم کەینێ توانیوویە بەبێ خانووبەرە هەم خێزان پێکەوە بنێو بحەوێتەوەو هەم دابمەزرێو پەرە بە گوزەرانی بدا . مایەی خەمو پەژارەیێکی فرەیە کە ئاوها تەسك بیردەکەینەوەو ، خۆ لە زۆر دیاردەو رووکاری پیرۆزی شارستانەتیمان دەدزینەوەو ، بە چاویلکەی سووکیو بێنرخی تەماشای گەلەکەمان دەکەین .

ئێ باشە دەبێ هۆی چی بێ کە یەکێکی خەڵکی سلێمانی یان کۆیە بە گەڕەکە کۆنەکانی بەغدا یا بەسرەدا رادەبووری ، هەست بە جۆرە جیاوازیو لێك نەچوونێك دەکا ؟ بە بۆچوونی ئێمە ، ئەم بارە لە جیاوازیی نێوان شێوەی تایبەتی خانوو و رێوشوێنی بیناسازیی هەردوو شارەکەوە پەیدادەبێو ، هەر ئەویشە وامان لێدەکا پتر لەم خاڵە بکۆڵینەوە ، بۆ ئەوەی هەبوونی ئەم هونەرە کوردییە ساخ بکەینەوە . جا ئەگەر هاتوو ، بە وێنە ، تاقی کەوانەییی (سلێمانی)مان لەگەڵ هیی بەغدادا بەراورد کرد ، بۆمان دەردەکەوێ کە

ئەوەکەی سلێمانی لەوەی بەغدا تیژترەو ، نموونەشمان «خانە سووتاو» و (قەیسەری نەقیب)ە • (تاقی خواجەنشین)یش تەرزی بیناسازیی سلێمانییەو دەکەوێتە سەر دەرگای قاتی دووەمو سەری فاڵدرمەکانو سەکۆیێك وا بەمبەرو ئەوبەریەوە • کەوانی تیژ (القوس المدبب) بە قسەی مێژوونووسانی هونەری ئیسلامی ، لەبنجدا دەدرێتە پاڵ ئێرانو لەوێدا بڵاوبووبووەوە تاکوو گەیشتە ئەوروپا ، بەڵام لەبەرئەوە کە کوردو عەرەبو تورکو گەلانی دیکەیش کەمە گۆڕانێکیان تێدا کردووە ، دەتوانن بە جوێکەرەوەیێکی بیناسازیی خۆیانی بزانن •

وەك لە جێیەکی تردا باسمان کرد ، زۆربەی هونەرە عەرەبیو ئیسلامییەکان کاری هونەری بێگانەیان پێوە دیارە • عەرەب ، لەپێش ئیسلامو سەردەمی (خولەفای راشدین)دا هونەری بیناسازیی نەبوە ، بەڵکوو لەوەبەدوا سەرەتاکانی لەسەر دەستی بیناسازی بێگانە دەرکەوتووِن • لە زەمانی وەلیدی کوڕی عەبدولمەلیکی ئەمەویدا ، ئەندازیارێکی ئێرانیو چەند وەستایێکی دیانیان ، بەداخوازیی خەلیفە ، هێناو «الجامع الاموي»یان بنیاد نا کە یەکێکە لە گرنگترین مزگەوتەکانی وڵاتە موسڵمانەکانو ، نەخشە «فوسەیفسا»کانی ئەم مزگەوتەو (قصر المشتى) هونەرمەندی بێزەنتیو دیانی سوریایی کردوونی • تەنانەت مزگەوتە گەورەکانی سەدەی دەیەمی زایینیش ، کە تەنیا بانێکیان دەکەوێتە سەر پایەو لە چەشنی تاقێکی کەوانەییدا هەڵچندراون ، بیناسازیی کۆنیان تێدا بەکارهێندراوە • [تەماشای لاپەڕە (٢٤)ی کتێبی «الفنون الاسلامية»ی (دیمان)و لاپەڕە (١٧)ی «الفنون الايرانية»ی «زكي محمد حسن» ، بکە] •

شێوەی کەلەگی (سدلي)ی کۆشکی «خەوەرنەق»و «سەدیر»ی شاری «حیرە»ی عەرەبی دێرینەو ، ناوەکەیش لەبنەڕەتدا (پەهلەوی)یە ، بەڵام تاقی هەیوانیان کەوتوونە بەر کاری هونەری (هەلنستی) • خەلیفەی دەوڵەتی عەباسی «المتوكل» ، ئەم شێوەیەی بووژاندەوەو ، بەڕادەیەك تەشەنەی کرد تاکوو


گەیشتە باکووری ئەفەریقاو ، بگرە کەلەگیی کۆشکی پاشای دەوڵەتی دۆستکیی کورد «نصرالدولة ئەحمەدی کوڕی مەڕوان» لەم تەرزە بووە • [ تەماشای ئەم گوتارەمان بکە «شێوەی کەلەگی لە هونەری ئاوەدان کردنەوەی کوردیدا» ، گۆڤاری (کاروان) ، ژمارە (٢) ، ساڵی ١٩٨٢ ، ل «١٦-٢٢»] •

«ئەزج» ، ناوی جۆرە خانوویێکی بچووکەو بانەکەی کەوانەییە ، لە سەردەمی سامانیەکاندا هەبووەو کاتێ وەتە نێو هونەری عەرەبیی ئیسلامییەوە، هەتاوەکوو لە زەمانی دەوڵەتی دۆستکیشدا خانوویوەها کراوەو ، «ابوالفضل الانباري» کە وەزیرێکی ئەم دەوڵەتە بووە لە ئەزجێکی شاری (فارقین)دا نێژراوە • زانای گەورە مستەفا جەواد لە ژمارە (٢٥)ی گۆڤاری سۆمەردا گوتوویە : «سۆمەرییەکان شێوەی ئەزجیان هێنایە گۆڕێو ، نەتەوە کۆنەکانی دیکەیش لەوانیان وەرگرت» بەڵام مادامێکی دەستکاریی تێدا کراوەو خراوەتە بەرگێکی خۆماڵییەوە ، ناکرێ لە هونەری بیناسازیی کوردیی جوێبکەینەوە •

مێژووی هونەری بیناسازی لە عێراقدا ، جا چ کوردیبێ یان عەرەبی ، لە کوردستانەوە دەست پێدەکا ، لە خانووەکانی گوندی «زاوی چەمی»ی لای ئەشکەوتی (شانەدەر)ی نوچەی برادۆستو گوندی «چەرمۆ»ی نێوان (چەمچەماڵ)و زنجیرە چیای (بازیان)ەوە کە مرۆڤ کۆنترین خانووی تێیاندا بنیاد ناوە • خانوو و بەرەی «زاوی چەمی» دەگەڕێتەوە بۆ دە یان دوازدە هەزار ساڵ لەمەوبەرو ، لەڕووی بیناسازییەوە دیوارەکانی ناڕێکن‌و لەسەر بناخەی بەرد (چەوی گەورە گەورە) هەڵچندراون ، هێندێك خانووی خڕی دیوار لە قوڕ دروستکراویان تێدایە • مرۆڤ بۆ یەکەمین‌جار لەم گوندەدا فێری کشتوکاڵ‌و ئاژاڵ بەخێوکردن بووە • خانووەکانی «چەرمۆ» لەوانەی پێشوو تازەترن‌و ، هەم خڕبوون‌و هەم لاکێشەیی‌و ، دیوارەکانیان بە قوڕ سواخ دراون •

زانایانی زانستی شوێنەوار لەسەر ئەوە هاودەنگن کە ماوەیێکی زۆر پاش ئەو ڕۆژانە ، بەهۆی کۆچکردنی خەڵکی کوردستانەوە بۆ دەشتەکانی عێراق ، شارستانەتی بۆ ناوچەکانی نێوەڕاستو باشوور گوێزراوەتەوە • بڵاوبوونەوەی تەرزی خانووی خڕ لە خۆرئاوای دیجلەدا ، لە سامەڕاو شەنگار ، لەم ڕێگەیەوە بوو • تاکوو ئێستاش ، ئەم چەشنە خانووە لە ناوچەی «حەڕڕان»ی کوردستانی تورکیادا باوە • [تەماشای لاپەڕە «٣٨»ی کتێبی «تاريخ فن العمارة العراقية في مختلف العصور» بکە ، جێی گوتنە کە خاوەنەکەی «شريف يوسف» ، لە زاوی چەمیو چەرمۆوە ، لە مێژووی هونەری بیناسازیی کوردستان کۆڵیوەتەوە] •

کوردستان ، گەلێك پاشماوەی بیناسازیی وەکوو قەڵاو بورج «کەلوو» و پردو گومەزو خانوو و حەمامو خانی تێدایە ، لەوانە قەڵای (خۆشاب) لە ویلایەتی وان ، پردی (بەتمان)و پردی (حەسەنکەیف)و پردی (بافت) لە نێزیك شاری (جزیرا بۆتان) کە هەردوازدە کەلووی ستێرناسیی ئاسمان بە بەردەکانی بەری خۆرئاوایەوە هەڵکەندراون • پردی (دەلال) لە زاخۆ بە بەردو گەچو شیشی ئاسن کراوە • هەر لەو شوێنەوارانە ، گومەزەکانی دەوروبەری زەریاچەی وان کە یەکێکن لە جوانترین شاکارە بیناسازییەکانی کوردستان ، گومەزی «ئەرغن خاتوون» ، گومەزی «وەستا شاکر» ، گومەزی «بایەندری» لە شاری خەلات ، گومەزی «حەلیمە خاتوون» کە «عیزەددین شێر»ی میری هەکاری لە سەدەی چواردەیەمدا دروستی کردووەو وەستاکەیشی «••••• ابن الخلاطي»یە • [زانیارییەکی باشمان لەسەر ئەم گومەزە لە کتێبی دەستنووسی «گەشتەکی ئەرکیۆلۆجی دکوردستانا باکوورێدا» نووسیوە] • منارەی مزگەوتی «شێخ موطەهەر» لە دیاربەکر ، نموونەیێکی بەرزو بگرە کەموێنەیە لەنێو منارەکانی جیهانی ئیسلامیداو ، لەسەر چوار پایەی بەرد ، بە بەردی بازڵتیی ڕەشو بەردی سپی بیناکراوەو بنەکەی بۆشە •



وێنەی (١)
بەردی بافت

«قەیسەری نەقیب»ی سلێمانی ، لە کۆتاییی سەدەی نۆزدەیەمدا لەلایەن «وەستا حەسەنی فاتمەغەزایی»یەوە بۆ «شێخ مستەفای نەقیب»ی مامی شێخ مەحموودی گەورە ئاوا کراوەتەوە ، بە دیمەن جوانەو ، پەنجەرەی گومەزەکانی لە چەشنی چاوی مرۆڤ «چاوی بادەمی»دا کراونو ، لەنێزیك دەمی دووکانەکاندا هەر دوو کەوانەیێك بوونەتە یەك کەوانە •


«قەڵای شێروانە»ی کەلار لەسەر رووباری سیروانو ، کۆشکی «وەسمان پاشای جاف» لە هەڵەبجە دوو نموونەی دەگمەنو باڵای بیناسازین لە کوردستانی باشووردا • هەن دەڵێن «محەمەد پاشای جاف» ئەندازیارو وەستاکانی قەڵای شێروانە (بەڵکوو کۆشکی شێروانە)ی لە ئێرانەوە هێنابوو • هەرچی نەخشەی کۆشکەکەی وەسمان پاشایە ، بە قسەی هێندێك کەس ، لە ئەستەموولەوە هێندراوەو ، مێجەرسۆن کە ماوەیێك لەم کۆشکەدا ماوەتەوە ، دەڵێت : وەستا سنەیی یەکان لەسەر رێوشوێنی بیناسازیی سنە ئاوەدانیان کردووەتەوە • [زانیاریی پێویست لەبارەی ئەم کۆشکەوە کە تائێستا چوار جار بۆ لێکۆڵینەوەی چووین ، لەم گوتارەماندا : «فن العمارة في كردستان : قصر عثمان پاشا جاف في حلبجة» هەیەو ، لە ژمارەی رۆژی (٢٨)ی حوزەیرانو (٣)ی تەمووزی (١٩٨٠)ی رۆژنامەی (العراق)دا بڵاوبووەتەوە] •

نموونەی (خان)یش ، وەك خانی «سەید نورەددین»و خانی «گاوران» لە کەرکووكو ، خانی «نەقیب» لە مەندەلی کە دوو قاتەو (٥٧) دوکانو هۆدەی تێدایەو بانەکەی بە دارخورما کراوەو خانێکی بازرگانی بووەو والیی پشتکۆ «غولام حسێن رەزا» دروستی کردووە • لە (٢)ی حوزەیرانی (١٩٨٠)دا سەرمان لەم خانە داو ، راپۆرتیشمان لەمڕووەوە دا بە دەزگای شوێنەوار • خانە سووتاو لە سلێمانی ، بە کەوانو دەرگا گەورەکەیەوە هیی کاتی پاشانەکانە •

وەستا بیناسازەکانی خەڵکی کوردستان ، لە سەدە ناوەنجییەکاندا ، چەندا



وێنەی (٢)
خانی گاوران لە کەرکووك



وێنەی (٣)
خانە سووتاو لە سلێمانی

کارێکی بیناسازییان لە دەرەوەی کوردستاندا کردووە ، وەکوو «خورەمشا ـ خرمشاە»ی خەلاتی کە لەگەڵ (ئەحمەد کوڕی ئیبراهیم)ی تەفلیسیدا دەرگای سەرووی مزگەوتی «دیوریفی»یان لەئاسیای بچووك هەڵچنیوەو، «نەخۆشخانەی نەخۆشیی ئەقڵ» یشیان لە هەمان شاردا بیناکردووە .

«بدر الجمالي»ی وەزیری «المستعلي»ی خەلیفەی دەوڵەتی فاتمی ، لە سەدەی یازدەیەمدا سێ برا وەستای خەڵکی شاری ئورفا «الرها»ی کوردستانی تورکیای هێناو ، هەریەکەو دەرگایێکی لە سێ دەرگای شوورای «القاهرة»ی پێ بنیاد نان . [تەماشای لاپەڕە (٤٢٨-٤٢٩)ی کتێبەکەمان «حضارة الدولة الدوستکیة في كردستان الوسطى» بکە . ئەم زانیارییەمان لە لاپەڕە (٧٨)ی کتێبی «مصر في عهد الدولة الفاطمية»ی «محمد جمال‌الدين سرور» وەرگرتووە] . ناوی وەستا «محەمەدی جزیری» لەسەر پردێکی «نهر المر»ی ناوچەی بەلەد لە خۆرئاوای موسڵ نووسراوە .

ئەو کەسانە ناهەقی ناکەن کە دەڵێن کورد هونەری بیناسازیی خۆیی نییەو دوودڵن لە هەبوونی ، چونکە بەدرێژایی ساڵانی خوێندنیان ، تەنانەت لە کۆلێجی ئەندازەشدا ، وانەی وەهایان نەبیستووەو ، لە کتێبی خوێندنەوەیاندا ئەم ناوەیان نەدیوەو ، لە هیچ رۆژنامەو گۆڤارێکی کوردیشدا ئەم جۆرە بابەتەیان نەخوێندووەتەوە . سەرەڕای ئەوە ، خاوەن بڕوانامە بەرزەکانیشمان، کە بەلای خۆی ئاگاداری چالاکیو لایەنی بایەخ پێدراوی وڵاتانی پێشکەوتوون، شتی ئەوتۆیان لە خەیاڵدا نەبوە ، تاکوو بیری لێبکەنەوەو رووناکبیرانی بۆ هان بدەن .

پاراستنو ساخکردنەوەو تۆژینەوەی ئەم هونەرە کوردییە ، پێویستییەکی ئەمڕۆکەیەو رەوانییە دوابخرێت ، چونکە بەردەوام خانوو و بەرەو شوێنەواری کۆن لە شارەکاندا دەڕوخێندرێتو لەنێودەچێو ، کەوتوونە بەر رەحمەتی خاوەنەکانیانو شارەوانی ـ بلدیە ـو بەڕێوەبەرێتیی رێگاوبانو پرد «الطرق

والجسور» ، ئـەم دوو بەڕێوەبەرێتییە زیانێـکی بێ ئەندازەیان لـە گەلەکەمان داوە • بە وێنە ، (ئینجیساری کۆن)ی کۆیە شێوەیێکی بیناسازیی جوانی هەیەو لە ساڵی (١٣١١)ی کۆچیدا (١٨٩٣–١٨٩٤ی زایین) بیناکراوە ، شارەوانیی کۆیە کڕی‌بووی بـۆ ئەوە کە تێکی‌بـداو دوکانو بازاڕی لـەجێ بنیاد بنێ ، بەڵام باش‌بوو کاتێك پێمانزانی دەزگای شوێنەوارمان ئاگادار کردەوەو ئەویش کڕییو دەستێکی پێدا هێناو بەتەمایە بیکا بە مۆزەخانەیێکی فۆلکلۆری •

بەڕێوەبەرێتییەکانی ئەوقافی کوردستان نرخی شێوەی بیناسازیی مزگەوتی کوردی نازانن‌و ناشارەزایانە دەیانڕمێنن ، وەك مزگەوتی بەرزنجە لە شارباژێڕو مزگەوتی (وەرتێ) لە ناوچەی ڕەواندز • خـۆ ئەگەر دروستیشیان‌بکەنەوە ، بەرگە کوردییەکەیـان لێ دادەماڵن‌و ، دەیانخـەنە قاڵبێکی بێگانـەوە • ئەوەتا ئەوقافی سلێمانی «خانەقای تەوێڵە»ی دابوو بە بەڵێندەر «مقاول»ێك ، بۆ ئەوە هەڵی‌بوەشێنێتەوەو سەرلەنوێ بینای‌بکاتەوە ، ئەویش تا ئێمە فریای کەوتین بەشی حەرەمەکەی رووخانـدبوو ، بـەڵام پاش تەقەلایێـکی زۆر لەگـەڵ دەزگای شوێنەوارو بەڕێوەبەرێتیی شوێنەواری سـلێمانیدا ، توانیمـان بەشەکانی‌تری رزگاربکەین‌و وەکـوو خۆیـان بیانهێڵینـەوەو ، خانەقـاش بـە پاشماوەیێکی کەلەپووری حسێب‌کرا • [بڕوانـە ئەم گوتارەمان «فن العمـارة والزخرفة في كردستان – الطراز المعمـاري والزخـارف في طويلة» ، گۆڤـاری (كاروان المسيرة) ، ژمارە (٧) ، ١٩٨٣ ، ل(١٢٣–١٢٨) ]•

مخابن گەلێـك رووناکبیرمـان هەست بە بـەرپرسی ناکـەن‌و ، ناکەونە دەرباز کردنی ئەم گەنجینە نایابانە لە چنگی دوژمنـە گێل‌و کەم‌ئاوەزەکانیان • هۆشیار کردنەوەو تێگەیاندنی خەڵکی ئەرکێکی ڕەواو پێویستی ئەم قۆناخەمانە، بەتایبەت هیی ئەندازیاری فەرمانگەکان کـە هەرچییەك بکەوێتە سەر ڕێگەیان ڕاپێچی‌دەکەن‌و بەکاول‌کـراوی بەجێی‌دێڵن • بـە وێنە ، قیر گوتی چـەق تا دەزگای شوێنەوارو بەڕێوەبەرێتیی شوێنەواری سلێمانیمان قایل‌کرد بەوە کە

لەگەڵەندا بێن بۆ دیاری کردنی شووراو قەڵاکەی دەربەندی بازیان • سەرئەنجام لەگەڵ کاك تەها بابانو چەند فەرمانبەرێکی دیکەدا کارەکەمان جێبەجێ کرد • دووسێ حەفتە پاش ئەوە ، بیستمان بەڕێوەبەرێتیی ڕێگاوبان لایێکی قەڵاکەی ڕامالیوە کە ڕووبەرەکەی (٢١١٢) مەتری دووجایەو ، بە شۆفل تەختی کردووە ، هەر لەبەرئەوەی دەکەوێتە سە ڕێگای دووەمی سلێمانی – کەرکووك • کاتێك پێوەندیمان بە بەڕێوەبەرێتیی ناوبراوەوە کردو گلەییمان لێ کردن ، ئەندازیارەکان گوتیان نەمانزانیوە ئەوە شوێنەوارە • پێمان گوتن ئەی بۆچی نەتانپرسی ئەو هەموو بەردو گەچە لەو جێیەدا چیدەکا ؟ ، بۆچی چەند مەترێك خۆتانتان لێ لانەداو ، هیچنەبێ فەرمانگەکەتان ئاگادارنەکردەوە؟• بە حاڵی «ئیلی نۆڤچ»ی ئەندازیاری هۆڵەندەییشتان پێنەکرا کە خۆی لە داربەڕوویێك لادا ، کەوتبووە چەقی ڕێگای «خورماڵ»ەوەو ، کاتێك کرێکارە کوردەکان بە پاچەوە پەلاماریاندا بیبڕنەوە ، پێی گوتن : ئەوە چیدەکەن ! ئەم داربەڕووە گەورەیە نیشانەی جوانیو هێزو خۆڕاگرتنە، گوناحنییە ببڕدرێتەوە، من هەر لەبەرئەوە ڕێگاکە دەگۆڕم • لەڕاستیدا وایشی کرد ، کەچی ئەگەر «قەلای دمدم» بێتە بەر لوتی شۆفلی ئەندازیارانمان سێودووی لێناکەن تەختو تاراجیدەکەنو ئاساری لەسەر پاداری ناهێڵنەوە !! ••

لەوانەیە هێندێك کەس هەبن ، بڵێن : ئەگەر فەرمانگەیێکی میری حەز بە کاری وا بکا ، ئیدی ئێمە چیمان لە دەستدا دەمێنێتەوە ؟ • بەڵێ ، ئەگەر ڤیروسیا لە زۆر شت بکەینو دڵمان بێ پارەی گیرفانمان لە برووسکەو نامەی پەلەدا خەرجبکەینو ، فەرمانگەی شوێنەواری شار بەهۆش بێنینەوەو زیانو مەترسیی ڕەفتاریوای بۆ ڕوونبکەینەوە ، لەوباوەڕەدابن دەست لەوە هەڵدەگرێو پەشێمان دەبێتەوە • ئێمە بەشبەحاڵی خۆمان گەلێك ئەزموونمان (تجربە) لەمبارەوە هەیەو ، بۆماندەرکەوتووە کە سووربووانو کۆششی کۆڵنەدەرانە هەردەم سەرکەوتنو ئەنجامی چاکی بە نێوچاوانەوە بووە • بۆ

نموونە ، ئەو هەوڵەی بۆ قوتارکردنی «ئینجیسـاری کۆن»ی کۆیـە دامان ، سەری گـرت ، لەکاتێکـدا کۆیە چەنـدین رووناکبـیرو هونەرمەنـدو شاعیرو چیرۆکنووسی تێدایە ، بـەڵام چونکە بێئاگان هۆشیان بەسەر ئـەم بوارانەوە نییەو ، ئەگەر رۆژێـك لە رۆژان مزگەوتی گەورەو هـەردوو قەیسەرییەکەو خانی مەحموود ئاغـاش بـە بەرچاویانـەوە تێكوپێك بـدەن ورتەیان لـە دەم دەرنایێو خۆ ناکەن بـە خاوەنیان ، وەك چۆن خانووە نەخشـدارەکەی ئەمین ئاغا «ئەختەری شاعیر»یان لە پێش چاویاندا رووخاندو کردیان بە گەراجێکی پیسو چەپەڵ • ئەم خانـووە ، شوێنـەوارێکی بەرزیی هونـەری بیناسازیو نەخشو نیگار بوو ، لە نیوەی یەکەمی سـەدەی نۆزدەیەمدا دروستکراو ، ئێستایش شەش بەردی مەڕمەڕ لە نووسینەکانی بەجێماون •

ئۆباڵی لەنێوچوونی ئـەم پاشماوە بەنرخانە دەکەوێتە ئەسـتۆی تێکڕای رووناکبیرەکانمان ، کە لێیان ئایێ بچنە نێو خەڵکی نەخوێندەوارو فەرمانبەرانو لاوەکانمانەوە ، بـۆ ئەوەی ئامۆژگارییـان بـکەنو بایەخی هەمـوو بابەتێکی کەلەپووریان بـۆ ئاشکرا بـکەنو تێیان بـگەیێنن • پێویستە هـەر پاشماوەیێك روخسارێکی بیناسازیی هەبێ ، زانیاریی لەسەر کۆبکەینەوە ، وەکوو خانوو و قەیسەریو مزگەوتو خانو گەرماو «حەمام»و بنتاقو گومەزو سووچەکۆڵانو پردو قـەڵاو ••• تـد • دەبێ وێنەیـان بگرینو ، بـە مەتر درێـژیو پانیو ئەستووریی دیوارەکان بپێوینو ، وەسفی نەخشەکانیان بکەین بە هۆدەو دەرگاو پەنجەرەو گۆشەوەو لە دیوی دەرەوەو نـاوەوەو ، کاتی دروستکردنو ناوی خاوەنو وەستای بیناسازو نەخشکاریان تۆماربکەین •


لەجێی خۆیدایە ، ئەندازیارەکانمان دەورێـکی دیارو چالاك لەمڕووەوە بگێڕنو ، روو لـە زیندووکردنەوەی ئەم هونەرە بکەن لە کۆشـكو خانووی تازەدا ، وەکوو ئەندازیاری زرنگ «رەفعەت جادرچی» کە لە بیناسازیی خانووە کۆنەکانی گەڕەکی (باب الشيخ و قنبر علي و بتاوين و اعظمية)ی بەغداو هیی



وێنەی ( ٤ )
بن‌تاقی ماڵی چەلەبی لە شاری مەندەلی

بەسرە دەکۆڵێتەوەو لە تەلارە زلەکانی بەغدادا تازەیان دەکاتەوەو دەیانبووژێنێتەوە •

ئێستایش دەزگای شوێنەوارو وەزارەتی نیشتەجێکردن (اسکان)و ئەمینداریێتیی پێتەخت (أمانة العاصمة) ، زۆر گرنگیی بەم خانووە کۆن و کەلاوەوورییانە دەدەن و ، هەریەکە لە راست خۆیەوە دەست بەکار بووە ، تەنانەت پسپۆڕو شارەزایان لە (یۆنسکۆ)و (تونس)ەوە بۆ ئەم مەبەستە هێناوە •




وێنەی ( ٥ )
دەرگای کولفا (باب قلوفح) لە شووورای فارقین (میافارقین)



وێنەی (٦)

قوتابخانەی (قوبەهان) لە ئامێدی ، لە وێنەکەدا موفتیی ئامێدی محەمەد
روشدی کە مامۆستای قوتابخانە (مەدرەســە) کە بووە ، دیارە • ئەم وێنەیە لە
سالآنی سیدا گیراوە •



وێنەی (٧)

وێنەی (دووبانکە)یێك لە شێوەی بیناسازیی شاری ڕەواندزدا



وێنەی (٨)

ئەستوونەکانی خانووی عطاالله ئاغا لە هەولێر کە دەستکردی وەستا خەلیلی هەولێرین



وێنەی ( ٩ )

ئەستوونەکانی خانووی شێخ جەمیل ئەفەندی لە هەولێر
کە دەستکردی وەستای بیناساز (ئیسماعیل سنەیی)ن و
دەگەڕێنەوە بۆ پێش جەنگی یەکەمی جیهانی



وێنەی (١٠)

دەرگای سەرای میرنشینی بادینان لە ئامێدی

پاش رووخاندنی سەراکە

ئەم دەرگایە لە شەش بەرد پێکهاتووەو وێنەی

دوو ئەژدیهاو باڵندەی هەڵۆی لەسەر هەڵکۆڵدراوە

# هونەری نەخشی کوردی
# فن النقش الكردي

نەخشکاری یەکێکە لەو هونەرانەی کە مرۆڤ هەر لە کۆنەوە بایەخی پێ داوەو دەستڕەنگینیی خۆیی تێیاندا خستووەتەکار ، بۆیە دەشێ بکرێ بە بەڵگەیێکی دیکەی پێشکەوتنی شارستانەتیو بلیمەتیی ئەو ئەندامانەی کۆمەڵ .

ئەگەر سەرنجێکی نموونەکانی ئەم هونەرە بدەین لە کوردستاندا ، بۆمان دەردەکەوێ کە یەکجار بەهێزو جوانو بەرزنو ، دەکەونە نێو خانووو دیواخانو جێگەی دانیشتنی شارەکانەوە . ئەم نەخشانە یاگەچین ، یا لەدار کراون وەکوو نەخشی دەرگەو پەنجەرەی دارو عورووسیو سندووقو شتی لەم بابەتە ، یا لەسەر بەردی وەك مەڕمەڕدان ، یان لە پارچە شووشەی بچووکی ڕەنگاوڕەنگ سازکراون .

بەر لە جەنگی یەکەمی جیهانی ، کوردە دەوڵەمەندەکان سەر دیوارو تاقو دەوروپشتی دەرگەو پەنجەرەی ماڵەکانیان نەخشدەکرد ، بەڵام لەدوای جەنگەوە ئەم هونەرە رووی لە کزی کردووە . ئێمە کاتێك ویستمان ئەم هونەرە لەلای کورد ساخبکەینەوەو زانیاریی لەسەر کۆبکەینەوە ، توانیمان بەهۆی بیرەوەریی وەستاو دارتاشە پیرو خاوەنخانووەکانەوە ناوی چەندانێك لەو نەخشکارانە ببوژێنینەوە کە هونەرەکەیان بەڕاستی جێی لێووردبوونەوەو بەرزنرخاندنە ، وەك «گوڵمحەمەدی سنەیی» و «وەستا مەحموودی عەولاسوور» لە سلێمانیو «عەلی نەقاش» و «حەسەن نەقاش»ی کەرکووکیو وەستا مستۆ «مستەفا»ی هەولێریو «ئیسماعیل سنەیی»و «عەلی ئەکبەری سنەیی»و «عەزیز توو بیا»ی سوریانیو وەستا عزەتی کەرکووکی .


ئێستایش هێندێك لەو خانووە نەخشدارانە ماون ، وەك خانووی حاجی

سەعیدی تووتنچیو عەبدولکەریمی عەلەکەو حاجی فەرەجی قاسمو حاجی فەتاحی خەفەف لە سلێمانیو ، خانووی رەسووڵئاغاو کاکەجافو عەبدوڵڵا بەگو حاجی تەها لەکۆیەو، خانووی عەلی ئەترەقچیو شێخعەلی تاڵەبانیو مەلا قادری ئیمام لە کەرکووکو ، خانووی شێخجەمیل ئەفەندیو حاجی رەشیدئاغاو شەهاب چەلەبیو عطاالله ئاغا لە هەولێرو ، گەلێکی دیکەش .

مرۆڤ تاکوو ئەو خانووانە نەبینێ ، بەرزیو کەموێنەیی نەخشو نیگارەکانیو گەورەیی ئەو نەخشکار «نقاش»و دارتاشانەی بۆ دەرناکەوێ . چەند خانوویەکیان ، وەك هی رەسووڵ ئاغاو کاکەجاف ، هەردەڵێی مۆزەخانەی هونەرن ، ئەمەی دواییان لە ساڵی (١٣٠٢)ی کۆچیدا «١٨٨٤-١٨٨٥ی زایین» لەلایەن «وەستا عەباسی قولەبەگی»یەوە کە بیناساز «معماري»ێکی کورد بووە ، ئاواکراوەتەوە . جێی خەفەتە کە وا چەند ساڵێکە بووەتە ئاخوڕی وڵاخ ، لەکاتێکدا شایانی ئەوەیە ماجستێرو دکتۆرای لەسەر وەربگیرێ . [لەمڕووەوە ، گوتارێکی تایبەتمان لە ژمارەی رۆژی ١٨/٢/١٩٨٢ی رۆژنامەی «العراق»دا بە ناوی «دار تراثیة مزخرفة في کویسنجق»ەوە ، بڵاوکردەوە] .

عەلی نەقشی کەرکووکی لە خانووی مەلا قادری ئیمامدا کە دەکەوێتە بەرانبەر مزگەوتی ئیمام قاسمی کەرکووك ، نەخشو نیگارێکی جوانو رەنگاوڕەنگی لەسەر رووی گەچەکە هەڵکۆڵیوەو ، چەند تابلۆیێکی زەیتیی سەر دیوارو نیگاری «لوقوندان»ی گومەزئاسا لە ژمارەیەك ریزە تاقی بچووكو دوو تەنی شێوە منارەییدا ، نەخشاندووە . جووتە نەخشکارو ئەندازیاری برا «ئیسماعیل سنەیی»و «عەلی ئەکبەر» زۆربەی نەخشی گەچینی خانوو و بەرەکانی قەڵای هەولێریان رازاندووەتەوە ، وەك خانووی حاجی رەشیدئاغا کە لە شانۆیی (لاسو خەزاڵ)دا هێندێکی لە تەلەفزیۆن پێشاندرا .

وەستا مستۆ دارتاشێکی هونەرمەند بووە ، هونەرەکەی لە کۆڵەکە دارەکانی خانووی عوسمان میران لە شەقڵاوە بەدەردەکەوێ کە لە شێوەی



وێنەی (١١)
کۆڵەکەیێکی دەستکردی وەستا مستۆ لە شەقڵاوە



وێنەی (١٢)
کۆڵەکەیێکی دەستکردی وەستا مستۆ
لە خانووی محەمەد مریەمخان ئاغادا

قەتار «مقرنصات»دا ڕێکی خستوون • وێنەی تاووس و چەندین جۆرە نەخشی زۆر دڵگیرو شێوەی نەخشی «هاتای»ی عوسمانیی لە دەرگا نەخشدارەکانی خانووی محەمەد مریەمخان ئاغادا لە هەولێر ، کردووە کە سەرجەمی دارەکانیان دارپرتەقاڵ یا نارنج و دارگوێزن و ، داری «ئابەنووس»یشی لە هەردوو دەرگای دەرەوەدا بەکارهێناوە • وەستا بەکری کوڕی وەستا مستۆش دوازدە دەرگای داری لە خانووی عطاالله ئاغادا بە نەخشکراوی بۆ بەجێهێشتووین کە بەڵگەی هونەرمەندیی ئەم دارتاشە مەزنەن •

وەستا مەحموود دەستەڵاتێکی مەزنی لە سازاندنی فوسەیفسای شووشەدا هەبووە بۆ دروست کردنی عورووسی و پەنجەرەی شووشەییی ڕەنگاوڕەنگ و جۆرەها نەخشی لەم بابەتە • هێشتا کارە هونەرییەکانی لە سلێمانیدا ماون ، وەك خانووی حاجی سەعیدی تووتنچی • ئیشی دەستیی «قاسمی سنەیی»یش لە خانووی (حاجی ڕەشیدی عوسمان چاوەش)دا لە سلێمانی ماوەتەوە • ئەم دوو خانووەی دوایی‌یان لەلایەن دەزگای شوێنەوارەوە بە کەلەپووری حسێب کرانو بەتەمای کڕینیانە •

شاری ماردین و «مدیات»یش لە کوردستانی تورکیا خاوەنی نەخش و نیگارو هونەرێکی بیناسازیی زۆر بڵندن و ، لەم سەدساڵەی پێشوودا خەڵکی تێیدا دەستیان دابووە هەڵکۆڵینی نەخش لەسەر ڕووی بەردی نەقاریی خانووەکانیان • لە هاوینی (١٩٧٧)دا وێنەی هێندێك نەخشی «مدیات»مان گرت کە قەزایێکی ماردینەو ، ناوی برێك بیناسازو نەخشکاری ئەم شارەمان لە گوتارێکماندا بە ناونیشانی «المتحف الاتنوگرافي الفولكلوري لجامعة السليمانية»ەوە ، هێناوەو لە ژمارەی ڕۆژی ١٩٨١/٧/٢٠ی ڕۆژنامەی «العراق»دا بڵاوبووەتەوە ، وەك «ئیبراهیم کدوقشرو»و «یوسف کرزلو»و «لوولی» و «شێخۆ زروکی»و میعمارباشی «مەقدەسی حننا» • لە مانگی ئەیلولی (١٩٨٣)دا ، خانووێکی میرەکانی (بەهدینان)مان لە شاری ئامێدی دۆزییەوە کە



وێنەی (١٣)
خانوویێکی میرەکانی بەهدینان

ئیستا هیی (حاجی مستەفا کەتانی)یەو نەخش‌و شێوەیێکی بیناسازانەی جوانی هەیە • شاری (سنە) لە هونەری نەخش‌و دارتاشی‌و بیناسازیدا ، گەورەترین‌و گرنگترین شاری کوردستانە • وەستا سنەیی‌یەکان هونەرەکەیان بە کوردستانی عێراق‌و کوردستانی ئێران‌و شارەکانی‌دیکەی ئێراندا ، بڵاوکردووەتەوەو هەتا لە زۆر کەسی کوردستانی ئەودیوم بیستووە ، دەڵێن : سنەیی‌یەکان لە سەرتاسەری ئێراندا ناووبانگیان هەیە • داخم‌ناچێ تاکوو ئێستا هەل‌ودەرفەتی دیدەنی‌کردنی ئەو شارەم بۆ نەڕەخساوە ، چاوم بە نەخش‌و نیگارو کۆشکی «أمان‌الله خان»ی ئەردەڵانی‌و مزگەوتی «دار الاحسان» روون‌نەبووەتەوە کە وەك ئەوانەی شارەزای «سنە»ن دەڵێن ، هەریەکەو مۆزەخانەیەکن بۆ خۆیان •

لە سەدەی نۆزدەیەمدا «جان وەیس»ی سنەیی ئاوێنەبەندی گومەزی شێخی سیراجوددینی لە تەوێڵە دروست‌کردووەو ، هەن دەڵێن «شوکروڵڵا هەمەدانی»یش هاوبەشی دروست‌کردنی کردووە ، هەن دەڵێن «شوکروڵڵا ووردو ناسك بە شووشەی بچکۆلەی رەنگین‌و بە چەشنێکی ئەندازەیی‌یانە رێکی‌خستووەو بە کارێکی هونەریی کەم‌هاوتا دادەندرێت • هەروەها ناوی وەستا «محەمەد عەلی سنەیی» لەسەر کۆلەکەیێکی نەخشداری خانەقای تەوێڵە، نووسراوە کە لەگەڵ «جان وەیس»دا لە ساڵی (١٢٨٥)ی کۆچیدا (١٨٦٨ – ١٨٦٩ی زایین) پێکەوە ئیشیان تێدا کردووە • [تەماشای وێنەی ئەم کۆلەکەیە بکە لەم گوتارەماندا – الطراز المعماري والزخارف في طويلة – گۆڤاری کاروان ، ژمارە (٧) ] •

وەستا «عەبدوڵڵای سەمەندیی تووداری» کە خەڵکی کوردستانی ئێران بووە ، لە خانەقای بیارەدا عورووسیەکی داری نەخشینی بە شووشەی رەنگاورەنگ دروست‌کردووە کە مخابن لەم دووسێ ساڵەی دواییدا لەبەر نرخ‌نەزانینی ، فڕێدراوە •

دارتاشی هونەرمەند نەك لەنێو شاری سنە خۆیدا بەڵكوو لە دێهاتەكانی ئەو ناوچەیەشدا ، هەبوون وەك وەستا «حەمەموورادی نۆدشی» كە توانیویە سندوقی داری نەخشاوی دروست بكاو هەر لە داریش كلیلو قفڵی بۆ داتاشێ ، بەڕادەیێك ئەگەر یەكێك خۆی فێری نەكردایە پێی نەدەكرایەوە. ئەم وەستایە شتێكی عەنتیكەی دارتاشیی بۆ مەلیك فەیسەڵی یەكەمی مەلیكی عێراق ، دروست كردبوو . شایانی گوتنە كە نێزیكەی بیست ساڵ لەمەوبەریش ناوبراو هەر مابوو .

بەداخەوە ڕووناكبیرە سنەیی‌یەكان وەكوو ئێمە نرخی ئەو هونەرە كوردییەیان نەزانیوەو ، هیچیان لەبارەی هونەری بیناسازیو نەخشو نیگاری شارەكەیانەوە نەنووسیوە كە دەبوو چەندین كتێبیان بۆ تەرخان بكردنایە . وەكوو ئاشكرایشە هەوڵی پاراستنی ئەو كارە هونەرییانە نادەن بەڵكوو خەڵكی شارەكانی تری ئێران كەوتوونە كڕینو بردنی زۆر بەرهەمی هونەرییان ، بەوێنە زۆر عوروسی جوانو قەشەنگ .

دەرگای مەرقەدی شێخ حسێن لە دێی «سۆڵە»ی ناوچەی قەرەداخ بریتییە لە سەدان پارچە گرێی دارگوێزو ، بەبێ بزمارو بە شێوەیەكی هونەری پێكەوەنراون . ئەم دەرگایە دوو دارتاشی لادێیی هونەرمەند بەناوی «وەستا حەبیبی دۆڵاویو وەستا عەبدوڵلای تایی»یەوە دەوری پەنجا ساڵ لەمەوبەر لە ناوچەی سنە دروستیان كردووەو لەبنەڕەتدا «شێخ محەمەدی شێخ ئەحمەدی دۆڵاوی» كە بەبنەچە لە شێخەكانی سۆڵەیە لە تەكیەی «دۆڵاوی»ی باشووری سنە ، داویە بەكردو پاش كۆچ كردنی «حاجی عادلەخانمی زنی» سەرپەرشتیی تەكیەكەیی كردووەو ، بە سندوق پارچەكانی دەرگاكەی بۆ سۆڵە ناردووەو وەستایێكی شارەزایشی لەگەڵدا ڕەوانەكردووە بۆ ئەوەی پارچەكان لێك بدا .

هونەری نەخشی بیناسازانە تەمەنێكی دووروودرێژی لە مێژووی كورددا هەیە ، نموونەشمان نەخشەكانی كۆشكی «نوزی»ی نێزیك شاری كەركووكە.

نوزی له نیوەی یەکەمی هەزاری دووەمی پێش زاییندا پایتەختی «حووری – خووری»یەکان بووە ، کە یەکێك بوون لە نەتەوە کۆنەکانی کوردستان • (٥٠٠٠) پێنج‌هەزار لەوحی بزماریو نەخشەیێکی تۆپۆگرافیی ئەو ناوچەیە لە رووباری «زێی بچووك»ەوە تا دەشتەکانی حەمرین ، لەم کۆشکەدا دۆزراونەوە •

خۆئەگەر سەیرێکی ئەو سێ‌جۆر نەخشەی سەر دیواری دەرەوەی پەرستگای «کلسی» لە «وەرکا»ی باشووری عێراق ، بکەین بۆمان‌روون‌دەبێتەوە کە هەرسێکیان کتومت وەکوو ئەوانەی سەر کڵاوی کوردیی ناوچەی سلێمانینو لە سەدداسەدیش لێك‌دەچن • ئەو سێ‌جۆر نەخشە ، یەکەمیان دووشێوە لەبزینەییی «معین»یەك لەناو یەکدایەو ، دووەمیان زنجیرە چەشنێکی سێگۆشە «مثلث»یی‌یەو ، هەرچی سێیەمیشیانە برێتییە لە چەند رستێك خەتی پێچاوپێچی یەك لەسەر یەك • ئەم پەرستگایە لە زەمانی «کاشی»یەکاندا ئاواکراوەتەوە ، لەکاتێکدا – وەك طە باقر دەڵێت – کاشییەکان ئاری‌نەژاد بوونو لە ناوچەی سلێمانییەوە روویان‌کردووەتە باشووری عێراق • ئەو دەوڵەتەی کە کاشییەکان لە هەزاری دووەمی پێش زایینـدا لە عێراقدا دایانمەزراندووە نێزیکەی (٤٠٠) ساڵ درێژەی‌کێشاوەو بە وڵاتی بابل – عێراقی کۆن –یشیان گوتووە «کاردونیاش» • [تەماشای ئەم کتێبانە بکە : وێنەی نەخشەکانی پەرستگای وەرکا لە لاپەرە (٥٩ ، ١٠٤)ی کتێبی «تاریخ فن العمارة العراقية في مختلف العصور»ی شریف یوسف ، لاپەرە (١٥٧)ی کتێبی «مقدمة في تاريخ الحضارات القديمة»ی طه باقر ، لاپەرە (٦ ، ٧)ی کتێبی «الكاشيون»ی د• محمود الامين] • ئیدی هیچ گومان لەوەدا نامێنێتەوە کە نەخشەکانی پەرستگای ناوبراوو نەخشی کڵاوی کوردی یەك‌جۆر نەخشی کۆنی کوردین •

هونەری نەخشی کوردی لە سەدە ناوەنجییەکانو سەردەمی ئیسلامدا ،

پتر بەرەو پێشەوە چووە . ئێرە جێی ئەمەنییە باسی زۆر شتی لەم بابەتەی تێدا بکەین ، چونکە مەبەستی سەرەکیمان ڕێنوێنی کردنە نەك لێکۆڵینەوە لەو باس و خواسانەی کەلەپوور کە دەستنیشانمان کـردن . گەرەکمانە ڕووناکبیرانمان شارەزایی لەم لایەنانە پەیدابکەن و لەخۆبوردووانە بکەونەخۆ .

دەبێ پێ لەوەیش بنێین کە پێشکەوتووترین نەخشی ناو «خەتی کوفی» لە هەموو وڵاتانی موسڵماندا ، لە کوردستاندا بەکارهێنراوەو ، نووسینەکانی شوورای «دیاربـەکر» بەڵگەیـەکی ڕاستەقینەی ئـەم بۆچوونـەمانن . ئـەم نووسینانە ، بەپێی تۆژینـەوەی چەند خۆرهـەڵاتناسێکی وەك «ڤـان پەرشم»و «فلوری» ، دەگەڕێنـەوە بـۆ زەمـانی دەوڵـەتی دۆسـتکی و ، بەنـاوی میرە دۆستکییەکانەوە نووسراون [تەماشای باسی «تطور الكتابة الكوفية المزخرفة في الدولة الدوستكية» بکە لە لاپەڕە (٤٠٩–٤١٧)ی بەرگی دووەمی کتێبەکەماندا «حضارة الدولة الدوستكية في كردستان الوسطى» ] .

شایانی باسە ، کۆشکی دۆستکی لە فارقین «مەیافارقین»ی پایتەختی ئەم دەوڵەتەدا ، کە ئێستا قەزای دیاربەکرە ، لە ساڵی (٤٠٣)ی کۆچیدا (١٠١٢ی زایین) لەلایەن نصرالدولـە ئەحمەدی کوڕی مەڕوانی کـوڕی «کەك»ەوە بە سێ‌قات بیناکراوەو ، دیوارو بانـەکانی بە ئاوی‌زێڕ نەخش کـراون . «حاجی خەلاتی»ی خەڵکی شاری خەلات (خلاط)، کە ئێستا قەزای (بتلیس)ەو دەکەوێتە سەر ڕۆخی زەریاچەی «وان» ، دەستێکی باڵای لە هونەری نەخشی بیناسازیدا هەبووەو ، لە سـاڵی (٥٥٠)ی کۆچیدا (١١٥٥ی زایین) مینبـەری مزگەوتی «علاءالدین»ی بە نەخش لە شاری «قونیە» ، ڕازاندووەتەوەو مێژوونووسانی هونەری ئیسلامی بە کارێکی هونەریی زۆر بەرزی دادەنێن .

«محمود الكردي»یش هونـەرمەندێکی دەستڕەنگین و بلیمـەت بووە ، لەنێوان سەدەی پازدەیەم و شازدەیەمدا چووە بـۆ «ڤینیسیا» (بندقیە) لە ئیتاڵیاو ئیشی تێدا کردووەو ، گەلێك سینی و بەرهەمی کانزایی دروست کردووەو ناوی

خۆیی لەسەر نووسیون • مەحموود کارەکانی بە نیگاری گیایی نەخش کردوونو ، ئەوەیش نیشانەی بەدەسەلاتیەتی •

پێویستە ئەم جۆرە ئیشە کنزاییانە ، جا چ نەخش بن یا وێنەو نیگار ، بکەین بە سەرچاوەیێکی گرنگی لێکۆڵینەوەی هونەر لە کوردستاندا ، بەتایبەت کە هێندێکیان وێنەی مرۆڤو گیاندارانیان لەسەرە • ناوچەی دیار «دیاربەکر» لە سەدە ناوەنجییەکاندا شوێنێکی بەرچاوی لەم پیشەیەدا هەبووە ، وەکوو «دەهۆلێکی» ئاسنی نەخشدارو لەسەر نووسراو کە لە مۆزەخانەی ئەوقافی ئەستەموولدا هەیەو دەکەوێتە بەر نومرەی «٢٨٣٢» ، تەمووزی «١٩٧٧» لە گەڕانەوەماندا وێنەیمان گرت • «حەمۆ» (حموالکردي) نەخشکارێکی پایەبەرزو خۆشنووسێکی باشی سەردەمی خۆی بووە ، کتێبی دەستنووسی (جامع الاصول في احاديث الرسول)ی لە دووبەرگدا نووسیوەتەوەو بە چەشنێکی جوان نەخشاندوویە • ئەم کتێبە لە دەستنووسەکانی قوتابخانەی «یحیی پاشا الجلیلي»ی «موسڵ»ەو ، مامۆستای گەورەم «سعید الدیوەچی» لە لاپەڕە (٢١٤)ی کتێبی «اعلام الصناع المواصلة»دا باسی لێ کردووە •

ئەو نەخشو نیگارانەی کە ئەمڕۆکە لە کوردستاندا هەنو بەتایبەت سەر خانوو و دەرگاو پەنجەرەو عورووسیو سندوقی دارو ئەمجۆرە شوێنانەی گرتووەتەوە بە هونەرێکی کوردیی دەژمێردرێو نەخشکارانی زۆربەیان کوردن یان خەڵکی کوردستانن • بەشێك لەو نەخشانە لە هونەری عەرەبیی ئیسلامی یا هونەری عوسمانی یان ئێرانییەوە وەرگیراون یاخۆ کارو جێدەستی ئەوانیان پێوە دیارە ، چونکە کەس گومانی لەوەنییە کە هونەری گەلان هەردەم کاریان لێك کردووەو لەیەکدییان خواستووە •

بۆ نموونە عەرەبەکان پاش سەردەمی خولەفای راشدین ، ئەم هونەرەیان لە نەخشی ساسانیو بێزەنتیو قیبتی وەرگرتووە • ئەوەتا نەخشەکانی دەوری ئەمەوییەکان ــ وەکوو مزگەوتی قودس (مسجد قبة الصخرة) کە لە زەمانی


(عبدالملك بن مروان)دا گومەزەکەیان دروست کرد ، (الجامع الاموي) لە دیمەشقو (قصر المشتى) لە بیابانی شام کە «ولید بن عبدالملك» ئاوای کردوونەوە، (قصر العمیرة)و گەلێك شوێنەواری هونەریی‌تر – زۆربەیان دەستکردی نەخشکاری بێگانەنو ، نەخشەو وێنەکان شێوەی هلنستیو هونەری ساسانیو هیندیان تێدا بەکارهێندراوە . مێژوونووسەکانی هونەری ئیسلامی ، بە عەرەبو خۆرهەلاتناسەکانیشەوە ، هەمان بیروڕایان هەیە [تەماشای لاپەڕە (٤٢)ی «الفنون الاسلامیة»ی (دیماند)و لاپەڕە (٢٧٣)ی (الفنون الایرانیة)ی دوکتۆر زکی محمد حسن ، بکە] . هونەری عەباسی زۆر بابەتی لە هونەری ساسانییەوە وەرگرتووەو ، تەنانەت ئەو کارتێکردنە گەیشتووەتە ئیتالیاو هەموو ولاتە ئەوروپاییەکانیش [لاپەڕە (٢٨٩)ی کتێبی «الفنون الاسلامیة» ] .

موسلمانەکان «المجمع الزخرفي»یان لە هونەرە کۆنەکانی خۆرهەلاتەوە پێ گەیشتووە ، وەکوو داری مێو کە بەرەکەی هەنجیرو هەنار بێت . ئەم شێوەیە لەلایەن ساسانیەکانو قیبتیەکانەوە خراوەتە کارو ، بیزەنتیەکانیش پێیان نەزانیوەو لە هونەری کۆنی هلنستیدا نەبووە . هەروەها نەخشی باوەشێنی دارخورمایی (المروحة النخیلة)ی وێنەی هەزارێن لەساسانیەکانو، هەرسێ جۆرە نەخشی دار بە رەنگو متوربەکردن «تطعیم»و کونکردن «تخریم» – یان لە ساسانیو بیزەنتیەکان ، خواستووە .

نەخشی «هاتای» کە دادەندرێت بە یەکێك لە خاسیەتە بنەڕەتەکانی هونەری عوسمانیو ناوەکەیشی تورکیە ، سەر بە هونەری چینیو ئێرانیە . ساسانیەکانو رۆمانیەکانیش زۆر رووی هونەری خۆیان لە نەتەوەکانی پێشوویانەوە وەرگرتووەو ، هێندێك لەو نەخشانەیش کە ئەمڕۆ لەلای چەند نەتەوەیێکی خۆرهەلاتی ناوەڕاست دەبیندرێن نموونەیان لەسەر شوێنەواری ئاشوورییەکانو سۆمەرییەکانو ئەکەدیەکاندا هەیە . نموونەی لەمچەشنە زۆرنو ، سەرپاکیان ئەوە دەردەخەن کە هونەری ئیسلامی کەمتر داهێنەری

بنەتی تازەو تایبەت بەخۆی بووە •

هونەری گەلی کوردیش لەمەسەلەی وەرگرتن و کارتێکردنە بەدوور نەبووە ، بەوێنە (باوەشێنی داوخورمایی) لە خانووی حاجی‌تەها لە کۆیەو چەند خانوویێکی دی‌و مزگەوتی نائیب لە کەرکووك هەیە ، ئەمەی دوایی‌یان عەلی نەقاشی کەرکووکی کردوویە کە لەبنچینەدا بنەماڵەکەی لە شاری دیاربەکری کوردستانی تورکیاوە هاتووەتە ئەوێ • جا ئەگەر بێت‌و بەراوردێکی ووردو ڕێکوپێکی ئەم هونەرە کوردییە لەگەڵ هونەری عەرەبی یا عوسمانی یان ئێرانی بکەین ، ئەوا هێندێك گۆڕانی خۆماڵی‌و کوردانە لەوکارە هونەرییانەدا بەدی‌دەکەین‌و ، ئەوسا بۆمان ڕووندەبێتەوە لە هونەری کامە نەتەوەوە وەرگیراون •



وێنەی (١٤)

لە نەخشەکانی خانووی پیربالّ ئاغ لە هەولێر



وێنەی (١٥) و (١٦)
لە نەخشەکانی خانووی شەهاب چەلەبی لە هەولێر





وێنەی (١٧) و (١٨)
لە نەخشەکانی خانووی سەید عەبدوڵڵا ئاغا لە هەولێر





وێنەی (١٩)

(سەردەری)یێك لە دارگوێز کە هیی خانووی جەمیل ئاغایە لە کۆیە



وێنەی (٢٠)

بەشێك لە دەرگای خانووی محەمەد مریەمخان ئاغا
دەستکردی وەستا مستۆیە




وێنەی (٢١)
نەخشی (لوقوندان) لە خانووی عەلی ئەترەقچی لە کەرکووک



وێنەی (٢٢)
لە نەخشە دەستکردەکانی عەلی نەقاشی کەرکووکی
لە (جامعی نایب)دا لە کەرکووك



وێنەی (٢٣)
دەرگای داری مزگەوتی حاجی ئیبراهیم سامەڕائی
لە کەرکووک





وێنەی (٢٤)

لە نەخشی ئاوێنەو شوشەی ڕەنگاوڕەنگ ـ داری خانووی حاجی ڕەشیدی عوثمان چاوەش لــە سلێمانی کە دەستکردی وەستا قاسم سنەیی‌یە



وێنەی (٢٥)
نەخشی سەر بەردە مەڕمەڕەکانی خانووی حاجی عەبدوڵڵای
مسکین ڕەبەن لە کۆیە





وێنەی (٣٦)

لە نەخشەکانی خانووی عەبدوڵڵا بەگ لە کۆیە

# هونەری وێنەکێشیو داتاشینی کوردی
## فن التصویر والنحت الکردیین

بەشێك لە سەرچاوەکانی هونەری وێنەکێشی لە کوردستاندا دەگەڕێنەوە بۆ سەدە ناوەنجییەکانو لە کتێبی دەستنووسدا هەن ، وەك کتێبی (الحشائش)و (دسقۆریدس) کە (مهران)ی کوڕی مەنصوری کوڕی میهران لە شاری فارقین وێنەیی کێشاوە • ئەو وێنانە هیی نیوەی یەکەمی سەدەی دوازدەهەمنو ، ئەوە پێشمان‌دەدەن کە میهران لە نیگارکێشانی گیاو مرۆڤو گیانەوەردا دەستێکی باڵای هەبوە • ئەم دەستنووسە ئێستا وا لە نامەخانەی (ئیمام رەزا) لە شاری (مەشهەد)و ، ئێرانیش زێتر لە جارێك بۆ ئەورووپای بردووەو ، لە پێشانگای هونەری ئیسلامیدا خستوویەتیە روو و ، خۆرهەڵاتناسەکانیش وێنەیان گرتووەو لەسەریان نووسیوە • چەند ساڵێك لەمەوبەر ویستمان دانەیێکی گیراوە لەبەر ئەم دەستنووسەدا پەیدابکەین ، بەڵام بەداخەوە نامەخانەکە قایل‌نەبوو •

(ئیبنولڕەزازی جزیری) لە نیوەی دووەمی سەدەی دوازدەیەمدا ناوی لەم هونەرەدا دەرکردووەو ، گرنگترین کتێبی لەبارەی «ئەندازەی میکانیك»ەوە داناوەو ، خۆیشی بەوپێیە کە شارەزاییی لە میکانیكو فیزیادا هەبوە زۆر ئامێری داهێناوە • کتێبەکەی لە شاری دیاربەکر (ئامید) نووسیوەو ، وێنەی بۆ ئامێری جۆربەجۆری وەکوو سەعاتو کەرەستە پیشەسازییەکانی‌دی کێشاوە • ئیبنولڕەزاز خەڵکی شاری جزیر (جزیری بۆتان) بووە کە دەکەوێتە باکووری خۆرئاوای زاخۆو شەست کیلۆمەترێك لێیەوە دوورە •

کارە هونەرییەکانی جزیریو میهران کراون بە بەردی بناخەی قوتابخانەی وێنەکێشیی بەغدا (مدرسة بغداد للتصویر) •

(محەمەدی کوڕی عوسمانی حەسەنکەیفی (حصن کیفی ) ) قوتابییەکی

هەڵکەوتووی ئیبنول ڕەزازو هونەرمەندێکی بەتوانا بووە • هەروەها (موظەفەری کوڕی حسێنی حەسەنکەیفی) مۆسیقازان بووەو ، کتێبی دەستنووسی (رسالة الكشاف في علم الانغام)ی داناوە• وێنەیێکی ئەم کتێبەو ئەوەکەی ئیبنول ڕەزازمان لەلایە ، دانەی بنەڕەتی یەکەمیان لە نامەخانەی «لالەلی»یەو ، دووەمیشیان وا لە نامەخانەی (أيا صوفيا)یە لە ئەستەموول • ئەم دوو هونەرمەندە خەڵکی شاری (حەسەنکەیف) بوون کە دەکەوێتە ناوچەی ماردین‌و سەر رووباری دیجلە • موظەفەر بە (المصور) خۆ لەقەڵەم دەداو کتێبەکەیشی بۆ (الملك العادل) (سلێمان کوڕی غازی) داناوە ، کە میرێکی زانای کورد بووەو دەوری پەنجا ساڵێك لە حەسەنکەیف فەرمانڕەوایەتیی کردووە • ئەم هونەرمەندە لە ساڵی (٨٢٧)ی کۆچیدا (١٤٢٤–١٤٢٥ی زایین) کۆچی دوایی کردووە •

چەندین سەرچاوەی‌تری هونەری وێنەکێشی لە کوردستاندا هەن کە پێویستە کۆبکرێنەوەو لێیان بکۆڵدرێتەوە بۆ ئەوەی خاسیەتەکانی هونەری کوردەواریان تێدا بدۆزینەوەو بیانکەین بە بنچینەی هونەری کوردی •

لە هێندێك خانوو و بەرەدا وێنەی ئەوتۆ هەن ، ئەگەرچی کەمن ، لەسەر گەچ هەڵکۆڵدراون ، وەك ئەو چوار وێنەیەی کە لە خانووی سەید عەبدوڵلا ئاغادا (خانووەکە وا لە قەڵای هەولێر) هەن‌و دەستکردی (عەلی ئەکبەر)و (ئیسماعیل سنەیی)ن • وێنەی دوو ڕەشماریش لە خانووێکی گەڕەکی جوولەکانی سلێمانیدا هەیە • (٢٢٦) وێنەی بولبولیش وا لەنێو نەخشە گوڵینەکانی (خەڵوەتگای شێخ عەبدوڕڕەحمان) لە تەوێڵە • هەروەها وێنەی مار وا بەسەر گومەزی (شێخ ئادی) لە (لالەش)و مەرقەدی (شێخ مەند)یش لە (شێخان) • هەرچی وێنەی هەڵکۆڵدراوی سەر بەردو ئەو شوێنەوارە کۆنانەشن کە لەم چەند سەد ساڵەی پێشوودا لە کوردستان کراون بریتین لە وێنەی مرۆڤ‌و گیاندارو شتی‌دیکەی وەك نەخشی گیایی‌و شمشێرو خەنجەرو حەمایل‌و ، ئەمانەی دوایشیان لەسەر کێلەبەردی گۆڕستاندا هەن •

لەو گەڕانو سۆراخ کردنە دوو مانگییەی هاوینی ساڵی (١٩٧٧)ی کوردستانی تورکیادا ژمارەیێك کاری لەم چەشنەمان بینیو وێنەمان گرتن • لە بۆتان ، وێنەی مرۆڤێكو سەگێك لە (ئاشی حامۆ)دایە کە کەوتووەتە بەری دەستەچەپی رووباری بینات (باعینات)ەوەو نێزیك جێی تێکەڵبوونی بە ئاوی دیجلە ، زەلامەکە جلوبەرگی کوردی ، واتە شاڵوشەپك (رانکوچۆغە)ی لەبەردایە • وێنەیێکی دی لەسەر کێلی گۆڕێکی گۆڕستانی «شێخ مەمۆ»ی گوندی (فنك)ە کە یەکێك بووە لە شارە دێرینەکانی کوردستانو دەکەوێتە سەر لێواری خۆرهەڵاتی رووباری دیجلە • ئەو دوو وێنەیەی باسمان کردن زۆر کۆنین • لە سێ جێگەی جیاوازی ناوچەی (بۆتان)دا وێنەی هەڵکۆڵدراو هەیە کە هیی لەمێژن •

بڕێك کێلی نەخشداری گرنگ دەکەونە نێو گۆڕستانی شاری جزیرو نێوان (جامیا مەزن)و شووورای شارەکە ، کە بەڕاستی گەنجینەیێکی بەنرخی هونەری کوردین • ئەو کێلانە وێنەی مارو دووپشكو چەند جۆرە خشڵێکی ژنەو مرۆڤیان پێوەیە ، مرۆڤەکان بە جلی کوردییەوەنو هێندێکیان شاییو زەماوەند دەگێڕن • کێلی گۆڕی ژنێك بە ناوی (سوڵطان)ەوە ، کە لە ساڵی (١٢٤٠)ی کۆچیدا (١٨٢٤-١٨٢٥ی زایین) مردووە ، وێنەی لانکی منداڵێکی بەسەرەوەیە • گۆڕێکی دی وێنەی سوارێك لەسەر کێلەکەی هەڵکۆڵدراوە کە بە دەستێکی شمشێرو بەوی تریان رمێکی گرتووە ، لەتەك ئەوەشدا وێنەی تفەنگو توورەکەی barووتو دوو هەڵۆی راوو دوو مەلو مارێكو شیشو چەند پێداویستێکی تفەنگو شاخی مامزەکێویو شتیدیکەی گرتووەتەخۆ • وێنەکانی ئەم کێلە راووشکارو مەبەستی تر دەگەیەنن • ئێمە بەدووری نازانین ئەم گۆڕە هیی (محەمەد بەگی کوڕی میرشەرەف)ی میری بۆتان بێ کە لە ساڵی (١٢٠٧)ی کۆچیدا (١٧٩٢-١٧٩٣ی زایین) کۆچی دوایی کردووە ، بەڵگەیشمان گۆرانیی (نێرێ عەفۆ)یە ، چونکە (لاوی پیر)ی باوکی (سەیدکی



وێنەی (٢٧) و (٢٨)

کێلەکانی گۆڕی (سلطان)ی کچی (عمر شرفی ؟)
لە کێلە داتاشراوەکانی گۆڕستانی (جزیرا بوتان)ن و
دەستکردی هونەرمەند (فەقێ محەمەدی گوڤەشیلی)ن





وێنەی (٢٩) و (٣٠) و (٣١)
لە کێلە هونەرییەکانی گۆڕستانی جزیرا بوتان
دەستکردی هونەرمەند (فەقێ محەمەدی گوڤەشیلی)ن







وێنەی (٣٢)

کێلی عەبدوڕڕەحمان پاشای بابان کە لە ١٢٢٨دا کۆچی کردووە

بەرزییەکەی (٢) مەترە



**وێنەی (٣٣)** کێلی (صاڵحەخان)ی کچی مەحموود پاشای بابان کە لە ساڵی ١٢٤٠ی کۆچیدا (١٨٢٤-١٨٢٥ی زایین) کۆچی دوایی کردووە ، ئەم کێلە بەردە بە نەخش‌و نووسین‌و هەڵکۆڵینـەوە دەستکردی هونەرمەندی بەردتاش (نحات) ئیسماعیلی کوڕی محەمەدی ڕەشەکانی‌یە .

وە هەروەها کێلی حەسـەن پاشاو عثمان بەگی کـوڕی عەبدوڕڕەحمان پاشا دەستکردی ئەم نەخشـکارو خۆشنووسەیەو ناوی لەسەر هێندێکیانـە . هەروەها ناوی (مولان) کـوڕی (شێخ محمد) کە خۆشنـووس‌و هونەرمەندە لەسەر کێلی (حبیبـە)ی کچی مەحمودە کـە مێژووی (١٢٣٦)ی لەسـەرەو کێلی ئەحمەد بەگی مەحموود پاشایە وێنەی گـوڵ‌و تەیری لەسەر کراوە بە بۆیاخ‌و مەرەکەبی ڕەنـگاوڕەنگ‌و کێلەکانی ئـەم یازدە گـۆڕەی بابانییەکان سەرچاوەیێکی هونەری بەرزی کوردین .



وێنەی (٣٤)

یەکێکی تر لە کێلە هونەرییەکانی بابانییەکان لەناو مزگەوتی گەورە لە سلێمانی

نێچیرڤان) که نێچیرڤانو سترانبێژی محەمەدبەگ بووە لەم گۆرانییەدا شینی ئەو دەکاو وەهای دەردەخا کە گۆڕەکەی لە گۆڕستانی جزیردایەو وێنەی راووشکارو نێچیری لەسەر هەڵکۆڵدراوە • ئەم کێلانە بەپێی لێکۆڵینەوەی برای رووناکبیرو دڵسۆزی کەلەپووری کوردی (مەلا خەلەفی بافەیی) بەشێکن لە ئیشە دەستییەکانی هونەرمەندی بۆتانی (فەقێ محەمەدی گوڤەشیلی) •

یازدە گۆڕی بابانییەکان ، کە گەورەترینیان هیی (عەبدوڕڕەحمان پاشا)یە ، وان لەنێو مزگەوتی گەورەی سلێمانیداو نەخشی هێندێك لە کێلەکانیان وێنەی چەند باڵندەیەکیان تێدایە • لە گۆڕستانی گوندی (زڤنگا حاجی عەلیان)دا لە بۆتان چەند کێلێکی نەخشدار هەن • ئەو کێلانە لە مەدرەسا فەقێی تەیران»ی (فنك)یشدا هەن ، پێدەچێ هیی گۆڕی چەند میرێکی فنك بن کە داخمان ناچێ ماوەی تۆژینەوەیانمان نەبوە • دێی (هیزان) ، کە شارێکی کوردیی بەر لە زەمانی موسڵمانەتیو مەڵبەندی میرنشینی (هیزان) بووەو دەکەوێتە باشووری خۆرئاوای زەریاچەی (وان)ەوە ، چەند کێلێکی بایەخداری لەم بابەتەی تێدایەو رۆژی ۱۹۷۷/۸/۱۰ وێنەمان گرتن • دەڵێن گۆڕێکیان هیی (سینەم)ە ، ئەو ئافرەتەی کە گۆرانییەکەی تاکوو ناوچەی (کۆیە)یش دەنگیداوەتەوە ، بەڵام نووسینەکەی لەو وێنانەدا کە لەکن ئێمەن باش ناخوێندرێتەوە • وێنەی گوڵەگەنم لەسەر هێندێك کێلەبەردی ناوچەی رانیە دەبیندرێ ، ئەمەیش لەوەوە هاتووە کە دەشتی بیتوێن جێیەکی بەپیتی کشتوکاڵە •

بەم پێیە بۆمان روون دەبێتەوە کە وێنەی هەڵکۆڵدراوی سەر کێلەکانی کووردستان سەرچاوەیێکی رەسەنی هونەری داتاشینی کوردییە ، بۆیە دەبێ بپارێزرێتو بکرێ بە کەرەستەی لێکۆڵینەوەو لەبارەیەوە بنووسرێت •

هونەری وێنەکێشیی کوردیش کاری هونەری نەتەوەکانیدیکەی پێوەیە ، چونکە ئەو راستییە شاراوەنییە کە هونەری وێنەکێشیو داتاشینی هەموو

نەتەوەیەك كارلێـك دەكەن‌و لەیـەكدی وەردەگـرن ، بۆ نموونـە هونەری خۆرهەڵاتی دوور (الشرق الاقصی) كاری لـە هونەری وێنـەكێشیی ئیسلامی كردووەو ئەوەیش لە وێنەی گیانلەبەرە خەیـاڵی‌و هەڵبەستراوەكان‌و شێوەی دەموچاوی چینیی سەر بە هونەری چینیـدا دەردەكەوێ • ئەم كارتێكردنە لە دەوری مەغۆلەكاندا پتر بووە ، دەستنووسـە وێنەدارەكانی ئەو سەردەمە ئەم لایەنە ئاشكرادەكەن ، وەك دەسـتنووسی (منافع الحیوان)ی پزیشكی دەوڵەتی دۆسـتكی (عوبەیـدوڵلا بن بەختیشـوع) كـە لـە دوادواییـەكانی سەدەی سیازدەیەمدا لەسـەر داخوازیی سوڵتان (مەحموود غازان) وەرگێـردراوە بۆ زمانی فارسی‌و وێنەكانی كردراون • [سەیری وێنەی ژمارە ـ ٢ ، ١٩ ، ٢٦ ، ٢٧ ـ بكە] • برێك لە وێنەكانی‌تر كە لەو دانەیەی نامەخانەی (مۆرغان)دایە لە نیویۆرك ، وا لـە ژێر نمـرەی (٥٠٠)داو وێنـەیێكی گیراویمـان لەلایە • ئەم دەستنووسە لە سـەدەی پازدەیەمدا كەوتـووەتە دەستی نامەخانـەی میری بتلیس (شمس‌الدین) كوڕی (ضیاءالدین)ی (روشكی)‌و ناوەكەی لەسەر بەرگی پشتەكەی نووسراوەو لەنێو نەخشێكدایە ، رەنگە یەكێك بووبێ لە كتێبەكانی نامەخانەی (عەبدال‌خان)ی میری بتلیس كە مەلیك ئەحمەد پاشای تورك لەگەڵ زۆر داندراوی عەبدال‌خان خۆیدا تالآنی‌كردوون •

هەر لەم‌بارەوە ، قوتابخانـەی وێنەكێشیی بەغدا كارتێـكردنی هونەری وێنەی (مانی)ی پێـوە دیارە • (مانی) هونـەرمەندو زانایێكی ئایینیی سەدەی سێیەمی زایین بـووەو ، خاوەنی ئـایینزا (مذهب)ی (مانی) بـووە • هونەری ئێرانیش لە سەدەی هەژدەیەمدا كەوتبـووە بەر تاوی هونەری ئەوروپایی‌و ، ئەوەیش لە تابلۆی سـەر دیواری خانووەكاندا دەكەوێتـەڕوو • بێزەنتییەكان زۆربەی وێنەی گیاندارانیان لە ئاشوورییەكان‌و ئێرانییەكان خواستووە ، وەك چۆن هونەری وێنەكێشیی ئێرانی جێ‌دەستی وا بە هونەری وێنەكێشیی عەرەبیی دەوری فاتمییەكانی میسرەوە • [بڕوانە : د• حسن الباشا ، التصویر الاسلامی

في العصور الوسطى ، القاهرة ، ص(٢١ ، ٢٢ ، ٤٩ ، ٢٧٢ ، ٢٩٠ ، ٢٠٤) ] •

مەسەلەی کارتێکردن‌و وەرگرتن نەخشی سەر هێندێك دراوی کوردیشی گرتووەتەوە ، وەك پـارەکانی چەند میرێکی بتلیس ، لەوانـە (شەرەفی کوڕی محەمەد)و (میرعەبدال) (عەبدوڵلا کوڕی عەبدوڵلا)ی میری جزیر • ئەم تەرزە نەخشە بگرە لەسەر پارەی سەفەوییەکانیشدا هەیەو ، دەدرێنەپاڵ شا ئیسماعیل‌و تەهماسب • بەڵام لە رووی تەمـەنەوە پێش سەفەوییەکان هەبووەو ، ئەمانەی دوایی لە دەوڵـەتە تورکمانییـەکانی بـەر لە خۆیانیـان وەرگرتـووە ، وەك – قەرەقۆینلوو و ئاق‌قۆینلوو – •

هەر لەمڕووەوە ، هونەری بێزەنتی کاری لە هونەری وێنەکێشیی ناوچەی دیاربەکـری کوردسـتان کـردووەو لە وێنـەکانی میهـران‌و ئیبنـول‌ڕەزازو هونەرمەندانی‌دیکەی ئەم ناوچەیەدا رەنگ‌دەدەنەوە کە دەگەڕێنەوە بۆ سەدە ناوەنجییەکان • هونەری وێنەکێشیی دیاربـەکر یان راستتر بڵێین قوتابخانەی وێنەکێشیی دیاربـەکر «مدرسة دیاربکر للتصـویر» زۆر رەگـەز (عنصر)ی هونەریی لەلایەن قوتابخانـەی وێنەکێشیی بەغداوە وەرگـیراون • جا ئەگەر لە پاشەڕۆژدا بە شێوەیێکی فراوانترو وردتر لە هونەری ئیسلامی یان هونەری ناوچەی دیاربەکر (کە ئێستا ویلایەتی دیاربەکرو ماردین‌و سێرت – سعرت – دەگرێتەوە) بکۆڵدرێتـەوە ، باشتر روخسارو ئادگارو بنەمـاکانی قوتابخانەی وێنەکێشیی دیاربەکر دەردەکەوێ‌و دەیسەلمێنێ کە مۆرکی (طابع) قوتابخانەیێکی هونەریی سـەربەخۆو تایبەت بـە کـوردی هەیەو ، چیـدی رەوانییـە لەنێو قوتابخانەی وێنەکێشیی بەغدادا بتوێندرێتەوەو شوێنەون بکرێت •

بێ‌گومان تاکوو ئەمڕۆکەو لەم کوردستانی عێراقەدا ، پسپۆرێکی ئەوتۆمان بۆ پێ‌نەگەیشـتووە کە بتـوانێ وەك (زکی محمد حسـن)و (حسن الباشا)و (عبدالعزیز مرزوق) بەراوردێکی زانستانەی هونەرە جۆربەجۆرەکانی نەتەوەی کوردو عەرەب‌و تورك‌و فارس بکا ، چونکە ئەو کارە شارەزاییەکی یەکجار

قووڵو بەربڵاوی هونەرە ئیسلامییەکانی پێ دەوێ • لەڕاستیدا چ هونەرمەندانمانو ئەوانەی ئامۆژگا یا ئەکادیمیی هونەرەجوانەکانیان تەواو کردووەو چ ئەوانەش کە لە دەرەوەی وڵات خوێندوویانە لەملایەنەوە کەمدەستەڵاتو بێزانیارینو هێندە سەر لەم کێشەیە دەرناکەن ، بەتایبەت لە بواری هونەری ئیسلامیو قوتابخانە جۆربەجۆرەکانی سەردەمی عەباسیو سەلجووقیو مەغۆلیو سەفەویو عوسمانیدا ، چونکە تاکە ڕێگەیێك بۆ دۆزینەوەو ساخ کردنەوەی ئەم هونەرە کوردیانە هەر لە سەدە ناوەنجییەکانەوە تا جەنگی یەکەمی جیهانی ڕێی هونەری ئیسلامییە • پێویستە ئەوەی لەم مەیدانەدا ئیش دەکا ، زانیارییەکی تێروتەسەلی هەبێو ئەوەندە کارامە بێ کە جیاوازیی نێوان هەموو قوتابخانە هونەرییەکانو سیفەتو جوێکەرەوەی هەریەکەیان بزانێو ، لەوانەیشەوە شەقڵی خۆماڵیی هونەرە کوردییەکان دەستنیشان بکا • ئەو شارەزاییی‌یەی مەبەستمانە بەشێکی مێژووی بەرینی ئیسلامەو ، بەهۆیەوە دەتوانین سەرچاوەکانی هونەری کوردیی سەدان ساڵی بەر لە ئێستا ئاشکرابکەین • امخابن کە هونەرمەندانمان لە بوونی ئەم هونەرە کوردیانە ئاگادارنینو پێنازانن چ نەخشو نیگارو وێنەیێك لە شارەکانیاندا هەیە • خۆ ئەگەر تۆزێك زانیاریی هونەریی تاقی قوتابێتیشیان لەبیر مابێ ، ئەوە تەنیا هونەری بێگانەو قوتابخانە هونەرییە نوێیەکانی ئەورووپا دەگرێتەوە •

ئاێستا زۆرجار لەبارەی چۆنیەتیی دەرك کردنمان بە گەلێك بیری تازەو ، بەتایبەت بیری هونەرە کوردییەکان ، لێیان پرسیوین • ئەوی ڕاستی بێ دۆزینەوەو بەئەنجامهێنانی بیرێکی نوێ ، ژانگرتنو ماندووبوونێکی زۆری پێ دەوێ • بۆ نموونە ، ڕەنگە گەنجینەیێك لە شوێنێکی وەهادا بێ کە تۆ هەموو ڕۆژێك هاتووچۆی پێدا بکەیو ، سەدان ساڵیش بەر لە تۆ سەرەڕێی خەڵك بووبێو پێیان نەزانیبێو هەر بە شاردراوەیی لەژێر زەویدا مابێتەوە • خۆ ئەگەر یەکێك بە جێگەکەی بزانێو ، پێت بڵێ : ئێرە گەنجینەیێکی تێدایە،

ئەوا ئەم سێ وشەیە بەلای تۆوە ئەوپەڕی گرنگ دەبێو ، ئەوەت بۆ دەمێنێتەوە پاچو خاکەنازی بۆ پەیدابکەیو سووكو ئاسان بکەویە دەرهێنانی . واتە داهێنانی بیر (فکرة) قورسترین لایەنی هەرکارێکەو دەوری سەرەکییش دەبینێ .

جا مەسەلەی ئەم بیرانەیش هەمانبار دەیانگرێتەوە . ئێمە ئەگەر پێش پازدە ساڵ ، یەکێك ڕێگەی پێشاندەداینو ئەم بیرانەی دەخستە مێشکمانەوە ، لەمێژبوو دەستماندەکرد بە ساخکردنەوەی لقەکانی کەلەپووری شارستانەتیی کوردو کۆکردنەوەی بەڵگەنامەو بیرەوەریی بەساڵداچوانمانو بەشێکی زۆریمان لێ ڕزگاردەکردن . بەڵام نەك مامۆستایێك نەبوو کەڵکی وەهامان پێ ببەخشێ ، بەڵکوو کەس بیری ئەوتۆی لەکن نەخوڵقابوو . گەورەترین مامۆستا کە دەرگای ئەم بابەتانەی بۆ کردینەوە ، مێژووی موسڵمانەتیو نەتەوە موسڵمانەکان بوو ، بەتایبەت مێژووی شارستانەتیی موسڵمانەتی . ئەم بیرانە بەرهەمی خۆماندووکردنو خوێندنەوەیێکی بێئەندازەی سەدان سەرچاوەی بەنرخن ، لەبارەی مێژووی ئیسلامو پەیداکردنی شارەزایی لە هەموو بەشەکانی ئەم مێژووەداو لەنێو ئەویشدا لقەکانی مێژووی کوردو بایەخدان بە بابەتی شارستانانەی وەك هونەرو پیشەسازیو کشتوکاڵو بازرگانیو زانست - خوێندن ، پزیشکی ، ستێرناسی (الفلك) ، ئەندازەی میکانیكو ئەندازەی بیناسازی - و مێژووی شارەکانی کوردستان . تاکوو بەهۆی ئەو کتێبانەوە کە سەرچاوەی مۆسیقاو گۆرانیی عەرەبین ، کەوتینە خولیای دۆزینەوەی مۆسیقاو مەقامە کوردییەکانی سەدە ناوەنجینەکان .

هاتنەکایەی بیری هونەرەکانی کوردو زۆر رووکاریتری کەلەپووری گەلەکەمان ، شتێکی یەکجار پیرۆزو گرنگە بەلای ئێمەوەو ، لەو باوەڕەیشداین کە رەنجەکەمان بەفیڕۆ نەچووە . لەڕاستیدا هەر مێژوونووسەکان لە دۆزینەوەو دەرخستنی هونەری جۆراوجۆری نەتەوە موسڵمانەکاندا

دەست پێشخەربوون‌و ، توانیویانە لەو ڕێیەوە خەڵکی‌دیکەیش بۆ ئەم مەیدانە بەکێش بکەن ، جا ئیتر چ مێژوونووسە خۆرهەڵاتناسەکان بووبن وەك ـ دیمان، ڤرۆست ، ڤان برشم ، ئادام متـز ـ یا مێژوونووسی وڵاتە موسـڵمانەکان وەك ـ جورجی زیدان ـ . ئەم بلیمەتەی دواییان لەم بوارەدا پێشەنگ بووەو ، توانیویە مێژووی ئیسلام بگوشێ‌و لایەنی شارستانەتیی لێ بچۆڕێنێتەوەو کتێبی (تاریخ التمدن الاسلامي)ی لێ بەرهەم‌بێنێ . (ئەحمەد تەیمور پاشا)یش ، کە لەبنەچەدا کوردە ، دەستێکی باڵای لـەم کارەدا هەبوە . تا لەم دوادواییەدا (زکي محمد حسن) بوو بە بەرزترین مێژوونووسی هونەرە ئیسلامیەکان .

ئەوانەی کـە یەکەمجار لە ئەنـدازەی بیناسـازی‌و میکانیـك دوواون ، هیچ کامێکیان ئەندازیـار نەبوون . ئەو کەسانەیش کە پێشەکی لـە مۆسیقای عەرەبی کۆڵیونەوە ، وەك (د. حسین علي محفوظ)ی خاوەنی کتێبی (قاموس الموسیقی العربیة) ، مۆسـیقاژەن نەبوون . خـۆ ئەوە ئەوانـەیش کە لەبارەی هونەری وێنەکێشیـەوە نووسیویانە ، هـەر لەوەبەتر هونەرمەنـد نەبوون . مێژوونـووس‌و تـوێژەرەوەکان دوای ئەوەی زانیاریـەکی فراوانیـان لەسەر هونەرەکان لـە کتێبی مێـژووی ئیسـلام‌و جیۆگـرافیی ئیسـلامی‌و چەندین دەستنووسی‌ترەوە هەڵهێنجاوە ، روویان کردووەتە بڵاوکردنەوەی ئەو بیرانە ، بۆ ئەوەی هەرکەسە بەپێی پسپۆڕی‌و دەستەڵاتی خۆی بە شێوەیێکی قووڵترو زانستانەتر لێیـان وردبێتەوەو پەرەیـان پێ بدا . بۆ نموونـە ، هونەرمەندی گەورەی عەرەب (جـواد سلیم) سوودی لە هونەری (واسطي) وەرگـرت بۆ کارە هونەریەکانی ، ئەوەیش (ڕەفعت جـادرچی)و هێندێك ئەندازیاری‌تری عەرەب ، کە هونەری بیناسازیی کەلەپووری عەرەبی لە ئەپارتمانە نوێیەکانی بەغداو وڵاتانی‌دیکەی عەرەبیدا زیندوودەکەنەوە .

ئێمە هەرگیز نەمانویستووە خۆمان بـە قۆناخێکی دیاریکراوی مێژووی کوردەوە ببەستینەوە ، وەکـوو ماوەی سـەدەیێك یان چل‌پەنجا سـاڵێکی ئەم

نێزیکانە ، بەڵکە بایەخمان بە سەرلەبەری داوە ، هەر لەکۆنەوە تا ئەمڕۆ • جا ئەگەر دەستمان لە تەواوکردنی بڕێك باسی مێژوویی هەڵگرتبێ ، کە دوازدە بابەت دەبن و هێندێکیان چەند بەرگێکیان لێ بەرهەم هاتووە ، ئەوە لەبەرئەوەیە کە ئەو باسانە پشت بە سەرچاوە دەبەستن و زانیارییەکانیان بە نووسراوی لە کتێب و سەرچاوەی تردا هەن و نافەوتێن • پەنجا ساڵی دیکەیش بێ ، کەسێك دەبێ پوختەترو فراوانتر لەبارەیانەوە بنووسێ • ئەمڕۆ کۆکردنەوەی کەلەپووری پرژوبڵاومان شتێکی پێویستەو نابێ خۆمان لەم ئەرکە مەزنە لابدەین •

لە بەرگی دووەمی کتێبەکەماندا (حضارة الدولة الدوستكية في كردستان الوسطى) ، کە چوارسەدو نەوەدودوو لاپەڕەیە ، ناوی (٢٣٤) سەرچاوەمان هێناوە ، بەو سەرچاوانەیشەوە کە نەمان نووسیون دەگەنە دەوری (٣٠٠) دانە سەرچاوەو بە (٧) زمان کە یەکێکیان (سوریانی)یە • ڕەنگە هیچ دانەرێکی کورد ئەوەندە سەرچاوەی بۆ کتێبێکی خۆی بەکارنەهێنابێ • جگە لەوە کە ژمارەیێکی زۆر سەرچاوەمان ئەملاو ئەولا پێ کردووەو ، چەند کتێبێکی دەستووسیشمان بە (مایکرۆفیلم) لە نامەخانەی (موورغان) لە نیویۆرك و نامەخانەی (بودلیان) لە زانستگەی ئۆکسفۆردو نامەخانەی مۆزەخانەی بەریتانیاو (دار الكتب والوثائق القومية)و (معهد مخطوطات جامعة الدول العربية) ، پەیدا کردووەو لەم بەرگەدا سوودمان لێ بینیون • ئەم کتێبە ساڵی (١٩٧٥) چاپکرا، بەڵام ڕێگەی بڵاوبوونەوەی نەدرا • ئەگەرچی هەردوو بەرگی ئەم کتێبە نێزیکەی (٩٠٠) لاپەڕە دەبێت و زانیارییەکی هەموولایەنەی لەسەر دەوڵەتی کوردیی دۆستکی تێدایە ، بەڵام قەت لەلامان بەنرختر نابێ لەو (٨٦) سەعات بیرەوەرییەی پیرەمێردەکانمان ، کە لە سەیدصادق و سلێمانی و چەمچەماڵ و ڕانیەو ژاراوەو بەستەستێن و ئۆردوگای ناودەشتییەکانی قەندیل و قەڵادزێ و کۆیەو کەرکووك و هەولێرو ڕواندزو گەلێك جێگەی تردا تۆمارمان کردوون •

ئەم کارە زۆر زانیاریی گرنگی بۆ لە فەوتان قوتارکردین ، چونکە بەشێك لەوانەی بیرەوەریمان وەرگرتن پاش ماوەیێکی کورت کۆچی دوایی‌یان کرد •

ئەم قسەیەمان بە شانازی‌و بەخۆنازین لێ وەرمەگرن ، ئێمە دەتوانین بڵێین لە سەرڕا هاتووینە خواریێ‌و نرخی ئەم خوارەوەمان زانیوەو هانی ڕووناکبیرەکانیشمان دەدەین هەمان ڕێگە بگرن •

دەبێ ئێمە تا چەند ساڵێکی‌تر قوربانی بە ئاسودەیی‌و بەشێکی ژیانمان بدەین ، لەپێناوی کۆکردنەوەی کەلەپووردا‌و ڕزگارکردنی ئەوانەی کە ماون، چونکە ئەوە بە پێداویستێکی سەرەکیی ئەم قۆناخە دەزانین‌و هەر کەمتەرخەمی کردن‌و سستی‌و خۆدزینەوەیێك لەم کارە لەلایەن ڕووناکبیرەکانمانەوە ، مێژوو و نەوەکانی داهاتوومان بە تاوانێکی گەورەی لەقەڵەم دەدەن !!



وێنەی (٣٥) دوو باڵندە لەسەر شووراى دیاربەکر لە تەنیشتی خۆرهەڵاتی (ئیچ‌قەلعە)وە هەڵکۆڵدراون • ئەمە نموونەیێکی هونەری داتاشینی دەوڵەتی دۆستکی‌یەو ، دەکەوێتە سەرەتای نووسینێکی کوفیی سەر شووراکە کە ناوی پاشای دۆستکی نظام‌الدینی کوڕی نصرالدولة و مێژووی ٤٦٤ی کۆچیی (١٠٧١ی زایین) تێدا هاتوون
ڕۆژی ١٩٧٧/٨/٢١ ئەم وێنەیەم گرتووە



وێنەی (٣٦)

تەقولباێك لە زەرد دەستكردی ئەحمەدی
مەحموود ئاغایە لە سلێمانیو مێژووی
١٩٣٣ی زایینی لەسەرە

# چۆنیەتیی لەنێوچوونی بەشێك لە كارە هونەرییەكان

رووناكبیرانی كورد ، بەتایبەت نووسەرانو دانەران ، تاوەكوو ئێستا نرخی هونەری كەلەپووریی كوردییان نەزانیوەو ، رۆژێك لە رۆژان كارێكی شایستەی باسو جێی رێزلێنانیان لەمبارەوە نەكردووەو ، بگرە بە بیریشیاندا نەهاتووە ، بەڵكوو بابەتی لاوەكیو دوور لە خواستی ئەم سەردەمە كە رەوتی پێشكەوتنی كۆمەڵو شارستانەتی رەتیدەكاتەوە ، جەنجاڵی كردوون •

هەر شارێكی وەكوو سلێمانی بگرین ، دەبینین دەیان شاعیرو چیرۆكنووسی تێدا راستبووەتەوە ، كە ـ لەگەڵ رێزماندا بۆیان ـ نەیانكردووە تەنانەت دۆستانو كەسانی دەوروبەریشیان تێبگەیێننو باسی گەلێك بابەتی پشت گوێخراوو پڕسوودی وەك هونەرە كوردییەكانیان بۆ بكەن ، تاكوو هەم جۆرە پەرۆشیو حەزێكیان لەلا پەیدابێو رووبكەنە ئەو مەیدانانەو ، هەم نەهێڵن دەستی لەنێوچوون بگاتە پاشماوەی كەلەپووریمان •

خەڵك لە بێئاگاییو نەزانینەوە ، زۆر ئیشی نابەجێیان كردووە ؛ ئەمیان چووە نەخشی سەر دیواری هۆدەكانی ماڵەوەیانی رنیوەو سەرلەنوێ گەچكاریی كردووە ، ئەویان پەنجەرەو عورووسییە رەنگاوڕەنگەكانی خانووەكەیی دەرهێناوەو فڕێیداونو لەسەر تەرزی تازە دروستی كردوونەوە ، قوربان هەر لەبەرئەوە كە باوی نەماوە ! ، ئەویتریان مادام سندوقە دارە نەخشینەكەیان كۆن بووە هەڵیوەشاندووەو شكاندوویە • ئیتر بەمپێیە ، چەندەها كەرەستەی نایابو بایەخدار فەوتاوەو بێسەروشوێن بووە •

(وەستا مەحموودی عەولاسوور) یەكەم هونەرمەندی نەخشی شووشەیی بووە لە كوردستانی عێراقداو ، لە خانووەكەی خۆیدا بە وردە شووشەی رەنگاوڕەنگ (فوسەیفسا)یێكی جوانی نەخشاندووە كە وەك دەڵێن ساڵەها

خەریکی بووەو جۆری شووشەکانی تێدا گۆڕیوە . کەچی پاش کۆچی‌دوایی‌کردنی ، کوڕە بێهۆشەکانی خانووەکەیان رماندووەو ، هەتا هۆدەکەی وەستایش کە دڵی خانووەکە بووە ، بەرکەوتووەو لەسەر شەقامی کاوە کردوویانە بە دوکانی زێڕنگەری ! .

خۆ کە باسی پاشماوەی هونەریی لەنێوچوو دەکەین ، نابێ گەرماو (حەمام)ی (صورەت)ی سلێمانی لە بیری خۆمان بەینەوە ، کە ئەو ئیشە هونەرییانەی تێدا کرابوون نەك لە کوردستانی عێراقدا بەڵکوو لەوانەیە لە سەرتاسەری کوردستاندا هاوچەشنیان نەبێ . هونەرمەندێکی کورد وێنەی جۆربەجۆری بەرجەستە (مجسم)ی لە دیوارەکانو گومەزی گەرماوەکەدا بە رووی گەچەکەیەوە هەڵکۆڵیبوو . وێنەی گەورەگەورەیان تێدا بووە ، وەك وێنەی رۆستەموزۆراب لەکاتی شەڕکردندا ، رۆستەمو دێوی سپی ، برزوو ، وێنەی ئەفسانەیی‌دیکە ، وێنەی شێر ، پڵنگ ، ئاسك ، گاکێوی ، مەڕەکێوی ، ورچ ، مەیموون ، ئەژدیهایێك ئاسکێك قووت‌دەداو هەردوو شاخی ئاسکەکە لە دەمی گیربوون ، دیمەنی شەڕکردنی (بەوری بەیان) لەگەڵ پاڵەوانێکدا لە دیمەنی یەکەمیاندا پاڵەوانەکە چووەتە نێو سندوقێکەوەو بەوری بەیانیش پاڵەوانو سندوقەکەی هەڵلووشیوە ، لە دیمەنی دووەمیاندا پاڵەوان لە زگی بەوری بەیان هاتووەتە دەرێ . لە وێنەیێکی‌تردا ، ئەژدیهایێك خەریکی قووت‌دانی زەلامێکە ، ئەمسەرو ئەوسەری شمشێرێکی بەدەست گرتووەو ، دەمی ئەژدیهاکەیش لەمبارەدا داتلیشاوە .

جگە لەوە ، وێنەی تاووس‌و بولبول‌و پەپووسلێمانکەو قازو مراوی‌و کوندەپەپوو و زۆر باڵندەی‌تریشی کردبوو . دیمەنی دارستانێکی گەورەی رەنگاندبوو ، کە گیانداری هەمەجۆری تێدا بووەو هەریەکەیانی بە شێوەیێکی هونەریی بەرز بە رەنگی راستەقینەی خۆی پێشان دابوو . ئەم گەرماوە شیاوی ئەوە بوو بکرێ بە مەیدانێك بۆ تۆژینەوە لە هونەری

وێنەکێشی‌و داتاشینی کوردی •

پاش ئەوەی کابرایێکی نەزان ئەم مۆزەخانەیە (حەمامی سورەت) ، کە مولکی بنەماڵەی (کەریمی عەلەکە) بووە ، بەکرێ دەگرێ گشت وێنەی رووی دیوارەکان دەڕووشێنێ‌و گەچکاریان دەکاتەوە • ئەو رۆژەی هاوینی ساڵی (١٩٧٩) ، کە چووین بۆ وێنەگرتنی دیمەنەکانی ئەم گەرماوەو بەم کارەساتە جەرگبڕەمان زانی ، یەکێك بوو لە ناخۆشترین‌و دڵتەنگترین رۆژانی ژیانمان •

خوێنەری بەڕێز ، خۆت سەرپشك بەو ، داوەرییەکی بێلایەنانەو راستگۆیانەی ئەم کێشەیە بکە • کێ بەرانبەر بە بەسەرهاتی وا هەرچیپەرچیانە ، بەرپرسە ؟ ئایا تاوانی ئەم کارە شانی ئەو نووسەرو شاعیرو چیرۆکنووسانە ناگرێتەوە ، کە زۆرجار خۆیان لەم گەرماوەدا شتووەو ، وەك ئێستا دەڵێن‌و پێی لێ دەنێن ، هەموو جارێك ئەم وێنانەیان بەرچاوکەوتووە ؟ • بۆچی ئەو شاکارە هونەرییە بەرزە سەرنجی رانەکێشاون‌و ، بایەخی پارچەشیعرێکی ساردوسڕیان پێ‌نەداوەو ئەو کرێگرتە بێمێشکەیان حاڵی نەکردووە کە ئەو وێنانە هونەرن‌و دەبێ بیان‌پارێزێ ؟ •• جا ئەگەر یەکێکیان تاکە جارێکیش وێنەی ئەوانەی لە پێش چاوی کابرادا بگرتایە ، ئەوسا ئەویش لە نرخیان تێدەگەیشت‌و بەو دەردەی نەدەبردن‌و ، کەلەپوورێکی بێهاوتای شارستانەتیمان وەها بەئاسانی تێدانەدەچوو و ، پاشەڕۆژ رووی گەلەکەمانی سووردەکرد •

نەخێر ئەو کارەساتە هەر بەوەوە نەگیرساوەتەوە ، ئەوەتا لە لایێکی دیکەوە زۆربەی کێلەبەردە نەخشدارەکانی «گردی سەیوان» شکێندراون‌و هەڵکەندراون ، ئەو گردی سەیوانەی کە کەسانی وەك خوالێخۆشبوو محەمەدئەمین زەکی بەگ‌و جەمال عیرفان‌و مستەفا پاشا یامولکی‌و بێکەس‌و گۆران‌و حەمدی‌و دەیەها رۆڵەی قارەمان‌و جێی شانازیی نەتەوەکەمانی لەباوەش

گرتووەو ناوی چووەتە چەندین شیعری نیشتمانیی وەکوو (گردی سەیوان)ە بەناوبانگ‌و پرسۆزەکەی (شێخ نوری شێخ صالح)ی رەحمەتیەوە •

ئەوی ڕاستی بێ لەمێژبوو بیستبوومان کە ئەو ناوە گەلێك كێلی نەخشداری گرنگی تێدایە ، بەڵام سەرقاڵبوونمان بە کاری‌ترەوە ئەو دەرفەتەی بۆ سازنەدەکردین‌و ، لەو بڕوایەیشدا بووین کە ئەو کێلانە ، هیچ نەبێ لەبەر ڕێزو خاتری مردووەکانمان‌و بەتایبەت ناودارانو گەورەپیاوانیان ، هەروا پارێزراو دەبن‌و کەس زاتی ئەوە ناکا دەستیان بۆ درێژبکاو بە نیازی خراپەوە توخنیان بکەوێ •

جا کە لە رۆژی (١٩٨٣/٦/١)دا ، لەگەڵ دوو برادەری‌دیدا (کاك ئازاد عەبدولواحیدو کاك محەمەد کەرکووکی) ، بە مەبەستی وێنەگرتنی کێلەکان‌و دەست‌خستنی بەشێك لەو دەستنووسانەی کە هێندێك کەس لەسەر گۆڕی (شێخ مارفی نۆدێیی)و نێو گومەزی (سلێمان پاشای کوڕی عەبدوڕڕەحمان پاشای بابان)دا دایاندەنان ، سەرمان لە گردی سەیواندا ، دوای سووڕانەوەو گەڕانێکی زۆر دوو سێ كێلی نەخشدارمان دۆزییەوە • کاتێك لە (کاك مەحموود)ی خزمەتکاری مەرقەدی شێخ مارفی نۆدێییمان پرسی : کوان ئەو هەموو کێلە نەخشدارانەی باسیان‌دەکەن ؟ ، گوتی : هەیهوو مامۆستا ئێوە ئاگاتان لە بەسەرهاتی ئەو کێلانە نییە ، خوا قوتابییەکانتان بگرێ کە بێ‌بەزەیی‌یانە بەردەبوونە شکاندنیان ، بەناو بۆ دەرزخوێندن‌و دەورکردنەوە دەهاتن کەچی دەیانکردن بە نیشانەو دەیاننانەوەو دەست‌ڕاستیی خۆیانیان پێ تاقی‌دەکردنەوە •

مەسەلەی ئەو کێلانەم لە چەند پیرەمێردێکی دانیشتووی چاخانەی کاك عومەر هەورامیی حەوشەی (ئوتێلی گەل)ی حاجی ئیبراهیم ئاغا پرسی ، ئەوانیش لە وەڵامدا گوتیان : نانەواکان بەو کێلانە فێربووبوونو هەڵیان‌دەکەندو دەیانبردن ، ئەمجا دەیان‌خستنە ناو تەنوورەکانیانەوەو ، دیوە

نەخشدارەکەیان دەکردە ژێرەوەو نانیان لەسەر رووەکەیتری دەبرژاند ، لەبەرئەوە کە بە گەرمیی ئاگر ناتەقن و لە بەردەسوورەی (واژە)ی دیوی چیای «ئەزمڕ»ن . نابێ ئەوە لەیادبکەین ، کە ئەو نەخشانە دەستکردی وەستایان (حەبیبی بەنا)و (مەردان)و (حەسەنی فاتمەغەزایی)و (وەستا حەسەنی وەستا رەشید) بوون و ، زستانان دەمی ئیش کزبوون دەستیان دەکرد بە هەڵکۆڵین و رازاندنەوەی نەخشی کێلەکان ، وەك بەنای شارەزا وەستا عەلیی وەستا حەسەنی فاتمەغەزایی دەڵێ .

جا هۆی روودانی ئەم کارە بێسەروبەرەو منداڵانەیە لەلایەن قوتابییەکانەوە مامۆستای قوتابخانەکانن ، کە لەدەستیان نایێ جارێك لەجاران ئامۆژگارییەکی دڵسۆزانەی قوتابییانیان بکەن و خۆشەویستیی کەلەپووری باوباپیرانیان بخەنە دڵەوە ، تاکوو نرخی ئەو کێلانەیان بزانیبایەو رێزیان لە گەورەیی گردی سەیوان بگرتبایە . پێمانوابێ ئەرکێکی نیشتمانیی و نەتەوایەتیی مامۆستا ئەوەیە کە جاروبار قوتابییەکانی تێبگەیێنێ و هۆشیارییەکی راستەقینەو بەتینیان لەنێودا بلاوبکاتەوە ، نەك تووتیئاسا چیی خوێندووەو فێری بووە بیڵێتەوەو خۆ لە باسیدی نێزیك نەکاتەوە . بەراشکاوییەوە دەڵێین ، مامۆستای کورد ، هەر لە قۆناخی سەرەتاییەوە تا دەگا بە زانستگە ، لەم بارەوە کەمتەرخەمەو هیچێکی ئەوتۆی نەکردووە .

دەردی تێداچوونی ئیشی هونەریی هونەرمەندانی پێشوومان ، شاری هەولێریشی گرتووەتەوە . ئەوە (کۆشکی باداوە)ی (مەلا ئەفەندی) ، کە مرۆڤێکی زۆر داراو زانایێکی گەورەی سەردەمی خۆی بووە ، بەتایبەت لە ستێرناسیدا . ئەم کۆشکە بە گرنگترین خانووی نەخشداری هەولێر دادەنرێت و ، دروستکردنی بووە هۆی زۆربوونی سامانی هونەری لەو شارەدا ، چونکە کە مەلا ئەفەندی بەتەمای ئاواکردنەوەی کۆشکەکەی بوو (ئیسماعیل سنەیی)ی بیناسازو نەخشکارو (عەلی ئەکبەر)ی نەخشکاری برای هێناو ئەوانیش

چەندەها کاری هونەرییان تێدا کـرد • کە دەوڵەمەندەکانی هەولێـر تابلۆو دیمەنو نەخشە جوانو دڵفرێنەکانی کۆشکی باداوەیان بینی ، ئەوانیش کەوتنە نەخشاندنی خانووەکانیان •

پاش تەواوبـوونی کۆشـکی بـاداوە ، (مـەلا حەوێـزی کۆیـە) ، کە قوتابییەکی زیرەکی مەلا ئەفەندی بووە ، ئـەم دێڕە شیعرەی بۆ مێژووەکەی هەڵبەستووە :

روضـة العـرفان شـد          تـأريخ جوهـــردار أو

مەبەست لە (جوهردار) پیتە خاڵدارەکانی نیوەدێڕی (روضة العرفان)ە ، کە هەر چوار پیتی دەبێتە (١٣٣٠)ی کۆچی (١٩١١–١٩١٢)ی زایین) •

(هێی)ی حاکمی سیاسیی ئینگلیز لە هەولێر ، لە لاپەڕە (٢١٢)ی بەرگی یەکەمی کتێبەکەیـدا (سنتان في كردستان) پەنجـەی بۆ ئەوە راکێشـاوە کە عورووسیو ناوماڵێکی نەخشـداری قەشـەنگ لەم کۆشـکەدا هەبـووەو وەك زانیومانە وەسـتا (مستۆ) دروستی کردبوون • داخمان ناچێ کە ئـەم گەنجینە هونەرییە بە دەستی رۆڵەکانو خزمانی مەلا ئەفەندی تێداچووە •

لـە (مەنـدەلی)یش ، خانـووی خوالێخۆشـبوو (عـزەددینی نـەقیب) هەرەدیارترین خانـووی نەخشینی ئـەو ناوە بووەو ، (شـێخ عەلیی نەقیب)ی باوکی بەدرێژاییی نزیکەی هەشت ساڵ خەریکی ئارایشت کردنو رەنگاندنی بووە • ئەم خانـووە ، گەلێك وێنـەی تێدابـووە وەك دێوو گیانـدار ، لەوانە ئاسكو شێرو پڵنگو چەنـدین دیمەنی جۆراوجۆری دیو ، کەوتبـوونە نێو کەوانی نووسـینەوە (أقواس كتابية) • هەمـوو ئیشـەکان بەرهـەمی (غولام حسێن)ی هونەرمـەندو نەخشکار بوون ، کە هەر لە شاری مەنـدەلی کۆچی دوایی کردووە ، بەداخـەوە لە دەوروبەری سـاڵی ١٩٧٧دا شـارەوانی ئەم خانووە کۆنەی رووخاندو ئەو هەموو کارە هونەرییە تێداچوو •

زۆربەی نەخشو نیگاری نێو خانووەکانی (کۆیە)یش یا نەماونو بە گەچ

سواخ دراون یان خانووەکە خۆی رووخێندراوە . بە نموونە ، خانووی (مەلا ئەحمەدی مام سلێمان ئاغا) کە دوو نەخشکاوی خەڵکی کۆیە بە ناوی (کەریمی سەلا)و (مەلا محەمەدی مەلا جراب)ەوە ساڵی (١٣٢٧)ی کۆچی (١٩٠٩-١٩١٠ی زایین) نەخشیان کردووەو ، خانووەکە زۆر لەم مێژووە کۆنترە . خانووی (ئەمین ئاغا)ی شاعیر (ئەختەر) ، کە لە ساڵی (١٢٥٤)ی کۆچیدا (١٨٣٨-١٨٣٩ی زایین) ئاواکراوە ، خانووێکی گرنگی نەخشدار بووەو ، پاشتر رووخاندوویانەوو کردوویانە بە گەراجو ، تەنیا دوو ژووری لێ ماوەتەوە .

دوای شۆڕشی چواردەی تەمووزی (١٩٥٨) ، سەرلەبەری کێلە نەخشینەکانی گۆڕستانی لای قەڵا تووشی شکاندن هاتوون . ئێستاش خەڵکی کۆیە دەڵێن ، زۆر نەخش و وێنەی خەنجەرو نووسینیان لەسەر بووە . یەکێك لەوانە گۆڕی (ئەحمەد ئاغای زولاڵ) بووە ، کە بە شۆڕەسوارێکی قارەمانی (دوازدەسوارەی مەریوان) دەژمێردرێ‌و دراوسێ گۆڕی (دلدار)ی شاعیر بووە . مامۆستا (تاهیر ئەحمەد حەوێزی) دەقی نووسینی سەر کێلەکەی لە لاپەڕە (٧٩)ی کتێبەکەیدا (مێژووی کۆیە/چاپی ١٩٦٠) بڵاوکردووەتەوە ، کە بەداخەوە ئەمڕۆکە جێی گۆڕەکەی بزربووە . رووناکبیرانی کۆیە بەمپێیە پاداشتی ئەم قارەمانە گەورەیەیان داوەتەوەو ، تەنانەت تاقمێك خوێندەوارو مامۆستا – وەك دەیگێڕنەوە – قوتابییەکانیان فێرکردبوو کێلێك بەپێوە نەهێڵن‌و بیانشکێنن ، ئەوەیش لەباتی رێزلێنان‌و رازاندنەوەی گۆڕی ناودارانو دڵسۆزانی میللەتەکەیان ، بە بەهانەی ئەوە کە لە چینی سەرووی کۆمەڵن .

لەوەیش سەیرو سەمەرەتر ئەوەیە ، کە مامۆستا (معلم)یێك کێلی خەزنەدارێکی میرنشینی بابانی هێناوەو خستوویە سەر ئاودەستخانەی ماڵەکەی، بەبیانووی ئەوەوە کە هیی گۆڕی کابرایێکی ئاغاو دەرەبەگ‌و بەدکار بووە . تۆ بڵێیی ئەم خەزنەدارە کوردە لە (تەیمور لەنگ) دڕندەترو خوێنمژتر

بووبێ کە ئێستا یەکێتیی سۆڤێت گومەزی گۆڕەکەیی لە (سەمەرقەند) بە پاشماوەیێکی شوێنەواریی داناوەو وێنەکانی لە گۆڤارەکانیدا بڵاودەکاتەوە ؟!٠٠ دەبێ لەبەرچی‌بێ کە گومەزی ئەم تاوانبارە زۆردارە ناڕوخێنێ ؟ ئەی باشە بۆچی دەوڵەتی (چین) ئەو شوورا گەورەیەی دەوری ناڕوخێنێو تێکۆپێکی نادا کە بە شانو قۆڵو باسکی هەژارو بێدەستەڵاتان بنیادنراو بەرزکرایەوە ؟٠ کەچی سەرەڕای ئەوە یەکجار شانازی پێوە دەکاو بە نیشانەی گەورەیی‌و یەکپارچەیی چینی دادەنێ ٠ ئێمە لە دواکەوتن‌و نەزانییەوە کاری‌وەهامان لێ دەوەشێتەوەو ، ئاگادارنین ولاتانی سۆشیالیست‌و سەرمایەداریش چەندە نرخی کەلەپوور دەزانن‌و ناهێڵن بفەوتێ‌و لەنێوبچێ ٠

ئەو رەفتارو کارانەی بە نموونە هێنامانەوە ، نیشانەی سووکایەتی کردن بە کوردو مێژووەکەی‌و بەکەم‌گرتنی ناودارانییە ٠

برایانی رووناکبیرو خوێنەرو تازەپێگەیشتووی کورد ، چەندەها نموونەی‌دیکەی لەم چەشنە هەن کە ئێمە دەرفەتمان نییەو بۆمان دەست‌نادا لێرەدا باسیان لێوە بکەین‌و ، لەو بڕوایەدایین ئەو برە زانیاری‌و سەرنجە بۆ مرۆڤی ژیرو تێگەیشتوو بەس‌بێ ٠ بەپێویستی دەزانین لە کۆتاییی ئەم بەشەدا چەند پێشنیارێکی برایانەتان بخەینە بەردەست کە هیوامان وایە لاوە دڵسۆزەکانمان پتر لەبەرچاویان بگرن‌و پێرەوییان بکەن ٠

أ ـ ئەوپەڕیی هەوڵدان بۆ تێگەیاندنی خەڵك‌و خۆشەویست کردنی گشت پاشماوەیێکی کۆن لەلایان ، ئیتر هەر لە خانووی نەخشدارەوە تا دەگا بە دەرگاو پەنجەرەو عورووسی‌و کورسی‌و سندوق‌و قەرەوێڵەی دارو شتی لەم‌بابەتە کە جۆرە سیفەتێکی هونەریان تێدایە ٠

ب ـ دەست‌بەکاربوون‌و گەڕان بەدوای ئەو کەرەستەو نموونانەی لێیان دووایین ، ئەویش هەرکەسەو لە ناوچەی خۆیەوە ، چونکە هەم پتر شارەزایەتی‌و هەم ئاسانترو زووتر کارەکەی مەیسەرو جێبەجێ دەبێ ٠

ج ـ نووسینی زانیاریـەکی تێروتەسەل لەبـارەی ئەو بابەتـەوە ؛ وەك ناوی وەستای بیناسـازو نەخشـکارو ژیانیـان ، مێـژووی دروست کـردن یا ئاوا کردنەوە ، ناوی ئەو ناوچەو شارەو خاوەنی یەکەمی ، وەسفکردنێکی هەموولایەنەی بابەتەکە • لەڕاستیدا ، کۆکردنەوەی زانیارییەکی زۆر لەم قۆناخەدا مەرجێکی سەرەکیی سـەرکەوتوویی‌و مەبەست‌و ئەنجامی تەواو بەدەسـتەوەدانی باسەکەیە • ئێمە گەلێك جار وا رێـکەوتووە لە سەرەتاوە تێبینی‌و سـەرنجێکی کەممان تۆمـارکردووەو زۆری‌دیکەمان پشت گوێ خستووە کە ئەو دەمە بـە بێ‌کەڵکمان زانیون ، بەڵام دوایی یەکجار پێویستمان پێیان هەبووەو ئەوەیش چەرمەسەرییەکی بێ‌ئەندازەی بۆ خولقاندووین • بۆیە کۆکردنـەوەی زانیارییەکی زۆر لە سەرەتاوە کارێکی بەجێیە ، ئەمجا ڕێکوپێکیان دەکەین‌و زیادەکەی هەڵدەگرین •

د ـ ئاگادارکردنەوەی دەزگای شوێنەوار «مؤسسة الاثار» لەو کارە هونەرییانە، چونکە ئامادەی کڕینیانەو هەر لە لقی هەمان شاردا دایان‌دەنێ ، بگرە چەندین کەرەستەی کۆنی زێدەی بـۆ مۆزەخانەی سلێمانی ناردووەو ، لەم ساڵانەیشدا چەند هەزار کتێبێکی داوە بە نامەخانەی ئەم مۆزەخانەیە کە زۆربەیان هیی مێژوونووس «عباس العزاوی» بوون •

دەزگای ناوبراو بڕێـك خانووی کەلەپـووریی نەخشـداری قەڵای هەولێری کڕیوەو ، لە دەرەوەی قەڵایش بڕیـاری کڕینی خانووی (عطاءالله ئاغا)ی داوە کە داوای نیوملیۆن دیناری لێ دەکەن • چەند خانووێکی قەڵای کەرکووکیشی کڕیـوە • لـە کۆیـەیش ، (ئینجیسـاری کـۆن)ی کـڕیوەو بڕیاری‌داوە خانووە کەلەپوورییەکان‌و هەردوو قەیسەری‌و سێ گەرماوو تاکە خانەکەیش بکڕێ • ئەوانەی کۆیە سەرپاکیان بە هەوڵدانی ئێمە بووە •

ساڵانی پێشوو ، خەڵکی بەسرەو بەغداو موسڵ فێربووبوون وردەواڵەی هونەریی بەنرخیان بە هەرزان لە کوردەکان دەکڕی‌و ، لە ناوەوەو دەرەوەی

عێراقدا گران دەیانفرۆشتنەوە • هەرچی ئێرانییەکانیش بوون ، دەلاڵو کۆنەفرۆشی کورد ئەو ئیشەی بۆ جێبەجێدەکردن • ئەم کارە ، بە هەر نیازێکەوە کرابێ ، زیانێکی قورس بووە لە کەلەپووری شارستانەتیمان دراوە• دەبێ رووناکبیری کورد ئەم جۆرە کەرەستە عەتیکانە لەلای خەڵك شیرین بکەنو ئاگاداریان بکەنەوە کە نەیانفرۆشن •

ساڵی (١٩٧٨) بوو ، کە بۆ یەکەمین جار بەم چەشنە خانوانەمان زانیو • بە رێکەوت خانووی رەسووڵ ئاغاو کاکەجافمان لە کۆیە دۆزییەوە • ئیتر ئەوە بووە کایلی زێڕینی دەرگای بەهەشتی نازداری هونەرە کوردییەکانمانو، لەوکاتەوە لە مەندەلییەوە بگرە تا تەوێڵەو رەواندزو شەقڵاوەو ئامێدی گشت ناوچەکان گەڕاوینو پشکنیومانن • گەرمای هاوینی شەش ساڵی رەبەق ئەم گەڕەکەو ئەوگەڕەکەو ئەم کۆڵانەو ئەوکۆڵانەمان کردووە ، بەبێ ئەوە کە شارەزایێك یان رێپیشاندەرێکمان لەگەڵدا بووبێ ، چونکە دەزگای شوێنەوار تاکوو ئێستا ئەم شوێنانەی ساخنەکردووەتەوەو لێیان بێئاگایە • جا هەر خانووێکمان بدۆزیبایەوە وێنەمان دەگرتو زانیاریی تەواومان لەسەر دەنووسیو راپۆرتمان لەبارەوە دەدا بەدەزگای ناوبراو • تائەمڕۆ نێزیکەی (٥٠٠٠)دانەمان لەو وێنانە گرتووە •

لە ئەیلوولی (١٩٧٩)دا ژمارەیێك وێنەو راپۆرتێکی چواردە لاپەڕەییمان دا بە دەزگای شوێنەوارو ، داوای لێژنەیێکمان لێ کردن بۆ بینینو کڕینی ئەو خانوانە • لە شوباتی (١٩٨٠)دا لێژنەکەمان هێنا بۆ سلێمانیو هەڵەبجەو کۆیەو هەولێرو ، سەردانەکەیان ئەنجامێکی باشی هەبوو • نابێ ئەوەیش لەبیربکەین کە سەرباری ئەم هەموو ماندوویی‌و زەحمەتکێشانەمان تاکە فلسێکی هیچ لایەنێك نەهاتووەتە گیرفانمانەوەو ، هەرگیز چاوەڕوانی ئەوەیشمان نەکردووە• لێتانی ناشارینەوە ، شوباتی ساڵی (١٩٨٣) نەبێ ، کە چووین بۆ بەغدا ، دەزگای شوێنەوار بیست فلیمی سلایدو رەش‌وسپیی داینێ ، بەڵام هەر لەو

رۆژەدا لە پاسدا لێمان بەجێماو خێرمان لێ نەدی •

برایانی دڵسۆز ، دەبێ ئەو کەسەی کە کارێکی زانستی دەکا ، ناوبانگ و باخەڵ پڕکردن بخاتەلاوەو ، هێندەی (یاقوت الحموي) مرازو مەبەست پاك بێ ، ئەو یاقووتەی کە خاوەنی گەورەترین کتێبە لە جیۆگرافیی ئیسلامیدا (معجم البلدان)و سەرئەنجام هەژارانە لە خانێکی شاری حەڵەبدا مردووە •

جا وەك ئێمە پێمان زانیبێ رەواندزو دهۆك و زاخۆ خانووی نەخشداریان تێدانییەو ، لەگەڵ ئەوەیشدا نابێ بۆ لانی هونەری بیناسازی فەرامۆش بکرێن • بۆ نموونە ، کۆشکی (بادێ) لە پشت دهۆکەوە ، هەڵدەگرێ بە پاشماوەیێکی کەلەپووری حسێب بکرێ و لێی بکۆڵدرێتەوە • دیارە رووناکبیرانی ناوچەی بادینان ئەرکی دۆزینەوەو تۆژینەوەی ئەو خانوانەیان لە ئەستۆدایەو لێی بەرپرسن ، کەسیش هێندەی ئەوان ئەم کارەی بە پوختەیی و رێکوپێکی بۆ هەڵناسوورێ • مەبەستمان ئەوەیە کە دەبێ هەر ناوچەیێك هێندێك لە رووناکبیرانی چالاکانەو بەردەوام دەست بکەن بە کۆکردنەوەو رزگارکردنی هەموو چەشنە بابەتێکی کەلەپووری •

## چەند تێبینی‌یەك

یاداشت‌نووسی

کاتی خۆتەرخان‌کردن بۆ بابەتێکی دیاری‌کراو (اختصاص) نەهاتووە ٠

کەلەپوور فەرێ نادرێت ٠

کۆکردنــەوەی کەلەپوور پێویستیی بــە بروانامە (شهادە)ی بەرز نییە ٠

کارکردن بە پێی‌پێویستی ٠

خوێندکارانی کورد لە دەرەوەی وڵات ٠

نائومێــــدی ٠

هۆیەکانی پاشکەوتنی رۆشنبیری‌ی کوردی ٠

بایەخدانی لە رادەبەدەر بە شیعرو چیرۆك ٠

وەرگێڕانی نووسینی بێگانە ٠

مێژووی کورد ٠

بەرنامەی تۆژینەوەی زانستانە (منهج البحث العلمي) ٠

# یادداشت نووسی

بایەخی تایبەت و کەڵکی زۆرو زەبەندی کاری یادداشت نووسین لەوەوە هاتووە کە رووکاری جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و مێژوویی و زانستی و ئەدەبی و گەلێك لایەنی دیکەیشی لە چوارچێوەدا کۆدەبێتەوە ، دوورنییە رۆژێك لەڕۆژان بەهۆی ووردی و قووڵیی ئەو زانیاری و سەرنجانەی کە تێیدا هەڵگیراون ، ببێتە سەرچاوەیێکی بەنرخ و نایابی مێژوونووسی • نموونەی ئەم چەشنە بەرهەمە لەلای گەلانی تر زۆرە ، بەش بەحاڵی کوردیش لە چەند دانەیێك تێپەڕناکا ، وەکوو هەرشەش بەرگە بەپێزو دەوڵەمەندەکەی «یادداشت»ی مامۆستا رەفیق حیلمی و یادداشتی مامۆستا ئەحمەد تەقی کە بەناوی «خەباتی گەلی کورد لە یادداشتەکانی ئەحمەد تەقی دا» وە چاپ و بڵاوکراوەتەوە • هەروەها یادداشتەکانی مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی رەشید کەریم •

ئێمە لەم هەلومەرجەدا یەکجار پێویستمان بە یادداشتەو ، پێویستە بیری نووسینەوەی لەنێو پیرەمێردە خوێندەوارەکاندا پەرەپێبدەین و هانیان بدەین تاوەکوو بیرەوەرییەکانیان نەبەنە ژێر گڵ • کەسانی بەتەمەن هەن لەوە کەوتوون کتێب لەبارەی ئەدەب یان مێژووەوە دابنێن و تاقەتی هاتووچۆی نامەخانەی گشتی و خوێندنەوەی دەیان و تەنانەت سەدان سەرچاوەیان نییەو ، لە هەمان کاتیشدا بۆیان هەڵناسووڕێ و لەوزەیاندا نییە بە شارو دێهات و شوێناندا بگەڕێن بۆ کۆکردنەوەو تۆمارکردنی بەرهەمی کەلەپوور • بۆیە ئەمانە لەو رووەوە کە ئێمە دەمانەوێ مەحاڵە شتێکی ئەوتۆ بکەن و هیچیان لێ هەڵناکرێندرێ ، چونکە لە هەرەتی لاویدا بیری وەهایان لە مێشکدا نەبووەو ئێستایش خوویێك گرتوویانە بە شیری – مەگەر چلۆنها – دەنا پێیان

زانیاریيەکی تەرزی نادرێ بە پیری • خۆ ئەوانەیان کە بیریان تیژەو بیرەوەریو مانـدووبوون فـەو هەمەجۆریـان لـەکن گلدراوەتـــەوە دەتـوانن بـەبێ بگرە تا دەگا بە پیان نووسنەوە • جا ئیتر هەر لە ژیانی کۆچەریو نیودێهاتەوە چەشنە باری سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیی شارستان • ناوی یادداشت گشت قەڵەمێك — بیرەوەرییەك دەگرێتەخـۆو ، هەم پێداویستییەکانی — دەفتەرێـكو لە کەمەو هەم ئاسانو رەحەتە ، چونکە بەدەگمەن نەبێ سەرچاوەی پێ ناوێ پرس‌وڕای جاروبارەی برادەرانو نێزیـکان بەدەر • دیارە ئەو پیرەمێردانەی رووناکبیرن پتر ئاگاداری رووداوو بەسەرهاتەکان بوونو دەرکیان تێ کردوون، هەر لەبەرئەوەیشە کە ئەگەر بەدڵنیایی‌یەوە بێنە ژێر باری یادداشت‌نووسینەوە زانیارییەکانیـان بایەخێـکی پتریـــان دەبێ • ئەگـەر رووناکبـیری وەکـوو خوالێخۆشبوو ئیسماعیل حەقی شاوەیس‌و عەلی کەمال باپیرو ئەکرەمی جەمیل پاشای دیاربەکریو سـەید عەبـدوڵڵای شـەمزینیی باوکی سـەید عەزیزی شەمـزینیو شێخ مەسـعوودی گۆران‌دەشـتی لـە ویلایـەتی (وان)و مـەلا عەبدولسەلامی جزیـریو فاسیح حەیدەریو دەیانی وەکوو ئەوان یادداشتی خۆیانیان دەنووسیەوە ئەمڕۆ سامانێکی لەبن‌نەهاتوو و دەوڵەمەندی مێژووییمان دەبوو •

هیی‌وا هەیە دەڵێت ئیسـماعیل حەقی شاوەیس‌و عەبدولعـەزیز یامولکی یادداشتی خۆیانیان نووسیوە ، بەڵام دیار نین • ئێمە خۆمان چەند جارێك لەگەڵ ئیسماعیل حەقیو شـێخ لەتیفی شێخ مەحمـووددا دانیشتووینو ئـەم باسەمان کردووەتەوە ، ئەوانیش — خوایان لێ رازی‌بێ — وەهایان تێ گەیاندووین کە لەمێژە لە نووسینەوەی یادداشتەکانیان بوونەتەوە •

پیرەمێردی پەك‌کەوتەو چاوکزو کەمچیکڵدانەیشمان هەن کە باشتر وایە بە دەنـگی خۆیـان یادداشـتەکانیان لەسـەر شریت (کاسێت) تۆماربـکرێو دواییش دەکرێ رێك‌بخرێنو سەرلەنوێ بنووسرێنەوە •

پێشنیازی ئـەوە دەکەین کە بیری یادداشتنووسی نەك هـەر لەنێو پیرو بەساڵداچووەکاندا بەڵکو لەنێو هەرزەکارو لاوەکانیشدا بڵاوبکرێتەوە . شایانی باسە کە مامۆستا شاکیر فەتاح لە سەردەمی قوتابێتیدا چەند گەشتێکی بۆ تەوێڵەو پێنجوێن‌و شارباژێڕ کـردووەو لە ژمارەیێـك نامیلـکەدا بـە نـاوی (گەشتی هەورامان‌و هەڵەبجـە)و (گەشتی پێنجـوێن)و (گەشتی شـارباژێڕ)ەوە چاپی کردوون . خۆزگە زۆربـەی لاوەکانمـان کاتی بێ‌ئیشییان بـە نووسینەوەی بیرەوەریی خۆیان خەریـك‌دەکردو زانیارییێـکی پوختەو تەسـەلیان لەبارەی رووداوو دیـاردەو گـوزەرانی دەوروبەریانـەوە تۆماردەکـردو ، بـەوەیش یادداشتەکانیان دەکردە وێنـەیێکی روون‌و بچـووك‌کراوەی ئـەو رۆژگارەی کۆمەڵەکەیان .

# کاتی خۆتەرخانکردن بۆ بابەتێکی دیاریکراو (اختصاص) نەهاتووە

ئێمە بۆ ئەوە دەچین کە لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە ، کاتی ئەوە نەهاتووە خۆ بەجەنیا بابەتێکی دیاریکراوەوە خەریك بکەین :-

١ - کەلەپووری کوردی ، بەشێکی ئەوپەڕیی کەمی نەبێ ، کۆنەکراوەتەوە .

٢ - گردکردنەوەو رزگارکردنی کەلەپوور کاری ئەم سەردەمەیەو ، دەبێ بە پەلەو گورجوگۆڵیو وردبینییەوە مەیسەر بکرێ . هەر سستیو کەمتەرخەمیو خۆلێبەدوورگرتنێك سەرئەنجامەکەی لەنێوچوونو فەوتانی پاشماوەی کۆنو سامانی لەمێژینەی گەلەکەمانەو ، هەڵوێستی ئەوتۆیش بێ‌ضێودوولێ‌کردن زۆر دەکەوێ لەسەرمان .

٣ - ژمارەی ئەوانەی کە لە مەیدانی کەلەپووردا ئیش‌دەکەن هەتا بڵێی کەمە ، لەکاتێکدا بەربڵاویو فراوانیی ئەمبوارە کەسانێکی زۆرتری پێ دەوێو ، ئەوەیش خۆی‌لەخۆیدا بە لێبڕانو کۆششو لێبوردوویی رۆڵە دڵسۆزەکانمانەوە بەندە .

٤ - چەندین لایەنی کەلەپوورەکەمان وەکوو گەلێك لقی مێژووی کورد پشت گوێ خراونو کەس نییە کاریان تێدا بکا چونکە لەڕاستیدا بە ماندوویيو ئەرکێکی لەڕادەبەدەر سخادە کرێنەوە . دیارە ئەگەر زۆربەمان بەدوای کاری ئاسانو کەمخەرجیدا بگەڕێینو خۆ لە هیی قورسو ئاڵۆزو پڕ گرێوگۆڵ بدزینەوەو زگمان بە خۆمان نەسووتێ ، ئەوا ئەو کەلێنو ناتەواوییانە هەروا بە چۆڵیو پڕنەکراوەییو بەبێ‌خاوەن دەمێننەوە .

ئەو خالانە پیشانمان‌دەدەن کە جارێ نەگەیشتووینە قۆناخێکیوا تەواو

باڵی لێ بدەینەوەو خۆ بە تاکە شتێکەوە وەك شیعر یا چیرۆك گیربدەین ،
چونکە باری کەلەپووری ئێمە لە هیی گەلانیدیکە ناچێو شرو پرترەو پتر
پشت بە زۆریی نووسەرو دانەری چالاكو بەجەرگ دەبەستێ • دەبێ ئەو
راستییەش بزانین کە هەر تاقیکردنەوەیێکی لەم چەشنە لە هەلومەرجێکی
بابەتکرد (موضوعي)ەوە پەیدانەبێو بە شێوەیێکی دەستکرد (اصطناعي)
سەرهەڵبدا ، ناتواني پێداویستییەکانی رۆژگاری خۆی جێبەجێبکا ، ئەوانەیش
کە بەپێچەوانەوە لە مەسەلەکە تێدەگەن ئەوە نە پەیبان بە ئاستو باری
کەلەپووری گەلەکەیان بردووەو نە بایەخو نرخیشی دەزانن •••

جا نابێ شاعیرو چیرۆکنووسانمان نووسینەکانیان بە تاکە خزمەتێکی
پیرۆزی گەلەکەیان بزانن، ئیتر ئیشیان بە بابەتیتر نەبێو ، لە ئاستیاندا خۆ
بە بەرپرس دانەنێن • ئەمەمان لە برێك لەو نووسەرانە بیستووەو ، جۆری
بیرکردنەوەو رێبازی زۆربەیانە • لەڕاستیدا ئەوانە بەهەڵەداچوونو مێژوو
بەرانبەر بە لەنێوچوونی بەردەوامی کەلەپووری کوردیی ناوچەکەیانو
دەوروپشتیان ، تاوانباریان دەکا •

# گەلەپوور فڕێنادرێت

ڕۆژێکیان لەگەڵ کاك کەمال ڕەئوف محەمەدو کاك لەتیف هەڵمەتو بەڕێز محەمەد سەعید بەگی جافدا دانیشتبووین ، ڕۆژنامەنووسێکی کورد هاتە لامان . لە وەڵامی ئەو پرسیارەماندا کە بۆچی ئەو پارچەشیعرانەی شاعیرانی کۆنمانیان بڵاونەکردووەتەوە کە بۆیانمان ناردبوون ، گوتی : شیعری مەلایێك «لێرەدا جنێوێکیشی دا» چ نرخو سوودێکی هەیە تا شایانی بڵاوکردنەوە بێ ؟ ، چۆن یەکێك بە تاکە شیعرێك دەبێ بە شاعیر ؟!.. زۆر ڕۆژنامەنووسی دیکەمان وەهای بۆ دەچن . تەنانەت یەکێکیان گوتی : بەمن بێ هەرچی شیعری وایە لەتوکوتی دەکەمو فڕێی دەدەم .

ئێمە لە وەڵامی ئەو برایانەدا ، سەرنجی خۆمان لە دوو خاڵدا دەردەبڕین :-

١ - لەڕاستیدا ئەو تەرزە مرۆڤانە ، کە بەزۆری ڕۆژنامەنووسەکانمانن ، گەلێك نەزانو نەشارەزانو فڕیان بەسەر مێژووی رابردووی گەلەکەیانو ئەدەبەکەیەوە نییە ، چونکە کوێرانە تفەنگ بە تاریکییەوە دەنێنو بێ ئاگان لەوە کە زاناو نووسەرانی پێش سەدەی بیستەممان هەموو مەلا بوونو لە حوجرەدا خوێندوویانە ، وەك عەلی حەیوری و مەلای جزیری و ئەحمەدی خانی و نالی و سالمو ... هتد . خۆ لە ئاخروئۆخریی دەستەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیشدا ، قوتابخانە بەو فراوانییە نەبوو . جا ئەگەر شارێکی وەکوو سلێمانی تاکوتەرا یەك دوو قوتابخانەی وەك ڕوشدییەی سەربازیشی تێدا بووبێ ، ئەوا قوتابی هەر دەبوو پێشتر لە حوجرەدا بیخوێندایەو ، مەلای وەك (خواجە ئەفەندی) لە سلێمانی و (مەلا ڕەسووڵی پێتوشی)و (مەلا محەمەدی مەلا جراب) لە کۆیەو دەیانی تریش دەرزی دابدایە .

محەمەد ئەمین زەکی بەگ‌و پیرەمێـردو گـۆران‌و بێـکەس‌و چەندین ئەدیبی‌دیکەیش لــە حوجرەدا خوێـدوویانە • تەنانــەت ژمارەیێـکی زۆری نووسەرانی نیوەی دووەمی ئەم سەدەیەیشمان هەر مەلان ، بە وێنە مەردۆخی کوردستانی‌و شێخ محەمەدی خاڵ‌و عـلاءالدین سجادی‌و مەلا عەبدولکەریمی مودەریس‌و محەمەدئەمین بوز ئەرسەلانی کەڵەنووسەری کوردستانی تورکیاو مەلا جەمیل بەندی رۆژبـەیانی‌و محـەمەدی مـەلا کەریم‌و هێـمن‌و هەژارو جگەرخوێن‌و •••••

بێ‌گومان مەلا لەپاڵ تێگەیشتن‌و کولتووری هاوچەرخدا ، زەخیرەیێکی دەوڵەمەندترو بەربڵاوتری لە زانستی ئایینی‌و زمان‌و ئەدەبی عەرەبی‌و زانیاریی ئیسلامی لەکن چنگ‌دەکەوێ ، کە رووناکبیرانی‌دی نیبانەو ، ئەوەیش یاریدەی مەلاکان دەدا بە ئاسانی گوزارەو باس‌وخواسی ئایینی‌و ئەدەبی‌و مێژوویی کۆن لێك‌بدەنەوە • هەرکەسێك لە دیوانە شیعرێکی شاعیرە کۆنەکانمان بکۆڵێنەوە ، بەڕوونی ئەوەی بۆ دەردەکەوێ •

جگە لەوە ، مەلا لە خوێندنــەوەی نووسینی سەر شوێنەواری سەردەمی دەوڵەتــە موسـڵمانەکان‌و پارەو مـۆرو شتی‌دیکەی لــەم چەشنەدا دەوری هەیە ، چونــکە گەلێك جار ئایەتی قورئان یا فەرمــوودە «حدیث» یان گوزارەی ئایینیان تێدا دووپات‌دەبێتەوە •

مایەوە سەر مەسەلەی لۆمەکردنی مەلا روناکبیرەکانی پێشوومان کە بۆچی نــە مێـژووی گەلەکەمانیـــان نووســـیوەتەوەو نە بابـــەتی کەلەپووریـــان کۆکردووەتەوەو ، لەبـریی ئەوانــە خۆیــان بە بـاسی کەم‌بایــەخ‌و دوور لە پێداویستەکانی کۆمەڵەکەیانــەوە خەریك‌کـردووە ؟ لەڕاسـتیدا ئێمەیش ئەم وەخنەیەمان هەیە ، بەڵام ئاخۆ ئەوە ریشی رووناکبیرانی سەدەی بیستەمیشمان ناگرێتەوە ؟ ، ئەو گلەیی‌یە لە خوالێخۆشـبوان (پیرەمێردو عەلی کەمال باپیرو بێکەس‌و گۆران)یش ناگرێ ؟ • باشە لە نووسینی ئەدەبی بەدەر چی‌دیکەیان

بۆ بەجێهێشتووین ؟ • خۆ وەکوو پیرەمێردە شارەزاکان دەڵێن ، هەریەکەیان دەیانتوانی بە فەردە بەڵگەنامەی بابانییەکانو عوسمانییەکان کۆبکەنەوەو لە فەوتان رزگاریان بکەن ، چونکە تا ئەو دەمەیش بەشێکی زۆریان لێ مابووەوەو ، ئەگەر توانستی بڵاوکردنەوەیشیان نەبوایە پێیان دەکرا بیاندەنە ئاوانبارێکی وەکوو (ئەدمۆندز) تا لە چەند نامەخانەو مۆزەخانەیێکی ئینگلستاندا گلیان بداتەوەو بیان پارێزێت •

هێندەی نەماوە سەدەی بیستەم ئاوابێو ، ئێمەیش لەچاو ئەم قۆناخەو بەپێی پێویست هیچمان بە هیچ نەکردووەو ، بیرێك لە حاڵی خۆمان ناکەینەوە • دیارە ئەوەی داهاتوویش هەمان رەخنەو گلەییمان ئاراستەدەکەن ، بەڵکە هیی ئەوان توندوتیژتریش دەبێ ، چونکە لە ئێمە زیاتر نرخی مێژوو و کەلەپووری شارستانەتیی کورد دەزانن‌و ، پتر پێویستیان پێ دەبێو ، ئەوسایش هەست دەکەن لە زۆر بابەتدا شتێکی ئەوتۆیان بەدەستەوە نییەو کەوتوونە سەر ساجی عەلی ! •

٢ ـ ئەگەر لە دەستنووسێکدا یان لە کونجی مزگەوتێکدا پارچە شیعرێکی کۆن بدۆزینەوەو هەوڵی چاپکردنی بدەین ، ئیتر ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە خاوەنەکەی مادامێکی ئەو شیعرەی بەدەرەوەیە بە شاعیر ناژمێردرێو ، ـ وەکوو هێندێك کەس دەڵێن ـ شایستەی بڵاوکردنەوە نییەو ، دەبێ فڕێبدرێت • دوورنییە خاوەنی ئەو شیعرە زۆر بەرهەمی تری هەبووبێو ، شاعیرێکی بەرزیش بووبێو ، تائێستا نووسینەکانی نەدۆزرابنەوە یا هەر لەنێوچووبن ، چونکە ئێمە لەوە ئاگادارین کە : یەکەم ـ تاوەکوو ئەمڕۆ کەلەپوورو مێژووی سەدەکانی رابردوومان هەموو تۆمارنەکراون‌و دەستی قوتارکردن‌و پاراستنیان پێ نەگەیشتووە ، دووەم ـ بەهۆی شەڕەکانی نێوان ئێران‌و دەوڵەتی عوسمانییەوەو شەڕەکانی نێوان رووسیاو دەوڵەتی عوسمانیش کە کوردستان گۆڕەپانی بەرینی ئەو شەڕانە بووەو جار لەدوای جار شارو

دێهاتەکانی وێران کراون ، گەلێك پاشماوەی مێژوویی‌و کەلەپووری نەتەوەکەمان هەر لە کتێب‌و نووسراوەوە بگرە تا دەگا بە شوێنەوارو رووکاری گرنگی شارستانەتیمان فەوتاون‌و ئاسەواریان نەماوە • شەڕوشۆڕ لە هەر وڵاتێکدا هەڵبگیرسێ ، گیان‌و ماڵ‌و کەلەپووری شارستانەتی‌و کولتووریش لەنێودەبا • دوژمن نەك هەر دوژمنایەتیی گیان‌و سامان بەڵکە هیی کەلەپوورو کولتووریش دەکا ، بۆ ئەوە کە ئەو گەلە بێ‌بناخە بمێنێتەوەو رابردوویێك نەبێ ئێستاو پاشەڕۆژی لەسەر بنیادبنێ • ئەو نەتەوەیەی کە مێژوویێکی کۆکراوەو تەواوو بێ‌تەمومژی هەبێ ، ڕۆڵەکانی پشت ئەستوورو پڕباوەڕ دەبن‌و پتر دڵ بە گەلەکەیان خۆش‌دەکەن‌و بە تەنگیەوە دێن • بە نموونە (عەبدال‌خان)ی میری بتلیس‌و نەوەی شەرەفخانی مێژوونووسی مەزنی کورد (٧٦) بەرگ کتێب‌و (١٠٥) پارچە نامێلکەی جۆربەجۆری لە دانانی خۆی هەبووە • کاتێك میر ئەحمەد پاشای تورکی دەستدرێژکار ساڵی (١٠٦٥)ی کۆچی (١٦٥٤ - ١٦٥٥ی زایین) پەلاماری بتلیسی داوەو دەستی بەسەردا گرتووە ، سامان‌و نامەخانەکەیی تاڵان کردووەو (ئەولیا چەلەبی)یش کە لەگەڵ لەشکری تورکاندا بووە بەدەستی خۆی لیستەی بۆ ئەو کتێبانە کردووە • [تەماشای لاپەڕە (٤٤٤)ی بەرگی چوارەمی دەقی تورکیی سیاحەتنامەو لاپەڕە (٢٨٤)ی وەرگێڕدراوە کوردییەکەی لەلایەن مامۆستا - سەعید ناکام -ەوە ، بکە] • بۆمان هەیە بپرسین ئەو هەموو بەرهەمەی عەبدال‌خان کوان‌و چییان لێ بەسەرهات ؟ • ئێمە چەند ساڵێك دەبێ سۆراخی کتێبەکانی ناوبراو دەکەین‌و تاکوو ئێستا هەوڵەکەمان بێ‌کەڵك بووە ، ئەوەنەبێ کە عادل بەگی شەرەفخان لە بتلیس پێی گوتین دیوانەشیعرێکی عەبدال‌خان لەلای (حەسەن ئەفەندی) ناوێك لە دیاربەکر هەبووە •

ئایا (صەوادی) کە شاعیرێکی سەدەی هەژدەیەمەو خاوەنی (لەیلاو مەجنوون)ی کرمانجییە ، هەرتەنیا ئەو دووسێ شیعرەی هەبووە کە تا ئەمڕۆ

دیارن ، یان زۆری دیکەی هەبوە ؟ کوان ئەو دیوانانە کە خۆی لەم شیعرەیدا ئاماژەیان بۆ دەکا ؟ :

« ئەی فەلەك دیسا تە کول کر ، دەردو ئێشانی من
میسلی بلبل مەیلی گول کر ، ئاه و ئەفغانی دمن »

هیچ رێی تێ ناچێ شاعیرێکی نەناسراوی وەك (ماجن) هەر ئەو پارچە شیعرەی هەبێ کە لە کەشکۆڵێکی سەدەی هەژدەیەمدا دۆزیومانەتەوەو لە (لاپەڕە – ٧٩ – ٨١ ـی دیوانا کرمانجی)دا بڵاومان کردووەتەوە ؟ ، بەڵکوو دەبێ خاوەنی ئەو شیعرە بەرزو نایابە گەلێك بەرهەمی تری هەبێ •

جا ئەو شاعیرو نووسەرانەی ئەمڕۆکە نووسینێکی کەمیان کەوتبێتەڕوو ، لەوانەیە سبەی کاری فراوانترو گەورەتریان ئاشکرابێ • بە وێنە (ئاغاووکی بیداری)ی شاعیری سەدەی هەژدەیەم ، لەپێشدا تەنیا پارچەشیعرێکی (٤–٥) دێڕیی بە ناوەوە هەبوو ، بەڵام پاشتر توانیمان سێ شیعری دیی بدۆزینەوەو دەریشی بخەین کە دیوانێکی بە ناونیشانی (قەولی ئاغاووك)ەوە هەیەو لای نەوەکانیەتی لە کوردستانی تورکیا • «شا پەرتوێ هەکاری» هەر دووسێ شیعری دیاربوو ، کەچی خوالێخۆشبوو مامۆستا صادق بەهائەددین لەم ساڵانەی دواییدا دیوانەکەیی لە بەغدا دۆزییەوەو بەچاپیشی گەیاند •

بەمجۆرە بۆمان روون دەبێتەوە کە بڵاوکردنەوەی شیعرو نووسراوی پێشینانمان با کەمیش بێ بایەخێکی زۆری هەیە ، چونکە هەم دەکەونە بەرچاوی خەڵك و هەم دەبنە کلیلی پەیبردن بە بەرهەمو داندراوی تریان • شایانی گوتنە ، مامۆستا عەلائەددین سەجادی ناوی رووتی زۆر شاعیری کوردی هێناوە کە یا هیچ شیعرێکیانی نەکەوتووەتە بەردەست یان تائێستا کەمەکێکیان لەگۆڕێدانو کردوویە بە لیستەو بە ناوی (باخی شاعران)ەوە لە لاپەڕە (٥٨١ – ٥٩٦)ی کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی/چاپی دووەم)دا بڵاوی کردووەتەوە •

دەستنووسی شیعری کوردی کەرەستەیێکی بەنرخی لێکۆڵینەوەی

زمانەوانییەو ، ئاوێنەیێکی بێگەردی سەردەمی رابردووی گەلەکەمانەو ، نیشانەی هەست بە بەرپرسی کردنی ئەو شاعیرانەمانن بەرانبەر بە کۆمەڵەکەیان. لەکاتێکدا هێی‌وایان تێدایە کاری زانستی‌و بایەخداری‌تریشی هەیە . بۆیە لە شوێنی خۆیدایە ، رێز لە ناوو پایەیان بنێین‌و بیرەوەرییان کوێرنەکەینەوەو ، وەکوو میللەتانی‌تر لەجێی شیاوی خۆیاندا دایان‌بنێین .

زانایانی شوێنەوارناس ئەگەر تەنیا ناوێك ، بەڵکە چەند پیتێکیش ، لەسەر شوێنەوارێکی کۆن ببیننەوە ، دەستبەجێ دەیخەنە نێو لیستەی ناوی سۆمەری یا بابلی یان ئاشوورییەوەو فڕێی‌نادەن . ئەو نەتەوانەی ئەمڕۆ لە مەیدانی تۆژینەوەو لێکۆڵینەوەدا پێشکەوتوون ، هیچ پاشماوەیێکی کۆن‌و پێشین فڕێ‌نادەن ، چونکە کاری وەها لە فەرهەنگی زانستدا جێی‌نابێتەوە . جا بۆ ئەوەی خەرمانی کەلەپوورو مێژوومان شەقڵ‌شکاو نەبێ‌و بەبڕشت بێ ، دەبێ بەخۆبکەوین‌و لەباتی تووڕدان‌و وەلانان هەردەم بەرهەمی کۆنینە گەڵاڵە بکەین‌و بیخەینە سەر سامانی ئێستامان .

# کۆکردنەوەی کەلەپوور پێویستیی بە بڕوانامە (شەهادە)ی بەرز نییە

لە ئەنجامی چەندین راوێژو گفتوگۆی دووقۆڵییەوە لەگەڵ هێندێك خوێندەواری بچووکدا (لەوڕووەوە کە بڕوانامەی بەرزیان نییە)، ئەو راستییەمان بۆ دەرکەوت کە زۆریان هەر لەبەرئەوەی پلەی خوێندنیان نزمە باوەڕیان بە خۆیان نییەو، بە خۆیاندا راناپەرموون کەلەپووری نەتەوایەتیمان کۆبکەنەوەو بنە نووسەرو، لایانوایە ئەوە تەنیا کاری خاوەن بڕوانامەکانە. گومان لەوەدانییە کە ئەوانە تەواو بە هەڵەدا چوون، چونکە زانینی نووسینو خوێندنەوە بە زمانی کوردی بەسە بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئیشەو بەو دەستە خوێندەوارانە هەڵدەسووڕێت. خۆ ئەگەر هەر خوێندەوارێك، با بچووکیش بێ، توانستی هەبێو خۆ بە گەڕانو خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەوە خەریك و ماندووبکا دەتوانێ لەسەر زۆر بابەتی زانستیو کولتووریی وەك ئەدەبو مێژوو، بنووسێ. کەسانی خاوەن بڕوانامەی بەرز لێیان چاوەڕوان ناکرێ بکەونە کۆکردنەوەی کەلەپوورو، تاقەتی ئەوەشیان نییە ئەم کۆڵانو ئەو کۆڵانو ئەم گووندو ئەو گووندو ئەم پیرەمێردو ئەو پیرەژنە بکەن، لەبەر چەند هۆیێك کە یەکێکیان مەسەلەی تەمەنە. بە نموونە هێندێکیان تەمەنیان لە (٥٥) ساڵ بەرەوژوورترەو ئەوەیش لەگەڵ ئەم ئەرکە فرەو گرانەدا ناکۆکە. هۆیێکی تریش خۆبەرستیی هێندێك لە خاوەن بڕوانامەکانە کە کارێکی کردووە بایەخ بە کەلەپوور نەدەن، چونکە لایان سووکییەو لە گەورەییان کەمدەبێتەوە ئەگەر بچنە کن پیرەمێردو پیرەژنی نەخوێندەوار بۆ وەرگرتنی بابەتی کەلەپووری میللیمان.

بە رای ئێمە، پێویستوایە بە ورەو بیروباوەڕێکی پۆڵایینەوە شان بدەینە بەر باری کەلەپوورو، لەپێناویدا خۆ لەبەر گشت چەرمەسەرێو ئازارێکی

قورس‌و ترسناكدا رابگرین‌و ، خۆشی‌و كات‌و هێزی خۆمانی پێ ببەخشین • دەبێ چاو لە (راولنسۆن)ی ئینگلیزو (شۆلتەر)ی ئەڵمانی بكەین ، كە سەرەرای ئەوە كورد نەبوون كۆششێكی بێ‌وچانیان كردو دەربەستی رەنانی لەش‌و ماندوویی خۆیان نەهاتن • راولنسۆن بۆ تۆماركردنی نووسینەكانی رووی كێوی (بێستوون) ، بە رۆژ لە بەرزیی پەنجامەترەوە گوریسی لە خۆ دەبەست‌و خۆی بە بێستووندا شۆردەكردەوە • ئەو رەنجەیشی بوو بە كلیلی شیكاركردنی نووسینی بزماری لە جیهاندا • هەرچی شۆلتەریش بوو ، بەدوای پاشماوەی دێرین‌و شوێنەوارەكانی كوردستاندا دەگەراو ، كە چوو بۆ بینینی نووسینە بزمارییەكانی (كێلەشین)ی ناوچەی برادۆست ، لەلایەن چەند جەردەو رێگرێكی كوردەوە كوژرا •

وابزانین ئەم دوو نموونەیە بەس‌بن بۆ دەرخستنی گرنگیی كەلەپووری دێرزەمانی گەلەكەمان‌و ، ئەگەر ئەوەندەی ئەم دوو گەرێدە بێگانەیە خەممان لە خۆمان بخواردایەو فیروسیامان لە زۆر شت بكردایە سامانی لەبن‌نەهاتووی كەلەپووریشمان هێندەی لێ نەدەفەوتا • ئەوی‌راستی‌بێ ، مامۆستایانی دێهات‌و ئۆردووگاكان هەلێكی لەبارو رێكیان بۆ خولقاوە دەست بدەنە كۆكردنەوەی كەلەپوورو ، ئەركی سەرشانیان لەم بارەگرانەدا یەكجار زۆرە •

ئێمە هەر ئەوە دەڵێین كە دەبێ رووناكبیری بچووك (لە رووی وەزیفەو بڕوانامەوە) بۆ كۆكردنەوەی كەلەپووری نەتەوایەتیی كورد وەك كرێكارو جووتیار خۆ بە رەنجكێش بزانێ •

# کارکردن بە پێی پێویست

هەن دەڵێن ، دەبێ نووسین بە حەزو چێژلێوەرگرتن (تذوق) بێو ، مرۆڤ هەرچی بوارێك ئارەزووبکا نابێ لێی بتەکێتەوەو دەستبەرداری ببێ ؛ واتە نووسین زۆرو داسەپاندنی تێدا نییە •

ئەوی ڕاستی بێ ئەم قسەیە بۆ قۆناخێکی باڵاو پێشکەوتووی کۆمەڵ دروستەو لەجێی خۆیدایەو ، مادامێکی هەموو رووە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵ زانیارییەکی فرەیان لەسەر نووسراوە ، ئیدی هەرکەسە سەرپشکە لە هەڵبژاردنی ئەو بابەتەدا کە لە حەزو بەهرەیەوە نێزیکە • بەڵام سەبارەت بە نووسەرو رووناکبیرانی کورد ئەوە رەواو شیاو نییە ، چونکە ئەگەر دەوری لە سەددا هەشتای رووناکبیرانمان بەئەدەبەوە خەریك‌بن‌و توخنی لایەنەکانی‌تر نەکەون‌و بە چۆڵی بیانهێڵنەوە ، کێ ئەرکی ئاخ‌کردنەوەیان لە ئەستۆ دەگرێ‌و کاریان تێدا دەکا ؟!

دیارە ئەو کەسەی کە خۆ بە دڵسۆزی نەتەوەکەی دەزانێ‌و تەواو پێداویست‌و هەلومەرجی نالەباری ئەم قۆناخەی گەلەکەمان لەبەرچاو دەگرێ، هەست‌دەکا کەلەپوور بارێکی پێویست‌و ناچاری هەیەو ژمارەیێکی زۆر نووسەری کارامەی پێ دەوێ ، بۆیە یا یەکجارەکی ئارەزووی خۆی پێ‌شێل‌دەکا یان تاڕادەیەك کزی‌دەکاو لەتەك ئەویشدا دەست‌دەکا بە کۆکردنەوەی کەلەپوورو رزگارکردنی • بەبڕوای ئێمە ، ئەم کارە جۆرە خولیاو ئارەزوویێکی بەتینتری لەلا پەیدادەکا • خۆ ئەگەر کەسانی‌وا هەبن باش لەم مەسەلەیە تێ‌گەیشتبن‌و ، خۆ لە رەنج‌و زەحمەت‌کێشان لابدەن‌و ، روو لە بابەتی حازربەدەست‌و سووکەڵەو کەم‌خەرجی بکەن ، ئەوە بەش‌بەخۆم هەڵوێست‌و ئاکاریان بە راست نازانم‌و بە ویژدان‌مردوویان دادەنێم •••

# خوێندکارانی کورد لە دەرەوەی وڵات

ئاشکرایە ژمارەیەکی زۆر خوێندکارمان لە دەرەوەی وڵاتدانو خەریکی خوێندنن ، هێندێکیان دوای تەواوکردنی خوێندنیش هەر لەوێ دەمێننەوە . ئەمانە بۆیان هەڵدەسووڕێت زۆر زانیاریی دەگمەن کە بە دەنگو بە وێنە لەسەر کورد تۆمارکراونو ، ژیانو بەسەرهاتو بیرەوەریی ئەو ناودارە کوردانەی وا لە ئەورووپادا ماونەوە یان – وەکوو شەریف پاشا – تێیدا کۆچی دوایییان کردووە ، کۆبکەنەوەو لە ونبوون رزگاریانبکەن .

هەروەها دەتوانن بەهۆی زمانزانینەوە هەموو نووسینێکی پێوەند بە کەلەپوورو مێژووی کورد لەو زمانانەوە وەربگێڕنو باری کولتووری ئەمڕۆمانی پێ دەوڵەمەندبکەن . شایانی باسە کە زانایانی ئەڵمانیو فەڕەنسەییو رووسیاییو ئینگلیزیو هییتریش گەلێک زانیاریی پڕسوودیان لەبارەی مێژوو و ئەدەبو زمانو ژیانی کۆمەڵایەتیو ئابووریو سیاسیو کەلەپوورو پیشەسازیو لایەنەکانی دیکەوە بۆ هەڵگرتووینو بە چاپیان گەیاندوون ، ئەوەیش بووەتە کەرەستەی زۆر لێکۆڵینەوەی زانستی لەبارەی کوردەوە .

جێی داخە کە زۆربەی خوێندکارانمان ئەم بوارانەیان فەرامۆش کردووەو ، بەزەییان بە خۆیانو کۆمەڵەکەیاندا نایێتەوە ، دەبوایە بەلایەنی کەمەوە نامەی ماجستێرو دکتۆراکانیان لەسەر کورد بوایە ، کەچی زۆربەیان لەبەر ئاسانیی بابەتو بۆ مەبەستی تایبەتو کەسیی خۆیان بابەتی کەمسوودو بێناوەڕۆکی زانستی هەڵدەبژێرن .

لەپاڵ ئەوەیشدا ، هێندێك لاوی خوێن گەرمو دڵسۆزو هۆشیار چاك لە ئەرکەکانی ئەم قۆناخە تێگەیشتووزو ، بەرژەوەندیی خۆیانیان خستووەتە

لاوەو ، بە زانستو تەقەلایێکی فرەوە خۆ بە بابەتی کوردەوە خەریك دەکەنو نامەکانیانی لەسەر دەنووسن • کارو تێکۆشانی ئەم دەستەیە کەلێنێکی گەورە پڕدەکاتەوەو شایانی نرخاندنێکی بەرزە •

نابێ ئەوەیش لەبیربکەین کە ئەم رەخنەو قسانەی کردمانن رووناکبیرە کوردەکانی تریشمان دەگرێتەوە کە لە ئەوروپان ، ئەمانە تاکوو ئێستا کارێکی لەم چەشنەیان نەکردووە •

# نائومێدی

هەموومان لەوە بەئاگاین کە ئەمڕۆ جۆرە ناهومێدییەك لەکن هێندێك کەسی خاوەن دەستەڵاتی نووسین پەیدابووەو ، خۆیشمان لەم بارەوە قسەمان لەگەڵ گەلێکیاندا کردووە . دەڵێن ئەوەتا فلانە چەند ساڵە کتێبێکی داناوەو تائێستا نەیتوانیوە چاپی بکا ، یان ئەوە نییە گوتارێکی وام بۆ فلانە گۆڤار ناردووەو بڵاویشی ناکەنەوە . یاخۆ دەڵێن خەڵکی نرخی نووسین و کتێب نازانێ و ، رێزی نووسەر ناگرێ و ، ئەم میللەتە شایستەی ئەوە نییە خۆیی بۆ ماندووبکاو بیری لێبکاتەوە . جگە لەمانە ، زۆر قسەی تری لەم چەشنەمان گوێ لێبووە .

دەبێ لەسەرەتاوە پێ لەوە بنێین کە هێندێك لەوانەی ئەم قسانە دەکەن ، راست ناکەن و بڕوبیانوو بۆ تەمەڵی و سستی و کەمتەرخەمیی خۆیان دەهێننەوە . ئێمەیش لەگەڵ ئەوەداین کە ئەم ناهومێدییە هۆو هاندەری تایبەتی خۆیی هەیەو چەندین رووداو هێناویانەتە گۆڕێ . بەڵام دەبێ ئەوەیش بزانین کە ئەمە خۆی لەخۆیدا سیفەت و ئاکارێکی رەواو بەجێ نییەو ، نابێ مل کەچ و گوێڕایەڵی بین .

باشە ئێستا سۆمەری و ئەکەدی و ئاشووری و حیسی و دەیان نەتەوەی تر ماون وا ئەوەندەیان لەسەر دەنووسرێت و ، پارەیێکی زۆر لە دۆزینەوەو پشکنینی شوێنەوارەکانیاندا خەرج دەکرێت ؟ ... ئایا ئەگەر خۆ لە نووسین لابدەین چ قازانجێك دەکەین و ، ئەوەیش چی لە بارودۆخمان دەگۆڕێ ؟ .. ناپەسندە ، چونکە کتێبدانان شتێکەو چاپکردنیشی شتێکی تر . با ئێمە هێندە مەسەلەی چاپنەکردنی کتێب بە هەرهۆیێکەوە بێ لەجێی خۆیدا نییەو

کارامەو جگەرسۆز بین دەیان کتێبی نایابو چاپنەکراومان هەبێ ، دەکرێ پارێزگارییان بکەینو هەڵیانبگرین تا رۆژی بڵاوکردنەوەیان دێ • ئەی پێش داهاتنی مەکینەی چاپ هەموو کتێبێك لە جیهاندا دەستنووس نەبوو • کەنگێ بە خەیاڵی زانایانی یۆنانو رۆمانو ئیسلامدا دەهات رۆژێك بێت بەرهەمەکانیان چاپبکرێنو ئەم بەرگەی ئێستا بەخۆوە ببینن ؟ •• لەگەڵ ئەوەشدا ، هێشتا گەلێك کتێبی کۆن هەن ، رووناکیی چاپیان نەدیوە •

لەم سەردەمەدا ، گرنگ کۆکردنەوەو دانانی کتێبە کە چاکتر وایە بە چەند دانە بنووسرێتەوە یان وێنەی لەبەردا بگیرێتەوەو ، لە جێیەکی پارێزراوی وەکوو نامەخانەی گشتیدا بۆ رۆژی خۆی دابنرێ با ئێستا تا هەزار ساڵیتر بێ • هەیە دەیەوێ نووسینی ئەمڕۆی سبەینێ بڵاوبکرێتەوە ، دەنا تۆزقاڵێك ورەی دەمێنێو دەداتە سستیو لێدەچێتەوە • دیارە ئەوەیش بەشبەخۆی جۆرە خولیایێکی سەیرو ناشیرینە ، چونکە نووسەری راستەقینە هەردەم دووربینو ددانبەخۆداگرتووە • لەوانەیە ئێمە لەمڕووەوە چەرمەسەرییەکی کەممان بەسەردا نەهاتبێ • بۆ نموونە ، هەوڵو تەقەلاو ماندوویی چوارساڵی رەبەقمان لە بابەتێکی تازەو پڕبایەخدا بوو بە رەنجی فەرهادو ، بەرگی یەکەمی ئەو بەرهەمەمان کە (٥٣٥) لاپەڕەی گەورە بوو و بە سێدانە نووسیبوومانەوە، لەگەڵ کەرەستەو زانیارییەکی زۆر کە لە هیی یەکەمیان کەمتر نەبووەو بۆ بەرگی دووەمیمان ئامادەکردبوو وەك زۆر برادەر پێدەزانن ، بەر چەپۆکی بێبەزەیی زەمانە کەوتنو فەوتان ! •

لەو لایەیشەوە کە دەڵێن رێزی نووسەرو دانەر ناگیرێ ، دەبێ بگوترێ کە زانست وەکوو راستییەکو پێویستییەکی مرۆڤو پێشکەوتنی شارستانەتی بە نرخ بڕینی خەڵکەوە نەبەستراوە ، چونکە ئەو نرخبڕینە مەرجی بوونی زانستو دانانی کتێب نییە • مرۆڤی زانا دەبێ جۆرە دەستپێشخەرییو گورجوگۆڵییێکی تێدابێ بۆ تۆژینەوەو

لێکۆڵینەوەو دانان ، نەك چاوەڕوانی سوپاس‌و ڕێزلێنانی ئەم‌و ئەو بکا • زۆر زاناو بلیمەتی مێژوو هەم ڕێزیان لێ نەگیراوەو هەم لە پاداشتی ئەمەکدانەوەیاندا لەلایەن دوژمنان‌و بەرهەڵستکارانی زانست‌و پێشکەوتنەوە کوژراون یان ناڕەحەت کراون • ئەگەر بە شێوەیێکی خێرا لاپەڕەکانی مێژوو هەڵبدەینەوە ، بۆمان دەردەکەوێ کە باری ژیانی زانایان هەر ئاڵۆزو ناجۆر بووەو ، زۆربەیان بە هەژاری‌و نەداری ژیاون • نووسەرانی کورد هەرگیز هاندان‌و ڕێزلێنان‌و پشتگری‌و تێروپڕییان بە نسیب نابێ ، بەڵکوو دەبێ چاوەڕوانی پێچەوانەی ئەوانە بکەن • هەروەها نابێ بەتەمای دەوڵەمەندی بن ، چونکە پارەی قەڵەمی نووسەری ڕاستگۆ نە بەرەکەتی هەیەو نە هیچی پێ کۆدەبێتەوە • ئەحمەدی خانێی پیتۆڵ‌و زانای کورد لە (نوبهارا بچووکان)دا دەفەرمووێ :

هەرچی علمی ب جەهل کر موبەددەل

صفرێ خو کر وی ب زێر موکەللەل

هەر زانایێك زانستەکەی بە جەهل واتە نەزانی‌و کردەوەی ناپەسند بگۆڕێتەوە وەك ئەو کەسە وایە کە مسی خۆی بە زێڕ سواخ‌دەداو زێڕکفتی دەکا ، چونکە فێڵەکەی دیارەو خەڵکیی پێ ناخەڵەتێندرێت •

# هۆیەکانی پاشکەوتنی رۆشنبیری کوردی

دەکرێ سەرجەمی هۆیەکان لەم خاڵانەی خوارەوەدا کۆبکەینەوە :ـ

١ ـ **بارودۆخی سیاسیی کوردستان** :ـ

هێندێك لەو دەوڵەتانەی کە کوردیان تێدایە ، وەکوو ئێرانو تورکیاو سووریا ، هەر بە یەکجارەکی دەرگایان لەسەر هەموو بابەتێکی کولتووری کوردی داخستووە . ئەوەیش بەڕوونی هەڵوێستو سروشتو پێکهاتنی ئەو رژێمە فەرمانڕەوایانە دەخاتەڕوو . هەرچی یەکێتیی سۆڤێتە تاڕادەیەکی دیار رێگەی لەبەردەم کوردەکانی نێو خۆیدا تەخت کردووە کە مێژوو و ئەدەبو کەلەپووری نەتەوایەتیی خۆیان زیندووبکەنەوەو برەوی پێ بدەن ، بە وێنە بەشی کوردەوانی (دیراساتی کوردی) لە لێنینگرادو مۆسکۆو باکۆ هەیە . کەچی سەرباری ئەوە بواری ئەوەیان پێ نەدراوە بەرانبەر کوردی وڵاتانیتر دەورێکی رێنوێنانە (توجیهي) ببینن کە دەبوایە ئێزگەی یەریڤان ئەو ئەرکەی بخستایە ئەستۆی خۆیو ، هانی کوردانی بدایە بۆ کۆکردنەوەو بوژاندنەوەی هەموو جەشنە بابەتێکی کەلەپووری کوردیو ، بە بەربڵاوی خەڵکی هۆشیار بکردایەوە . بەداخەوە بەرنامەکانی ئێزگەی یەریڤان برێتین لە دەنگوباسو چەند گۆرانیەكو ، کەمجاریش وا رێدەکەوێ باسی شاعیرێکی کوردی وەکوو خانیو فەقێی تەیران بکا .

سەبارەت بە عێراقیش دەتوانین بڵێین تا پلەیێکی باش دەرفەت بە کولتوورەکەمان دراوە ، ئەویش هێشتا کەموکوڕیی تێدایە . شیعرو چیرۆکی کوردی بایەخێکی زیاتری پێ دراوە . هەرچی کەلەپوورو مێژووە هەوڵی شایانیان بۆ نەدراوە . ئێمە دامەزراندنی (مديرية التراث الشعبي الكردي)و گۆڤارێکی تایبەت لەمبارەوە بۆ ئەم قۆناخە بە پێویست دەزانین کە پسپۆڕانو

شارەزایان بتوانن لەو ڕێگەیەوە خزمەتی کەلەپووری وڵاتەکەمان بکەن .

هەروەها مەڵبەنـد (مرکز)و ئامۆژگاییەکی بەڵگەنـامەیی (معهد وثائقي) پێویستن .

٢ – نەبوونی ڕێنوێنیی و هاندان لەلایەن :

أ – خاوەنی بڕوانامە بەرزەکانەوە :–

ژمارەی ئەوانەمان کە بڕوانامەی ماجستێرو دکتۆرایان هەیە کەمنین و ، سەرەڕای ئەوەیش لـەلانی کەلەپوورو مێـژووەوە هەوڵی پێـویست نادەن . دەبوو ئەو بەڕێزانە خوێندەواری بچووکو مامناوەندییان هۆشیار بکردایەوەو ، ڕێگەی نووسین و خوێندنەوەو دانانیان پێشان بدانایەو ، هەموو ساڵێك دەستەیێك نووسەرو لێکۆڵەرەوەیان لە زانستگەکاندا پێ‌بگەیاندبایە . هەروەها ئارەزووی کەلەپووریان بخستایە دڵی بەتایبەت خوێندکارانی بەشی کـوردیی کۆلێجی ئادابەوەو ، مەترسیی فەوتـانی ئەو سامانە پیرۆزەیان بۆ ئاشـکرا بکردنایەو ، هانی گـەڕان و پشـکنینی هەمـوو سـوچ و کەلەبەرێـکی دێهات و شـارەکانی کوردستانیان بدانایە بۆ تۆمارکردن و بەدەستهێنانی گشت بابەتێکی کەلەپوورو هەر بە مێژووی کورد . دەبوو بەپێی بەرنامـەی تۆژینەوەی زانستانە (منهج البحث العلمي) فێری ڕێوشوێنی لێکۆڵینـەوەو نووسینی ئەدەبی و مێژوویی و کۆمەلایەتییان بکردنایە .

ئەم مامۆسـتایانە نەخشێکی دیاریان لـە فراوانکردنی بـیرو شڵەقاندنی باری ڕۆشنبیری ئەمـڕۆدا نەبـوەو ، جەنجـاڵی بەسـتنەوەی هـۆش و گۆشی ڕووناکبیرانن بـە ئەدەبەوە . ئـەوەیش نیشانەی تەسكبـوونەوەو سڕبوونی بیرکردنەوەیە . دەبوو ئەم مامۆستایانە جڵـەوی ئەم تەوژمەی ئێستای شیعرو چیرۆکیان بگرتبایـەو ، کولتـووری کوردییان لـەم قاڵبە تەسـکە دەرهێنابایەو گۆڕانێـکیان تێـدا بکردایـە . بـۆ ئەوەی ڕووناکبـیرانمان بایەخیان بـە لقە فراوانەکانی مێژوو و کەلەپوورو بابەتی شارستانانەی کەلەپوور بدایەو ، باری کولتـووریشمان لەگـەڵ گیانی سـەردەمدا بگونجایـە . دەبـوو زیانی دوور

خستنەوەی خەڵك لە مەیدانی خۆیانو هاندانیان بۆ شیعرو چیرۆك زوو هۆشیاری بکردنایەوەو هێندە سوور نەبوونایە لەسەری •

ب – دەزگا کولتوورییە کوردیەکان :–

ئەگەر بە چاوێکی رەخنەگرانەوە تەماشای هەڵوێستو کارو چالاکییەکانی کۆڕی زانیاریی کوردو بەڕێوەبەرێتیی خوێندنی کوردیو دەزگای رۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی – بکەین بۆمان ساخدەبێتەوە کە ئەم دەزگایانە دەورێکی پێویستو دەستپێشخەرانەو کارامەیان لە نێوەنێودانو زاتنانەبەر رووناکبیرانی کورددا نەبینیوە ، بۆ ئەوەی رووبکەنە کۆکردنەوەو رزگارکردنی کەلەپوورو ژمارەیێکی زۆر نووسەرو کارگەرمان لەم بوارەدا هەبێ • ئەم دەزگایانە هەر هەر ئەوەیان لەدەست هاتووە چ نووسینو بابەتێك بچێتە بەردەمیان چاپی بکەن •

لەڕاستیدا گلەییی زۆرتر بەرەوڕووی کۆڕی زانیاریی کورد دەبێتەوە ، چونکە کە دامەزرا دەرفەتو دەستەڵاتێکی کەموێنەی لەبەردەستدا بوو و ، دەیتوانی خەڵك هانبدا بۆ شوێنکەوتنی کاری کەلەپوورو رێی کۆششو خزمەتکردنیشیان بۆ تەختبکا • بەڵام جێگەی داخە کە کۆڕ تاوەکوو ئەمڕۆ گەلێك لەو بیرە نوێو گرنگانەی لەلا چنگناکەون کە ئێمە لە بەشەکانی پێشەوەدا خستوومانەڕوو و هیچێکی شایستەی باسی نەکرد بۆ دەربازکردنی باری کولتووری کوردی لەم قاڵبە تەنگەبەرەی کە دەقی تێدا گرتووە تا پتر لەگەڵ گیانی ئەم چەرخەدا بگونجێت • کۆڕ تەنیا بایەخی بە چەند لایەنێکی وەکوو زمانی کوردیو ئەدەبو هێندێك نووسینی مێژوویی داوەو ، چاپکراوەکانی کۆڕ بەڕوونی ئەوە پیشاندەدەن • هەرچی مەسەلەی بەڵگەنامەی کوردیو کۆکردنەوەی کەلەپوورە ئەوە هەر دووبارە گرنگیی پێ نەداوە • کۆڕ ئەگەر بیری لەوانە بکردایەوە ، لەمێژبوو دەکەوتە تۆمارکردنی بیرەوەریی ئەو پیرەمێردانەی کە هاوبەشیی رووداوەکانیان کردووە ، یان لە کەسانی

بڕوایێکراوەوە بیستوویانن ؟ وەکوو ڕووداوەکانی سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانی لە کوردستانداو ، کۆمەکی کورد لە شەڕی (شعێبە)ی ناوچەی (بەسرە)دا دژی ئینگلیزەکانو ، شەڕی دژ بە هێزی رووسەکان لە بەرەی خانەقینەوە تاکوو پێنجوێنو بانەو سەقزو بۆکانو ڕەواندزو ، شەڕی ساڵی ١٩١٩ی کوردان لە بادینان (کە عبدالمنعم الغلامي کتێبی - ثورتنا في شمال العراق - ی لەسەر داناوە) • هەروەها کۆڕ هیچ گرنگییەکی بە هونەری بیناسازیو نەخشو نیگارو داتاشینی کوردی نەداو فەرامۆشی کردن •

کۆڕ پێی دەکرا بۆ هەریەکێك لەم بابەتانە لیژنەی تایبەت تەرخان بکاو رەوانەی کوردستانیان بکا ، تاوەکوو هەریەکەو ئەرکی پێسپێردراوی خۆی ئەنجام بداو دەست بەکاربێ • باشە ئەوە بەکەڵکتر نەدەبوو لەوە کە کۆڕ لە هاویندا چەند ئەندامێکی خۆی بنێرێ بۆ ئەوروپاو یەکێتیی سۆڤێت بەنیازی گوایە کۆکردنەوەی نووسراوی کوردییەوە ؟ بەوەیش زۆر رووناکبیری کوردی دەمکوت دەکرد کە دەیانگوت : ئایا کەلەپووری ئێمە لە شارو دێهاتەکانی کوردستاندایە یان ئەوروپا ؟! •

# بایەخدانی لەڕادەبەدەر بە شیعرو چیرۆك

لەڕاستیدا کارنامەی کەلەپوورو شوێنەواری کۆنو نەخشو نیگارمان زۆر کەمەو ، ئەوانەیشی کە لەمبارەوە دەنووسن هەر گەلێك کەمن • لەگەڵ ئەوەیشدا ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان رووییەکی زۆریان داوە بە شیعرو چیرۆکو ، هەرچییەکیان لەولایەنەوە بۆ بچێت خێرا چاپی دەکەن • پێمانوایە دەبوو ئەم گۆڤارو ڕۆژنامانە خۆیان هانی نووسەرانیان بدایە بۆ نووسین لەسەر کەلەپوورو لێکۆڵینەوەو ساخکردنەوەی ئەو پاشماوانەی کە تائێستا نەفەوتاون •

بۆ نموونە تاکوو ئەمڕۆ هیچیان لەبارەی کەلەپووری هونەری نەخشو نیگاری کوردستانەوە بڵاونەکردووەتەوە • لە ساڵانی رابردوودا هەوڵی ئەوەمان دا ئەم بابەتە نوێیە بخەینە بەرچاوو نێزیکەی (٣٠) وێنەی جوانی شێوەی نەخشو نیگارمان دا بە دەزگای کولتوورو بڵاوکردنەوەی کوردی بەڵام هێشتا بڵاونەکراونەوەو تەنانەت فەوتایشن • جا ئەگەر بهاتبایە ئەو وێنەمان بدابایە بە گۆڤارە عەرەبییەکان ئەوە بێ‌سێ‌ودوو لە گۆڤاری (آفاق عربیة)وە بگرە تاکوو (مزمار)ی منداڵان بەشانازییەوە بڵاویاندەکردنەوەو ، چەند دانەیەکیشیان لەسەر بەرگەکەیان چاپدەکرد • ئەمڕۆ هەروەکوو دەبینین بەرگی زۆربەی گۆڤارە عەرەبییەکان بەمجۆرە وێنە کەلەپوورییانە دەڕازێندرێنەوە • دەبێ هۆی چی‌بێ کە ئەوان ئەوەندە بایەخ بەملایەنە دەدەنو ئێمەیش ئاوا پشتگوێی دەخەین ؟ تۆبڵێی پلەی گۆڤارو ئاستی رووناکبیریی ڕۆژنامەنووسی کورد لە هیی ئەوان بەرزتر بێ ؟ ئایا بەشداربوون لە زیندوو کردنەوەی سامانی کەلەپووری کوردیدا ئەرکی گۆڤاری کوردی نییە ؟! •

ئەی باشە بۆچی شتی لەمبابەتە لە ڕۆژنامەی (العراق)دا بڵاودەکرێتەوە ؟ لەکاتێکدا بە عەرەبییەو پتر بەرچاوی لێپرسراوانو خەڵك دەکەوێ • دیارە

داوو دەزگا کوردیەکان هەر لەسەرەتاوە ئەم ڕێبازەیان گرتووەتەبەر ، دەنا بۆچی دیداری چیرۆك لە هەوارگەی سەری ڕەش‌و دیداری شیعرو چیرۆك لە هەولێرو چەندین کۆڕی‌دیکەی لەم چەشنە سازدەکەن‌و خەڵکێکی زۆریان بۆ کۆدەکەن‌ەوەو پارەیێکی باشیان تێدا خەرج‌دەکەن ؟ • لە هەمان‌کاتیشدا ئامادەنین لەپێناوی کەلەپوورو مێژووی کورددا هەنگاوێکی پێشکەوتوانە هەڵبێننەوە !

ئەم بایەخدانە زیادە بە شیعرو چیرۆك‌و پشت‌گوێ‌خستنی بابەتی زانستی‌و مێژوویی‌و هێندێك بابەتی کەلەپووری شارستانەتی دوو زیان دەبەخشێ • زیانی یەکەم :ــ کۆبوونەوەی زۆر کەس بەتایبەت لاوەکان لە دەوری شیعرو چیرۆك‌و ، تەرخان‌کردن‌و خەریك‌بوونی توانست‌و بەهرەو دەستەلاتیان لەم دوو بوارەدا • زیانی دووەم :ــ نزم‌بوونەوەی ورەی بەشێك لەوانەی حەزیان لە شتی مێژوویی‌و زانستی‌و کەلەپوورییەوە ، سستی‌و کەمتەرخەمیان‌و ، خولیانی باروودۆخێکی ئەوتۆ کە کەس تێیدا ئاوڕ لە رابردوو و کەلەپووری شارستانەتیی کورد ناداتەوە • لەکاتێکدا کە ئەمانە بناخەی بوونی نەتەوایەتیمانن •

ڕۆژی ١٩٨٢/٨/١٧ ، بەبۆنەی سازکرانی دیداری چیرۆکەوە لە شاری هەولێر نامەیێکی حەوت لاپەڕەییمان بۆ یەکێتیی نووسەرانی هەولێرو یەکێتیی نووسەرانی دهۆك -- ئەوانەی بەشداری دیدارەکە دەبن -- نارد • لەم نامە ڕەخنەگرانەیەدا سەبارەت بە لایەنگری‌کردنی دەزگا کولتوورییەکانمان لە شیعرو چیرۆك‌و پشت‌گوێ‌خستنی کەلەپوورو مێژوو دوواوین‌و ، ڕوونمان کردووەتەوە کە دەبێ جۆرە هاوسەنگی (توازن)یەك لەنێوان لقەکانی کولتووری کوردیدا هەبێ • نەك شیعرو چیرۆك وا بە توندی بڕۆن‌و کەلەپووریش بەجێ‌بمێنێ •

سەرنج‌دەدەین هێندێك کەس بە شیعریش ڕازی‌نابن‌و بەجێی‌دەهێڵن‌و ڕوو لە چیرۆك دەکەن • لە ڕۆستەی خوێنەرانی ژمارە (٦٤)ی گۆڤاری (بەیان)دا

(سیڤەر) لیستەیێکی بەناوی (٢٠) کەسەوە بڵاوکردووەتەوە کە ئاشکرایان کردووە وازیان لە شیعر هێناوەو سەریان کردووەتە سەر چیرۆکنووسین • ئەم نموونەیەی هێنامانەوە نیشانەی ئەوەیە کە بەشێکی زۆری لاوەکانمان سەریان لێ شێواوەو کەس نییە ڕێنوێنییان بکا • ئایا هێندەی نیوەی ژمارەی ئەم لیستەیە رووناکبیرمان هەیە لە مەیدانی مێژوودا کاربکەن ؟ ؛ ئەو مەیدانە فراوانەی کە دەیان مێژوونووسی چالاك بەشی ناکا •

هیی وامان تێدایە لەلایانوایە ئەگەر ناویان لە گۆڤارو رۆژنامەکاندا دەرچوو یا ئەگەر بەرهەمێکیان لە کۆڕێك یان دیدارێکدا خوێندەوە ئیتر ئەوە هەموو شتێکەو نیشانەی ئەوەیە کە خزمەتێکی گەورەی نەتەوەکەیان کردووەو دەوری خۆیانیان گێڕاوە • هەرچی کەلەپووریشە بە ئیشی ئەوان ناشێ و لێی بەرپرس (مسؤول) نین • با ئەم چەشنە مرۆڤانە ئەوە بزانن کە ناوبانگ زۆرجار بەڵگەی خزمەت کردنو جگەرسۆزی نییە • خۆ ئەگەر وابێ دەبێ خزمەتو دڵسۆزیی (محەمەد عەلی کلای) لە هیی هەموو زاناکانی ئەم جیهانە گەورەتر بێ چونکە لە هەموویان ناودارترو ناسراوترە •

ئێمە دژی شیعرو چیرۆك نین ، چونکە دوو لقی پیرۆزی کولتووری کوردین • بەڵام نابێ لایەنەکانی دی لە بیری خۆمان ببەینەوە ، بەڵکوو پێویستە تەنانەت قسەو قسەڵۆکی ناشیرینو جنێویش کۆبکەینەوەو چاپیان بکەین • ئێمە دژی ئەم تەوژم (تیار)ەی ئێستای شیعرو چیرۆکینو لەجێی خۆیدایە بەرهەڵستی بکرێ ، بۆ ئەوەی ئەو هەموو لاوە خوێن گەرمانەمان لە دەوریان کۆنەبنەوەو هێزو دەستەڵاتیانی پێوە جەنجاڵو گیرۆدە نەبێو ، لەولایشەوە کەلەپوورمان بەبێ خاوەن بمێنێتەوەو بفەوتێ • وەك فەوتانی هەزاران بەڵگەنامەی کوردی لەمساڵانەی دواییدا بە بەرچاوی شاعیرانو چیرۆکنووسانمانەوە !

سەرباری ئەوەیش ، هەر شاعیرو چیرۆکنووسێك دەتوانێ دووسێ مەیدانی تر تاقی بکاتەوەو ئیشیان تێدا بکا ، چونکە ئەگەر قۆڵی مەردانەی لێ

هەڵنەکا ئەوا جێگەدەستی خزمەتی لەم قۆناخە گرینگەدا کەم دەبێ • بە وێنە ، (جگەرخوێن) ئەو جگەرخوێنەی کە گەورەترین شاعیری ئەمڕۆی کرمانجەو هەزاران کەس بەهۆی شیعرە نیشتمانییەکانییەوە کوردایەتی چووە مێشکیانەوەو ئێمەیش یەکێکین لەوانەو هەتاوەکوو دکتۆرایش لەسەر شیعرەکانی وەرگیراوە ، ئەم کەڵەشاعیرە توانستو دەستڕەنگینیی خۆیی هەر بە شیعرەوە خەریك نەکردووە ، بەڵکوو وەك ئاشکرایە کتێبێکی لەبارەی ڕێزمانی کوردییەوە چاپ کردووەو ، لە ساڵی (١٩٦٢)یشدا دوو بەرگی لە فەرهەنگەکەی لە بەغدا بەچاپ گەیاندو ، سەرەڕای ئەوە بایەخی بە مێژوویش داوەو وەکوو بیستوومە تائێستا پێنج بەرگی لەسەر مێژووی کورد نووسیوە • ئایا چاکتر وابوو تەنیا شاعیر بوایە یان بەم شێوەیە لای لەم چەند لایەنە پڕبایەخە بکردایەوە ؟ • دیارە فەرهەنگو ڕێزمانو مێژووەکەی هەمیشە دەبنە سەرچاوەیێکی زیندوو • مەبەستمان لە (سەرچاوەی زیندوو) ئەوەیە کە ئەو بابەتانە هەردەم زیندوونو بەدوێژاییی ژیانی نەتەوە زانیاریان لێ وەردەگیرێو، دوورنییە لە ساڵێکدا سەدان کەس لە نووسینەکانیاندا ناوی ئەو سەرچاوەو دانەرە بهێنن • بۆ نموونە مێژوونووسێکی وەکوو (ابن الاثیر) لە زۆر نووسیندا ناوی دەبرێو زانیاری لە کتێبەکەیەوە رادەگوێزرێت • نموونەی دیکەیش زۆرن ، وەکوو مێژووەکەی محەمەد ئەمین زەکیو مێژووی ئەدەبی کوردیی علاءالدین سەجادیو کتێبەکانی شێخ محەمەدی خاڵ •

بەڵام هێندێك بابەتی تری وەکوو چیرۆك (سەرچاوەی زیندوو) نین ، چونکە جۆرە زانیارییەکیان لێ وەرناگیرێو وەك کتێبی مێژوو و کەلەپوور نابنە سەرچاوە بۆ دانەران • چیرۆك پتر بۆ بەکاربردن (استهلاك)ی ڕۆژانەیە ؛ واتە تەنیا بۆ خوێندنەوەی ڕۆژانەو ڕووناکبیریی گشتییە • هیی وایش هەیە هەر لەبەر خۆشیو رابواردنو کات بەسەربردن چیرۆك دەخوێنێتەوە نەك وەکوو ماددەیێکی زانستیو بۆ مەبەستێکی زانستانە • وابزانین چیرۆکنووس کارێکی

پەسندو شایستە دەکا ئەگەر بابەتی فۆلکلۆری‌و لە کەلەپوورەوە خواستراو بکا بە کاکڵەو بناخەی چیرۆکەکانی‌و گیانێکی هاوچەرخ‌و پێشکەوتوانەیان بکا بەردا بۆ ئەوەی وەکوو بەرهەمێکی رەسەن‌و زیندوو بمێننەوە •

ئاشکرایە کۆکردنەوەو رزگارکردنی کەلەپوور لە فەوتان پێویستیی بە هەروەزێکی چالاکانەو شۆڕشگێڕانە هەیـە ، بەتایبەت ئێستا ئیشەکە کەمێك ئاسانتر بووەو دێت بەدەستەوە • ئەویش بەهۆی ئەو ئۆردووگا (مجمع)یانەوە کە خەڵکی زۆر دێهاتی کوردستانی تێدا گردبوونەوە (بە وێنە ، ـ٣٣ـ گوند لە ئۆردووگای ـ پێماڵـکی ـی تەنیشت قەلادزێوە کۆبوونـەتەوە)و بوونەتە نامەخانەیێکی گشتیی کەلەپوور •

ئەگەر (ئۆسکارمان)ی خاوەنی (تحفـهء مظفرية) زیندوو بوایەو لەگەڵ دوکتۆر ئۆردیخانی جەلیلی خاوەنی ئەو کتێبە گەورەیەی کە گۆرانیی کوردیی تێدا کۆکردووەتەوە لێرە بوونایە شەووڕۆژ بۆ تۆمارکردنی بابەتی کەلەپووری تەپ‌وتۆزی ئەم ئۆردووگایانەیان بەجێ نەدەهێشت •

زۆربەی شاعیرو چیرۆکنووسەکانمان تەنیا کارو بەرهەمی خۆیانیان بەدڵەو بە پرسوودیان دەزانن‌و ، ئیتر بەرانبەر بە هیچ شتێکی‌دی خۆیان بە بەرپرس دانانێن • ئێمە لەو بڕوایەداین ئەگەر لەم‌بارەوە هۆشیاری پەیدابکەن‌و هانی یەکتری بدەن‌و بـە سینگێکی فراوانـەوە رێنوێنیی دڵسـۆزان وەربگـرن ئەوا ژمارەیەکی زۆریان لـە پایەو نرخی کەلەپـوور تێدەگەن‌و روودەکەنـە ئەم مەیدانە • بە نموونە ، کاك شێرزاد حەسـەنی چیرۆکنووس پاش ئەوەی دوو نامەی ئێمەی خوێندەوەو دەرکی لە راستیی کێشەکە کرد ، نامەیێکی لە رۆژی ٢٠/٥/١٩٨٣دا نووسـیوە بۆمان‌و تێیدا بەراشـکاوی دەڵێت : «زۆر بەووردی هەردووکیانم خوێندەوە زۆر هەستم بە شەرم‌و قەهرو خەمێکی زۆر کرد ، زۆر بەداخەوە بووم ، هەموو قسـەکانت راستە • ئێمە میللەتێـکی دواکەوتووین ، نازانین مێژوو و (تراث) بە هەموو بابەتەکانییەوە چەندە پیرۆزو گرنگە ••••

من دوای خوێندنەوەی هەردوو نووسراوەکەت هەستم کرد زۆر خەجاڵەتم •• من و ئەوانەی وەك منن ••• قابیلە هەر کورد شیعرو چیرۆکی هەبووبێ وەکوو خۆت دەفەرمووی • ئەوە نیشانەی تەمەڵیو مەسرەفسووکییە ، ئاسانترە لە گەڕانو سوڕان بەدوای کەلەپووری جۆربەجۆری میللەتەکەی خۆمان» •

کاك شێرزاد ـ دیارە مرۆڤێکی خۆپەرست نییەو پێ لە راستی دەنێ • لە نامەکەیدا رەخنەی توندوتیژ ئاڕاستەی خۆیو هاوڕێ چیرۆکنووسەکانی دەکا بە شێوەیێك کە ناکرێ لێرەدا بخرێتە بەرچاو •

هێندێك نامەیتری لەم چەشنەمان لەلایە ، وەکوو نامەی کاك (ماشاءالله عثمان) کە لاوێکی کەرکووکییەو بە چیرۆکەوە خەریکە • تەنیا جارێك لە نەورۆزی رابردوودا دیومانە • هەروەها نامەی مامۆستا رەئووفی ئەحمەد ئالانی کە کاتی خۆی بڕێکی باشی لە کەلەپووری ناوچەی ماوەت کۆکردەوەو دای بە کۆڕی زانیاریی کورد بۆی چاپ بکا ، کەچی نەك هەر بۆیان چاپ نەکرد بەڵکە ناشزانێ چیی لێ بەسەرهات •

کاك لەتیف هەڵمەت ، کە یەکێکە لە شاعیرە هەرەبەرزەکانمانو کاتی خۆیشی (روانگە)یی بوو و دژی کەلەپوور بوو ، پاش چەند گفتوگۆیەکی دووقۆڵی پێی گوتین : «من هەر بەئەنقەست کتێبەکەتم نەکڕی چونکە زۆر رقم لە توراس بوو ، بەڵام خۆزگە پازدەساڵ لەمەوبەر تۆم دیتبایە بۆئەوەی تا ئێستا زۆر شتم لە کەلەپوور کۆبکردایەتەوە» • کاك لەتیف بەڵێنیداوە لەم رووەوە بکەوێتە کارو ، لەم ماوەیەیشدا دەستنووسی (غضنفر نامە)ی دۆزیوەتەوەو پێناسینێکی ئەم دەستنووسەی لە رۆژنامەی (هاوکاری)دا بڵاوکردەوەو خەریکی ئامادەکردنیە • هەروەها (مەولودنامە)کەی باوکیشی سازکردووە بۆ چاپو ، ناوی چەندین بەساڵداچووی وەرگرتووە بۆ ئەوەی لە سەردانیاندا بیرەوەرییەکانیان تۆماربکا •

مەسەلەی بایەخدان بە کەلەپوورو میراتی باووباپیران بە پلەی پێشکەوتنی

فیکریو شارستانەتییەوە گرێدراوە . جا ئەگەر کۆمەڵ پاشکەوتوو بێ ئەوا نە نرخی کەلەپوورو مێژووی خۆی دەزانێو نە بەتەنگ پاراستنیەتی . ئەگەر چاوێك بە رەوتی گەشەکردنی نەتەوەکانی دەوروپشتماندا – وەکوو عەرەبو توورکو فارس – بخشێنین دەبینین ئەو نەتەوانەیش چل پەنجا ساڵێك لەمەوبەر ڕێزیان لە کەلەپوور نەدەگرتو شوێنەواری دێرینەیان دەڕووخاندو نووسراوی دەستنووسیان تووڕدەداو دەیانسووتاندن . هیچوەك (عباس العزاوی)ی مێژوونووس هەبوو دەچووە ئەستەموولو بە کۆمەڵ کتێبی دەستنووسی بە نرخێکی ئەوپەڕیی کەم دەکڕی . بەلام با ئێستا سەر لە ئەستەموول بدەین ، بزانین تاقە دەستنووسێکی نایابمان چنگدەکەوێو ، تەنانەت دەتوانین بەئاسانی بە پارەیش وێنە لەبەر دەستنووسێکی (نامەخانەی سلیمانیە)دا بگرینەوە ؟! ..

گومان لەوەدانییە کە شیعر لە ولاتانی پێشکەوتوو و کەمگرفتو خاوەن تەکنۆلۆجیی بەرزدا رووی لە کزی کردووە لەبەرئەوەی دەوری شیعری نیشتمانی لەگەل نەمانی ژێردەستیی بێگانەو تێپەڕاندنی قۆناخی دەربەدەگایەتیو گیروگرفتەکانیدا ، کەمتر دەبێتەوە . هەروەها بەهۆی زۆریی (جنس)و دامەزرانی پێوەندیی مادییەوە کاری سۆز (عاطفە) هەتاوەکوو لەکن هەرزەکارەکانیشدا (المراهقین) هاتووەتەخوارێو ، بەوەیش شیعر کە پتر لە کەشو جێگایێکی پڕ سۆزو خەیاڵدا هەڵدەکا نە ئەو بڕەوەو نە ئەو جەماوەرەی جارانی نەماوەو قۆناخی بایەخدان بە کەلەپووری شارستانەتی زۆر لە بەهێزیدایە . عەرەبی گوتەنی «لا شعر مع التکنولوجیا» .

ئەگەر چاوێك بە مێژووی نەتەوەی عەرەبدا بگێڕین بۆمان دەردەکەوێ کە لە رابردوودا ، بە تایبەت سەردەمی جاهیلیو سەرەتاکانی ئیسلامەتیدا ، شیعرو ئەدەبو دەربڕینو گوزارە (تعبیر)ی ئەدەبی زۆرتر کاریان کردووە . وەکوو ئاشکرایشە رەوانبێژی (بلاغە)ی قورئانو گوزارە ئەدەبییەکانی دەورێکی کاریگەریان لە موسوڵمانبوونی عەرەبەکاندا بینیوە . ئەم دیاردەیە لەلای خۆیشمان هەر وا دەکەوێتەوە . ئەوەی پێش ئێمە پتر شیعرو گوزارەی ئەدەبی کاری تێکردبوون ، بۆیە بەرادەی ئەوان تاموچێژیان لێ وەرناگرن . ئەوای لەچاو ئێمەدا نزیکتربوون لە (مثالیە)وە .

# وەرگێڕانی نووسینی بێگانە

بەدرێژایی سەرنجدانمان لە ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکانو چاپەمەنییەکانی تر بۆمان دەرکەوتوە کە وەرگێڕانی نووسراوی بیانی بووە بە دیاردەیێکی دیارو پەرەسەندووی بزووتنەوەی کولتووریی ئەم سەردەمەمانو ، کەسانێکی زۆر دەستیان داوەتێ • ئەو بابەتانەی کە بەزۆری وەردەگێڕدرێن بریتین لە گوتاری ئەدەبیو کورتەچیرۆکو شیعرو ژیانو بەسەرهاتی ناودارانی بێگانە •

لەڕاستیدا خۆبەستنەوە بەم بابەتە دیاریکراوانەو پشتگوێخستنی گەلێك لایەنی لەبیرکراوو پڕبایەخیتر دەردێکی کوشندەو نالەباری ئەمڕۆمانەو چارەسەرێکی پەلەو دەمودەستی پێ دەوێ • جا بۆ پتر روونکردنەوەی ئەم مەسەلەیە ، لیستەی خوارەوەتان دەخەینە بەرچاو :ـ

گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ :

| ( ژمارە ) | (ژمارەی لاپەڕەکانی بەرهەمی کوردی) | (ژمارەی لاپەڕەکانی بەرهەمی وەرگێڕدراو) |
|---|---|---|
| ٨٨ | ٢٩ | ٣٨ |
| ٨٩ | ١٨ | ٤١ |
| ٩١ | ٢٤ | ٤٢ |
| ٩٤ | ١٧ | ٥٠ |

گۆڤاری بەیان :

| ( ژمارە ) | (ژمارەی لاپەڕەکانی بەرهەمی کوردی) | (ژمارەی لاپەڕەکانی بەرهەمی وەرگێڕدراو) |
|---|---|---|
| ٧٧ | ٣٢ | ٧٢ |

| | | |
|---|---|---|
| ٧٨ | ٤١ | ٤٩ |
| ٨٠ | ٢٧ | ٢٩ |
| ٦٩ | ٣٠ | ٤٠ |

ئەم لیستەیە نە ئەو نووسینانە دەگرێتەوە کە لە جەنگ دەدوێن ـ بەلانی کەمەوە تێکڕا پێنج لاپەڕەی هەردوو گۆڤارەکە پێکدەهێنن ـ و نە ئەو باسانەیش کە بە یاریدەی سەرچاوە ئامادەکراونو لە رووی ناوەڕۆکەوە هیچ پێوەندییەکیان بە کوردەوە نییەو چارەسەری بابەتێکی بێگانەو گشتی دەکەن • لیستەکە ئەوەمان پێشاندەدا کە ئەو لاپەڕانەی بەرهەمی وەرگێڕدراو داگیریان دەکا ، زۆرجار لە هیی خۆماڵی پترنو ، سەرلەبەر باسی ئەدەبین • بەرهەمە خۆماڵییەکانیش زۆربەیان ئەدەبینو ، جاروبار باسی کەلەپوور دەکەنو ، مێژوویان تەواو تێدا فەرامۆش کراوە •

لە رۆژی (١٤)ی تەشرینی دووەمی (١٩٨٢)دا ، لەسەر داخوازیی (دەزگای رۆشنبیریو بلاوکردنەوەی کوردی)هەڵسەنگاندنێکی (٢٥)لاپەڕەییمان لەبارەی گۆڤارەکانی ئەم دەزگایەوە نووسیو ناوەڕۆکیانمان نرخاند ـ لیستەی سەرەوەمان لەوەوە وەرگرتووەو هەر یەك ژمارەی (بەیان)ی تێدا نییە • بەلام چونکە سەرجەمی بیروڕاکانمان راستییان پێکابوو ، وەلانرانو بلاونەکرانەوە •

جگە لەوە ، پێشتر لە نامەیێکی شەش لاپەڕەییدا بۆچوونی خۆمانمان لەبابەت ئەو ژمارانەیشەوە کە نەمانپشکنیبوون دەربڕیو لەگەڵ وەلامو سەرنجمان لەسەر لیستەیێکی (٨٥) دانەیی کتێبی عەرەبیو بیانی کە دەزگای کولتوورو بلاوکردنەوەی کوردی بە مەبەستی هەڵبژاردنی ئەوانەیان وا دەستدەدەن بکرێن بە کوردی ، بۆی ناردبووین ـ تۆمارکردو دامان بەو دەزگایە • لەو نامەیەدا پەنجەمان بۆ ئەوە راکێشاوە کە پێویست وایە لەم قۆناخەدا ، لەبریی وەرگێڕانی هێندێك نووسینی کەمسوودو بێبایەخ ، دەست بکرێ بە وەرگێڕانی ئەو کتێبانەی لەسەر کورد نووسراون ، تاوەکوو هەم سەرچاوەمان پتر بێو هەم دەرفەتو هەلومەرجی توێژینەوەمان بۆ دابین بکا • هەروەها ئەوەمان دووپات کردووەتەوە کە نابێ لاسایی بزووتنەوەی کولتووریی

عەرەب بکەینەوە لە وەرگێرانی بابەتی بێگانەدا چونکە ئەو دەوڵەمەندەو ساڵانە لەلایەن (٢٢) دەوڵەتی عەرەبیو لە دەرەوەیشدا سەدانو بگرە هەزاران کتێب لەسەر کەلەپوورو مێژووی عەرەب چاپو بڵاودەکرێتەوەو ، ئێمەی کوردیش زۆربەی ساڵ لێیان بێبەرین •

دەزگای کولتوورو بڵاوکردنەوەی کوردی هەمیشە هاندەرێکی باش بووەو زەمینەی بۆ نووسەران خۆش کردووە نووسینی خۆماڵی بەجێبهێڵنو سەربکەنە سەر وەرگێڕانی بابەتی بێکەڵك ، کە ئەوەیش نیشانەی کەمتەرخەمیو نکوڵی کردنی ئەم دەزگایەو بێدەستەڵاتیو ناشارەزاییی ئەو نووسەرانەیە •

لەلایێکی دیکەوە ، لەو باوەڕەداین کە زۆربەی ئەم وەرگێڕە کوردانە بڕوایان نە بە خۆیانو نە بە کەلەپوورو مێژووی نەتەوەکەیان نییەو ، گاڵتەیان بە کەلەپوورو رابردووی گەل دێو پەرۆشی هەموو شتێکی بێگانەن • ئێمە پێویستمان بە وەرگێڕانی ئەو کتێبانە هەیە کە لەبارەی کەلەپوورو مێژووی کوردەوەن : وەك کتێبی (میدیا) کە بەڕێز بورهان قانیع لە فارسییەوە وەریگێڕاوە بۆ کوردیو نرخی تەواو نابێ ، بەرگی چوارەمی (سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی) کە بەڕێز سەعید ناکام لە تورکییەوە کردوویە بە کوردی ، هەروەها کتێبی (ژیانی ئافرەتی کورد) وەرگێڕدراوی کاك عەزیز گەردی • ئەم برادەرانە بەم کارەیان خزمەتێکی گەورەیان کردووە •

ملدان بەم چەشنە وەرگێڕانە ئەم زیانانەی هەیە :

١ ـ کزکردنو کەمکردنەوەی هەوڵو تەقەلای کۆکردنەوەو ژیاندنەوەی کەلەپووری کوردی ، چونکە وەرگێران مەیدانی بێ چۆڵدەکا •

٢ ـ داشکانی هێزو هەڵلووشینی وزەی بڕێك نووسەری کوردو بەخشینی بە لایەنی تری ـ بەپێی ئەمڕۆ ـ کەمبایەخ •

٣ ـ هەڵگیرانو نەمانی هەستی زانستپەروەریو گیانی نووسینو

لێکۆڵینەوە بە شێوەیێکی ئەکادیمیو لەبەر رووناکیی بەرنامەی تۆژینەوەی زانستانە (منهج البحث العلمي)دا ، لەلای هێندێك لە رووناکبیرانی کورد •

٤ – تەشەنەکردنی سستیو خاوو خلیچکیو سادەنووسی لە نووسیندا ،

٥ – ئەو دیاردەیەی کە مەترسییەکی گەورەی لەگەڵ خۆیدا هێناوە ، پەرەگرتنی گیانی بازرگانانەیە لەنێو نووسەرانی کورددا • دەزگا کولتوورییەکان ، بە تایبەت دەزگای کولتوورو بڵاوکردنەوەی کوردی ، هەلێکی سازو لەباریان بۆ ئەم مەبەستە رەخساندووەو کارێکیان کردووە کە گەلێك نووسەرو کەسانی نەزانو هەلپەرست بە ناوی وشەی پیرۆزی کوردییەوە بکەونە وەرگێرانی گوتاری ئایەخو سادەو ، لەمرێگەیەوە کاسبیبکەنو پارە پەیدابکەن •

٦ – زۆریی وەرگێران دەبێتە هۆی ساردبوونەوەی ئەوانەی دەستی نووسینیان هەیەو حەزی لێ دەکەن ، لەبەرئەوەی گوێ نادرێتە بەرهەمەکانیانو نرخیان بۆ داناندرێ • بۆیە ئەگەر هاننەدرێن هییوایان هەیە لێدەچنەوەو دەست لە نووسین هەڵدەگرن •

دەمانەوێ ئەوە بە خوێنەری کورد بڵێین کە ئێمە دژی ئەوە نین ئاشنایەتی لەگەڵ کولتووری بێگانەدا پەیدابکەین ، بەڵکە :–

١ – خۆخەریككردنمان بە بابەتی بێگانەوە لە رادە دەرچووەو ، بەم شێوەیە زیان بە کولتووری کوردو بارە ناهەموارەکەی دەگەیێنێ • یا رووبکەینە ئەم لایەنە ، بەلام نەك بەو زۆرییە کە هێندێك نووسەری کەمدەستەلاتمان دەستیان داوەتێ •

٢ – خوێندەواری کورد ، ئەگەر بیەوێ ، دەتوانێ بەهۆی گۆڤارو رۆژنامەو کتێبی عەرەبییەوە لە بەرهەمی بێگانە شارەزا بێ •

٣ – دەبێ قۆناخی ئەمرۆی کەلەپوورمان لەبیرنەچێتەوە کە هەر رۆژەو هێندێکی لێ دەفەوتێ • ئێستا کاتی پێویستیو ناچارییەو ، ئێمەیش هەر لەم

رووەوە هەڵوێست وەردەگرین‌و را دەردەبڕین‌و بەخۆدەکەوین • دەبێ خۆ بۆ کۆکردنەوەو رزگارکردنی کەلەپوور تەرخان‌بکەین‌و دەست لە شتی (کەمالی)و کەم‌سوود هەڵبگرین •

ئەو چیرۆکنووسەی حەزدەکا هێزو توانای خۆی پێشان‌بدا ، با لەباتیی وەرگێڕانی چیرۆکی بێگانە رووبکاتە کەلەپوور • کەچی وەك دەبینین پتر بە وەرگێڕانەکەوە خەریك‌دەبن ، ئـەویش بەزۆری لە زمانی عەرەبییەوەو داوو دەزگاکولتورییەکانیش لەسەر حسێبی کتێبی کوردی دەم‌ودەست بۆیان چاپ‌و بڵاودەکەنەوە •

لە بەدبەختیدا باروودۆخەکە وای لێ هاتووە کە یەکێکی وەك کاکەمحەمەدی مەلاکەریم بڵێ ، زیان لەوەدانییە چیرۆکێکی بێگانە «چەندان جار بڵاوبکرێتەوە»و «دووجارو بەڵکوو دەجاریش وەرگێڕدرێ‌و بڵاوبکرێتەوە ، ئەگەر سوودێکی خوێندەواری تێدابێ» • [بـڕوانە : محمـدی مەلاکـەریم ، مامۆسـتا •• کام دەست‌درێژی ؟ ، رۆژنامەی هاوکاری ، ژمارە (٧٠٨) ، ١٩٨٣/١٠/٢٠] •

# مێژووی کـورد

مێژووی کورد ، بە بۆچوونی ئێمەو بەپێی ئەو قۆناخانەی نەتەوەکەمانی پێدا تێپەڕ بووە ، دەکرێت بە سێ بەشـەوە : مێژووی کۆن ، مێژووی سەدە ناوەنجییەکانو مێـژووی نوێ • مێـژوویش وەکـوو هەموو زانسـتێکی‌دیکە مەیدانێکی بەرفراوانەو چڕو پەلوپۆدارە کە دەکرێت سەبارەت بە خۆمان ئەم لقانەی لێ بکەینەوە: مێژووی سیاسی، مێژووی دەوڵەتو میرنشینە کوردییەکان، مێژووی راپەڕینو جووڵانەوەو شۆڕشو پارتو رێکخراوو کۆمەڵەی کوردی، مێژووی شارستانو جێگاو ناوچەکانی کوردستان (البلدان) ، مێژووی ناودارانی کورد ، مێـژووی زانستو خوێنـدەواری کە بـاسی مزگەوتو قوتابخـانەو مەڵبەندی‌تری خوێنـدنو فێرکـردن لە کوردسـتاندا دەگرێتـەوە ، مێژووی ئابووری کە برێتییە لە مێـژووی باری کشـتوکاڵو بـازرگانیو کارو پیشەو سنعەتو هونەری دەستکردی کوردەوارییو ، مێژووی ئایینو ئایینزا (مذهب) لەنێو کورددداو ••• هتد • جێی داخە کـە تاکوو ئەمڕۆ ئەم هەموو رووانەی مێژووی میللەتەکەمان نەنووسراونەوەو کتێبی‌سەربەخۆیان لەبارەوە دانەندراوە، چەند دانەیێکی وەکوو (تاریخ الفارقي)ی (ابن الازرق الفارقي) ــ کە لە سەدەی دوازدەهەمدا لەسەر ناوچەی دیاربەکر نووسیویە ــ و (شەرەفنامە)ی شەرەفخانی بدلیسیو مێژووەکەی محەمەدئەمین زەکی نەبێ • جا ئەگەر هەر سەد ساڵەو کتێبێکی مێژوویی وەك شەرەفنامەمان بنووسیبایەوە ، لەمێژبوو رابردووی کورد لە تاریکیو دەستتێوەردانو شاراوەیی قوتاری بووبوو •

ئەو بەشەی مێژووی کورد کە نووسراوەتەوە لەچاو بەشە نەنووسراوەکەیدا ئەوپەڕی کەمەو بە پرژوبڵاویو پچڕپچڕی چەند کەلێنو قوژبنێکی مێژووی ئیسلامو نەتـەوە موسڵمانـەکانی گرتـووە • کۆکردنـەوەی ئـەو زانیاریانەو

راگوێزتنیان لـه سـەرچاوەی مێـژوویی عـەرەبیو تـورکیو فارسـییەوەو رێکخستنیان کارێـکی گەلێـك دژوارو ئەسـتەمەو بە چەنـدان مێژوونووسی زیرەکو بلیمەتی وەکوو محەمەدئەمین زەکیو مستەفا جەوادو عباس العزاوی دابین ناکرێ • باشە ئەگەر رووناکبیرانی کورد چاکی مەردایەتیو دڵسۆزیی ای نـەکەن بـەلاداو بـەبێ درێخی کـردن شـوێن سـەرچاوەی زۆر بابەتی مێژوویمان نەکەونو هەوڵی کۆکردنەوەو زیندووکردنەوەیان نەدەن ، ئەی ئیتر کێ زاتی ئەوە دەکاو بەخۆیدا رادەبینێ خۆ لەبەر کەرتێکی یەکجار کەمی ئەم بارە قورسەدا رابگرێ ؟! •

مێژوو رووێکی گرینگو پیرۆزی نەتەوەیەو ، ئاوێنەی بالآنوێنی رادەی پێشکەوتنو شارسـتانەتیو دەنگو رەنـگو سەنگی گەلـە • (جەمالوددینی ئەفغانی)ی رێبـەری گەورەی جوولانـەوەی ریفۆرم (اصلاح)و راپـەرین لە خۆرهەلآتدا ، دەڵێت :

**لا عز لقوم لا تاريخ لهم ولا تاريخ لهم اذا لم يقم منهم من يحيي اثار رجال تاريخهم» •**

هەروەها شـاعیری ناودار ئەحمەد شەوقی لەبارەی بایـەخی مێژووەوە گوتوویە :

**«مثل القـوم نسـوا تاريخهـم كلقيط عي في الناس انتسابا»**

واتــە ئـەو نەتەوەیــەی مێــژووەکەیی لەبیرچوویێتــەوە وەکــوو هەتیوکەوتووێکی دۆزراوە وایە کە گەورە بوو نازانێ کوڕی چ بنەچەیێکە • لەبەرئەوە رووی دەممان دەکەینە رووناکبیرانو داوایان لێ دەکەین بەتەنگ مێژووەوە بێنو دەستبکەن بە زیندووکردنەوەو نووسین لەسەر بابەتی مێژووی شارستانەتیی وەکوو هونەری بیناسازیو نەخشو نیگارو وێنەکێشانو نووسینو داتاشینو سنعەتی کـوردی • باری کشتوکاڵو ئاودێریی کوردستان لە سەدە

ناوچییەکانو سەردەمەکانی پێشو پاش ئەویشدا ، شایانی لێکۆڵینەوەیێکی قووڵو ووردن • لەپاڵ ئەوانەیشدا ، دەکرێ لەڕووی بازرگانییەوە لەسەر کەرەستەی هێندراو (واردات)و بۆ دەرەوە نێردراو (صادرات)و ڕێگەوبانو کاروانسەراو مەڵبەندی گەورەی بازرگانیی وەکوو شاری جزیرە ، دیاربەکر ، هەولێرو نسێبین کە دەکەوتە سەر درێژترین ڕێی بازرگانیی سەدە ناوچییەکان (واتە ڕێی چین ـ ئێران ـ کوردستان ـ سووریا ـ زەریای سپیی نێوەڕاستو ئەو ولاتانەی بە ئیمپراتۆریی بێزەنتیو ڕۆمانییەوە بەستراون) بنووسرێت • دوورنییە هێندێك ئەس وای بۆ بچن کە هیچ زانیارییەك لەسەر کارو پیشەو سنعەتو بازرگانیو کشوکاڵی کوردستان دەست ناکەوێ ، بەڵام لەو بڕوایەدایین کە ئەگەر ئەو کەسانە پشت ئەسوور بنو لێ بڕێن زانیارییەکی پوختەو لەباریان لە سەرچاوەی مێژوویی و جیۆگرافیی ولاتانی موسڵمانەوە دەستگیر دەبێ •

**شارستانەتیو رابردووی میللەتەکەمان ، بەلای زۆربەی رووناکبیرانی کوردەوە ، تاریكو نەموەزاوییە • ئەمەیش هەر لەبەرئەوەیە کە بایەخێکی ئەوتۆو شایستەیان بە مێژووی خۆیان نەداوەو گەرەکیان نەبوە شارەزاییی لێ پەیدابکەن • هێندێکیشی هەن وەکوو ئەوانەی لە رۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکاندا کاردەکەن ، بیانەوێو نەیانەوێ ، لە نووسینی مێژوویی بێزارنو خۆ لەو دەورە دیارو بەلایە گێلدەکەن کە زانایانی کورد لە پزیشکەوانیو ستێرناسیو ئەندازەی میکانیكو ماتماتیكو زانستەکانیتردا گێڕاویانە • پشتگوێخستنو شانازی نەکردن بە مێژووی نەتەوەو زاناکانمانەوە کە بەرهەمی زانستیو شارستانانەیان بۆ بەجێهێشتووینو ، زیندووکردنەوەیان لەلایەن گەلانی دراوسێوە بەڵگەی پاشکەوتوویی کۆمەڵو نزمیی ئاستی هۆشو بیرکردنەوەی رووناکبیرانمانە •**

پێموابێ لەجێی خۆیدایە لەمبارەوە چەند نموونەیێك بخەینە بەرچاو :

له ژماره (۹)ی ئایاری ساڵی ۱۹۸۳ی گۆڤاری (افاق عربیه)دا ، عادل محمد علی گوتارێکی به ناونیشانی (الحضارة العربیة من خلال شیخ النباتیین ابي‌حنیفه الدینوري)یەوە نووسیوە کە تێیدا بە أبي‌حنیفه (ئەحمەدی کوڕی داود کوڕی وەنەند)دا هەڵدەڵێت‌و دەیکا بە بەڵگەیێکی بەرزی شارستانەتیی عەرەب • دینەوەری زانایێکی کوردی ئینسکلۆپیدی (موسوعي)ی خەڵکی ـ دینەوەر ـی خۆرهەلاتی شاری کرماشانی کوردستانی ئێرانە ، لە سەدەی نۆهەمی زایینیدا کۆچی دوایی کردووە • گەورەترین کتێبی کە (النبات)ە شەش بەرگە لەسەر گژوگیا نووسیویەو ، کتێبی‌تریشی لەبارەی ستێرناسی‌و ئەندازەو جەبرو کەشناسی (انواء جویه)و مێژوو و جوگرافی‌و بابەتی‌ترەوە دانساوە • لە شاری ئیسفەهان‌و دینەوەردا روانگەی ستێرناسیی بۆ تێبینی کردنی ئەستێرەکان دروست کردووە ، ئەوەیش لە کتێبی زیج (زیج الدینوري)دا هاتووە •

لە ژمارەی رۆژی (۱۰/۱۱/۱۹۷۷)ی رۆژنامەی (الجمهوریة)دا ، (زهیر القیسی) باسێکی بە ناوی (لمحات من عبقریة العرب وشخصیة برایل العرب علي الامدي)یەوە نووسیوەو تێیدا بە زانایەکی مەزنی عەرەبی لە قەڵەم دەداو ستایشی‌دەکا • لەکاتێکدا ئەم (زین‌الدین عەلی کوڕی ئەحمەدی ئامیدی)یە کوێرێکی بلیمەتی دیاربەکری (ئامیدی) بووەو ، بەشێکی زۆری تەمەنی لە سەدەی سێزدەهەمدا گوزەراندووەو ، یەکەمین کەسیش بووە بە نێزیکەی ۳۰۰ ساڵ پێش (برایل)ی فەرەنسەیی پیتی تەندار (الحروف الجسمیة)ی بۆ فێرکردنی کوێران هێناوەتە کایەوە •

هەروەها لە کتێبی (الجزري رائد المیکانیك التطبیقي العربي)دا ماجد عبدالله شمس (ابن‌الرزاز)ی جزیری بە رێبەری ئەندازەی میکانیکی عەرەب‌و بگرە ئیسلامیش دادەنێ • ئەم زانایە خەڵکی (جزیرا بۆتان) بووەو ، هیچ

بەڵگەیێکیش نییە کە تا بۆ خوێندنیش لە کوردستان چووبێتەدەر • لە سەدەی دوازدەیەمدا گەورەترین کتێبی لەسەر ئەندازەی میکانیك لە شاری (دیاربەکر) داناوە •

دەوجا خۆتان سەرپشك بن‌و حوکمەکە بدەن • ئێمە تاوانبارین کە هەر فرمان بەسەر ئەو راستییانەوە نییەو گوێی خۆمانیانی لێ کەڕدەکەین‌و هەوڵی بووژاندنـەوەی مێـژوو و ناسـاندنی زانـاو ناودارانمان نـادەین ، یـان برا عەرەبەکانمان کە گلـەییی ئەوەیان لێ دەکەیـن ئەوان لە ئێمە پتـر شارەزای مێژوومان‌و شانازی بـە دینـەوەری‌و زین‌الـدین الامدی‌و ابن‌الـرزازی‌یەوە دەکەن •

لەوانەیە هێندێك کـەس هەبن بڵێن ئـەم پێڕە زاناو بلیمەتانـە خزمەتی عەرەبیان کردووە نەك کورد ، چونکە شاکارە زانستییەکانیان بە زمانی عەرەبی نووسیوەتەوە • هەر بە وێنە ، ماوەیێك لەمەوبەر کە باسی (ابن‌الرزاز)مان کرد، ئەندامێکی یـەکێتیی نووسەرانی کـوردی سلێمانی کە خۆ بـە چیرۆکنووس دەزانێ هەڵیدایێ‌و جنێوی پێ دا ، بەوەی هیچی بۆ کورد نەکردووەو بە کوردی نەینووسیوە • ئەم کەسـانە سەرەودەرە لـە مێژووی نەتەوەکان نـاکەن‌و لەو راستییە تێ نەگەیشـتوون کە زمانی عـەرەبی لەو سـەردەمانەدا نەك هـەر لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاستدا بەڵکە لە سنووری چینەوە بگرە تا دەگا بە ئەندەلوس (ئیسپانیای ئێستا) زمـانی خوێندن‌و نووسین بووە • ئایا هۆلاکۆ کـە دەوڵەتی عەباسیی عەرەبیی رووخاند ، عەرەبی لە قەڵەمڕەوی دەستەڵاتی ئەودا زمانی رەسمیی نووسین نەبوو و ، نامەو فەرمانەکانیشی هەر بە عەرەبی نەدەنووسی ؟! لەکاتێکدا نە عەرەب‌و نە موسڵمانیش بوو • ئەی سەلجووقییە تورکنەژادەکانیش لەمڕووەوە وەك هەموو فەرمانڕەوایی‌و دەوڵەتـە موسڵمانەکانی‌تر (بوەیهی ، سامانی ، غەزنەوی) کە بە بنەچە عەرەب نەبوون هەمان رێچکەیان نەگرت ؟ • ئایا (سیبەوەیهی) گەورەترین زانای رێزمانی عەرەبی (نحو) فارس نەبوو ؟ •

ئەوەتا ناویان نــاوە (امام النحــاة) لە پاداشتی خزمەتــە کەموێنەکەیــدا • ئەی کەواتە بۆچی لە سەردەمی شای ئێراندا لەگەڵ ئەوەیشدا کە خزمەتی زمانی فارسیی نەکردووە بە رەسمی میهرەجانیان بۆ سازکردو دەیان نوێنەری وڵاتانی بێگانەیان بۆ بانگهێشتن کرد ؟ عەرەبیش‌و نەتەوەکانی خۆیشیان مافی ئەوەیان هەیە ئەم زانایانە بەبەشێك لەمێژووی خۆیان بزانن ، چونکە بوونەتە پارچەیێك لە مێژووی هەردوو نەتــەوەو لە سەراوردیشــیانەوە مێژووی مرۆڤایــەتی • جەمالوددینی ئەفغانی نــە ئەمەریکایی بوو و نە خزمەتی ئەمەریــکایشی کرد ، کەچی (شارلس کرین)ی ئەمەریکایی سۆراخی شوێنی کۆچ کردنەکەیی کردو گۆڕەکەیی لە ئەستەمووڵ دۆزییەوە ، کە خەریك بوو بەتەواوی بزر ببێ •

بەڵێ بڕە رووناکبیرێکمان زۆر بەخۆیانــدا رادەپەرموون‌و پێیان دەکرێ لەبارەی پیکاسۆو تۆماس مۆرو بیتهۆڤن‌و شکسپیرو دەیانی دیکەوە بنووسن‌و ، تاقەتیان هەیە چەندین سەرچاوەی عــەرەبی‌و گۆڤارو رۆژنامەیان بۆ سەنگ‌و سووڤن بنێن یــا لە نووســینی کەسانی تریــان بــۆ رابگوێــزن ، چونــکە ئەم هونەرمەندو نووســەرانە جیهانی‌و ناسراون‌و ئەمانیش گەورەکیانــە بە کاری وا پێشکەوتنخوازی‌و بیری هاوچەرخانەیان بخــەنەڕوو • کەچی لە لایێکی ترەوە یەکێکی وەکوو ابن‌الرزازو دینەوەری‌و ئامیــدی ناناسن‌و لێیان نایێ ژیننامەو بەرهەمەکانیــان زیندووبــکەنەوە کــە بــەبێ چەندوچــوون بەڵــگەو پایــەی شارستانەتیی کوردن •

ئەوەی ڕاستی بێ دەربازکردنی باری کولتووری کوردی لە قاوغی تەسك‌و تەنگەبەری ئەمڕۆی‌و بــەرەڵاکردنی ئــەرکێکی بەجێ‌و پێویســتەو گیانی ئەم سەردەمەو پێداویستەکانی دایدەسەپێنن • چاکتر وایە زیاتر بایەخ بەو لایەنانە بدەین کە رووی راستی شارستانەتیمانی تێدا رەنگ‌دەداتەوە ، نەك هەر ئەدەب‌و بەتایبەت شیعرو چیرۆك •••

جــا لەگــەڵ بەرەوپێشەوەچــوونی کۆمــەڵ‌و پێگەیشــتنی شارستانەتیدا

تۆژینەوەی بابەتو دیاردەی ژیاری (الظاهرة الحضارية)و شارستانەتیی مێژوو فراوانتــر گەشــەو تەشەنــەدەکا ، چونــکە مێــژوو توندوتــۆڵ بــە ئاســتی شارستانەتییەوە گرێدراوە • هەبوونی رژێــمو یاساو باجو دارایی‌و لەشکرو پێوەندیی ناوخۆو دەرەوە لە هەر وڵاتێکدا بارودۆخێکی بابەتکرد (موضوعي) بۆ نووسینی مێژوو دابین‌دەکا • بەپێچەوانەوە نەتەوەی ژێردەستو پاشکەوتوو نە مێژووی خۆیی نووســیوەتەوەو نە شتێکی کەم نەبێ بایەخی پێ نــەداوە • پێم‌وابێ دەکرێ ئەم لێکدانەوەیە بکەین بــە وەڵامێکی سەرەکی‌و بەجێی ئەو پرسیارە کــە دەڵێ بــۆچی کــورد مێــژووی خــۆیی پشت‌گــوێ خســتووەو نەینووسیوەتەوە ؟ لەپاڵ ئەوەیشدا ئەم مەسەلەیە چەند هۆیێکی‌تریشی هەیە •

# بەرنامەی تۆژینەوەی زانستانە
## (منهج البحث العلمي)

نووسینی هەموو بابەتێکی زانستیو کردنی بە کتێب پێویستیی بە پێڕەوکردنی چەندین بنکەو ڕێوشوێنی تایبەت هەن کە سەرجەم بەرنامەیێکی تەواوو پشتپێبەستراو پێکدێنن • زانایانی خۆرئاوا هەر لەزووەوە دەرکیان بە بایەخی ئەم لایەنە کردووەو ، دەستووریان بۆ زۆرینەی زانستەکان داناوە • لە سەدەی حەڤدەیەمدا ، (بیکۆن)و (دیکارت) گەلێك بنەمایان بۆ بیرکاری (الریاضیات) داناو ، (ڤیکۆ)یش (١٦٦٧-١٧٤٤) ڕەنگی بۆ بەرنامەی تۆژینەوەی مێژوویی (منهج البحث التاریخي) ڕشت • لە سەدەی نۆزدەیەمیشدا ، چەند زانایێکی وەك (فۆستل)و (لانج)و (سینۆبۆس) برەویان بە دەستووری تۆژینەوەی زانستانە داو پێشیانخست • هەرچی زانا عەرەبەکانیشن ، نێزیکەی سی چل ساڵێکە روویان لەم مەیدانە کردووەو گرنگیی پێ دەدەن •

بەرنامەی تۆژینەوە نووسەر فێری چۆنیەتیی لێکۆڵینەوەو دیاریکردنی هەڵەو چەوتیو پەسندکردنی بیروڕاو ڕەخنەگرتن لە هەر شیکردنەوەو ئەنجامگری (استنتاج)ێك ، دەکا • هەروەها لەڕووی جۆری بەکارهێنانی سەرچاوەو جوێکردنەوەی بڕوا پێکراوەکانیانو ، شێوەی ڕێکخستنو ریزکردنی باسەکانیەوە ، یاریدەی دەداو لەوە حاڵیی دەکا کە چۆن ناوەڕۆکی زانیارییەکانی بەسەر بابەتی سەرەکیو پەراوێز (هامش)و پاشبەند (ملحق)دا ، دابەش بکا • هەر ئەویشە فێری نووسینی پێناس (تعریف)و پێڕستی ناوی کەسانو جێگاکانی دەکاو ، بەوەیش باری سەر شانی لێکۆڵەرەوەی تر کەمدەکاتەوە •

لەڕاستیدا ، هەر نووسەرێك بەتەنگ بەرهەمەکەیەوە بێو ، بیەوێ لە نرخی زانستیی نەهێندرێتە خوارێ ، دەبێ پێداویستەکانی بەرنامەی تۆژینەوەی زانستانە لەبەرچاوبگرێو جێبەجێیان بکا • بەداخەوە بیری بەرنامە لەنێو

نووسەرانو دانەرانی کورددا کزو پاشکەوتووەو ، کەمیان هەن لێی بەئاگابن •
ئەوانەیان کە وەکوو دەرزێـك لە زانسـتگە خوێندوویانە ، زۆربـەیان پشت
گوێیان خستووەو لـە نووسینەکانیاندا پێبـەپێی ناڕۆن • خـۆ ئەوە هێندێك
مامۆستای زانستگەمان هـەر دەڵێی سوێندیان خـواردووە ، نەك هـەر بەکاری
ناهێنن بەڵکوو تێزیکیشی ناکەون • بەپێچەوانەوە ، دەبینین تۆژەرەوە عەرەبەکان
کتێبەکانیان بە تەرازووی بەرنامە دەکێشنو ، لەم بارەوە پێشکەوتنێکی دیاریان
بەدەست هێناوە •

ئێمە لێرەدا ناتوانینو بواری ئەوەمان نییە بە چەشنێکی دوورودرێژ هەموو
رووێکی بەرنامە روونبکەینەوەو لێی بدوێین ، چونکە باسێکیوا کە تائێستا بە
کوردی هیچی لەسـەر نەنـووسراوە هەڵدەگـرێ زۆر خەستوخـۆڵو قووڵ
لەبارەیەوە بنووسرێو چەنـدەها سـەرچاوەی بەنـرخو زانستیی بـۆ بەکار
بهێندرێتو پێمـانوابێ ئێرە جێی ئەوەنییە ، بەڵکە گەرەکمانە لـەم رێگەیەوە
کتێبەکانمان هەڵبسەنگێنینو کەموکوڕیو ناتەواوییەکانیان ، لەلانی بەرنامەوە ،
دەستنیشانبکەین ، کـەوا لەم چەند خاڵـەی خوارەوەدا دەیانخەینـەڕوو بۆ
ئەوەی سودی لێ وەرگیرێو کتێبی کوردی لەم بارەوە پێشبکەوێ :—

**١ — بایەخنەدان بە پەراوێز :**

بۆ روونکردنەوەی ناوی شارو دێهاتو ناوچەی جۆراوجۆرو کەسانی
نەناسراوو هێندێـك زانیـاریی‌تر کە لە نـاوەرۆکی کتێبدا هاتـوونو ، بەلای
خوێنەرەوە ئاشکرانینو ئەوەندە شارەزایان نییە • بەشێکی زۆری کتێبەکانمان
ئەم لایەنەیان تێدا نەرامـۆش‌کراوەو ، هـەقی خـۆیی نەدراوەتێ ، بۆیـە بە
پێویستمان نەزانی ناوی هیچ کتێبێکی بە نموونە بۆ بهێنینەوە •

**٢ — راستنەکردنەوەی ناوی جیۆگرافیی کوردی :**

هێندێك شارو جێـگای کوردسـتان بە هەڵە ناویان لـە کتێبی نـووسەرە

بێگانەکاندا تۆمار کــراوە ، یان بە لاتینی نووسراونــەوە • جا کە ئــەو کتێبانە وەردەگێڕدرێنە سەر زمانی کوردی یان عــەرەبی راستناکرێنەوەو بە چەوتی دەهێڵدرێنەوە • ئەمــەیش هــەر لەبەرئەوەیــە کە ئــەو وەرگێڕانە ســەر لە جیۆگرافیو مێژووی کوردو کوردستان دەرناکەنو ئاگاداریان نین • ئەوەتا لە کتێبی (مع الاکراد)ی (تۆما بوا)دا ، کە خوشکە ئاواز زەنگەنە وەریگێڕاوە بۆ عەرەبی ، ناوی (سرپول) ، واتە (سەرپولی زەهاو) ، بە (ساری بول) هاتووەو ، لە دەقە کوردیەکەیشــیدا (ژیــانی کــوردەواری) ، کــە کاك حەمەســەعید حەمەکەریم وەریگێــڕاوە ، بە (شاری ــ بــول) هاتووە • هەروەهــا (مەلتا ــ ملطا) ، کە دێیەکە لە کن شاری دهۆك ، لە لاپەڕە (١٥)ی دەقە عەرەبییەکەدا کراوە بە (مالاتای)و، لــە کوردیەکەیشدا هەروا روونووس کــراوە • بڕێك ناوی تریش لە هەردوو دەقەکەدا هەن ، بە هەڵە نووسراونەوە • ساڵی (١٩٨١)، لەسەر خواستی (دەزگای کولتوورو بلاوکردنەوەی کوردی) کتێبی (ژیانی کوردەواری)مــان نرخانــدو ، ژمارەیێـــك هەڵــەی لەمجــۆرەو ناتــەواویی بەرنامەیی‌یشمان دیاری کرد •

**٣ ــ نەنووسینی پێشەکی لەلایەن وەرگێڕەوە :**

پێویستە وەرگێڕ پێشــەکی بــۆ کتێبی وەرگێــڕدراو بنــووسێو ، تێیدا کورتەیێك لەبارەی دانەرو ساڵی دانانو چاپکردنو زمانی کتێبەوە بخاتەڕوو ، چونکە خوێنەری ئەوتۆ هــەن بە شوێن ئــەم تەرزە زانیاریانــەدا دەگەڕێن • کتێبی (ژیانی کوردەواری) ئــەم پێشەکییەی بۆ نەکراوەو ، خوێنــەر نازانێ (تۆما بوا) خەڵــکی کوێیــەو بــە چ زمانێــك کتێبــەکەیی دانــاوەو کەینێ بە کوردستاندا گەڕاوە • هەروەها کتێبی (میر)ی (مەکیاڤیللی) ، کە چیرۆکنووس کاك حسێن عارف لــە عەرەبییەوە وەریگێڕاوە (لەگــەڵ مەکیاڤیللیی دوکتۆر کەمال مەزهەر پێکەوە بلاوی کردووەتەوە وەك پێشەکییەك) ــ تەنانەت ناوی

وەرگێڕی عەرەبیو ساڵی بڵاوکردنەوەکەیشی نەدراوەو ، ئەوەیش چەشنە ئاڵۆزییەك دروستدەکا ، چونکە بەلانی کەمەوە تا ئێستا سێ کەس ئەم بەرهەمەیان کردووە بە عەرەبیو نازانرێ کامەیان کردووە بە عەرەبی بۆ نیازێکی تجاری خۆیو مەکیاڤیللیش بە چاکیان زانیوە ٠ سەرەڕای ئەوە نازانرێ پەراوێزەکان هەمووی هی خۆیەتی یان هێندێك هی وەرگێڕی عەرەبیشەو یان هەر پەراوێزی عەرەبی نەبووە ؟

## ٤ ـ گرنگی نەدان بە پێرستی ناوداران (اعلام)و جێگاکان :

پێرست ، بەپێی بەرنامەی توێژینەوەی زانستانە ، بەشێکی گەلێك پێویستەو ، لەپاڵ پێشەکی (مقدمة)و ڕێخۆشکردن (تمهید)و پاشبەند (ملحق)دا یەکێك لە چوار تەواوکەر (مکملات)ەکەی کتێب پێکدێنێ ٠ پێرست کلیلی کتێبەو ، کاتو وزەی خوێنەرو لێکۆڵەرەوە بەفیڕۆ نادا ، چونکە بەهۆیەوە دەتوانێ لە هەبوون یا نەبوونی ئەو ناوانە دڵنیابێ کە بەدوایانـدا دەگەڕێتو پێویستیی بە زانیاری هەیە لەبارەیانەوە ٠ مخابن کە زۆربەی دانەرانو نووسەرانمان خۆ لە پێرست لادەدەنو لە کام کتێباندا سازیدەکەن ٠ لە کاتێکدا دانەرانی عەرەب زۆر بایەخی پێ دەدەنو ، هیی وایان هەیە نێزیکەی پازدە جۆر پێرست بۆ کتێبی خۆی ئامادەدەکا ٠

بە ڕیشی ئێوە ڕەوایە کتێبێکی (٦٥٥) لاپەڕەیی وەك (یادی مەردان)ی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس ، کە ناوی ئەو هەموو زاناو شوێنە جۆربەجۆرانەی تێدایە ، بەبێ پێرست چاپبکرێ ؟ ٠ خۆ ئەوە کتێبی (هۆزانڤانێت کورد)ی خوالێخۆشبوو سەیدا صادق بەهائەددینیش ، کە (٦٢٤) لاپەڕەیە ، هەمان کەلەبەری تێکەوتووە ٠ کتێبی یەکەمیان لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاریی کوردو ، دووەمیشیان هیی دەستەی کورد ـ کۆڕی زانیاریی عێراقە ٠ شیاو نییە دەزگایێکی هێندە باڵا کاری وەها بچووکی

لەبیربچێ ، چونکە هەر هیچ نەبێ ئەوسا هاوکاریی لەگەڵ (کۆڕی زمانی سوریانی)دا هەبوو و دراوسێ خانووی کۆڕی زانیاریی عێراق بوو و ، ئێستایش بەشێکە لەمەی دواییانو ، دەبوو لێیانەوە فێربوایە •

ئەوی ڕاستی بێ ، تێکڕای گلەییەکە داوو دەزگا ڕووناکبیرییە کوردیەکان دەگرێتەوە ، واتە (کۆڕی زانیاریی کورد)ی زوو و (دەستەی کورد)ی ئەمڕۆو ( دەزگای ڕۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی )و (بەڕێوەبەرێتیی خوێندنی کوردی)و (ئەمینداریتیی گشتیی ڕووناکبیریو لاوان)• ئەم دەزگایانە دەتوانن سازدانی پێڕست بەسەر نووسەردا بسەپێننو ، بەبێ ئەوە یاویدەی چاپکردنی کتێبەکانیان نەدەنو ، کتێبی کوردی لەم بێ‌بەرنامەییو شرەوپڕییە قوتاربکەن • کەچی خۆیان بوونەتە کۆسپ لەڕێی پێڕست کاریداو ئەم بەشەی کتێب ڕەتدەکەنەوەو ناهێڵن چاپ‌ببێ • ئێستایش ئەو پێڕستانەمان لەلا ماون کە بۆ بەرگی دووەمی (الدولە الدوستکیە)مان کردبوون ، چونکە دەزگای ڕۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی قایل‌نەبوو لەچاپیان‌بدا • خۆ ئەوە پێڕستی بەرگی یەکەمیشی بە هەمان دەردچوو • بڕوبیانوویان ئەوەیە کە دەڵێن ، کتێب بە چاپکردنی پێڕست پارەیێکی زیاتری تێ‌دەچێ •

جا لێرەدا کە باسی گرنگیی پێڕست دەکەین ، دەبێ ئەوە دووپات‌بکەینەوە کە هاتنەکایەی بیبلیۆگرافیا ، وەك بیرێکی تازەبابەت ، لە بواری بزووتنەوەی ڕووناکبیریی کوردیدا ، بە هەنگاوێکی پیرۆزو مەزن دەژمێردرێت • شوێنی مامۆستا نەریمان ، لەم مەیدانەدا ، لە پلەی یەکەمدایەو جێی ڕێزلێنانە چونکە دەوری لە بڵاوکردنەوەی ئەم بیرەدا بینیوە • ئەو ڕێگایەی کە مامۆستای ناوبراو لە (بیبلیۆگرافیای کتێبی کوردی)دا گرتوویەبەر ، لەبارو پەسندنییە • مادامێکی بیبلیۆگرافیاکە بۆ کتێبی کوردی دەکرا ، دەبوو لەسەر بناخەی پیتی ئەلفوبێی ناوی کتێبەکان ریزیان‌بکا ، نەك بەپێی ساڵی چاپکردنیان ، چونکە ئەمەی دواییان خوێنەر ماندوو دەکاو ، ئەگەر نەزانێ ئەو کتێبە کە مەبەستیە لە چ

ساڵێکدا چاپکراوە ناتوانێ بەئاسانی بدۆزێتەوە . ئاشکرایە کە ئامانجێکی
بنەڕەتی بیبلیۆگرافیا یاریدەدانی لێکۆڵەرەوەو کورتکردنەوەی ڕێی گەڕانو
سۆراخکردنە لەبەردەمیدا . بۆیە ئەم کارەی مامۆستا نەریمان لەم قاڵبەدا
سوودێکی ئەوتۆ نابەخشێو پێویست وایە هەڵبوەشێندرێتەوەو سەرلەنوێ بە
بەکارهێنانی پیتی ئەلفوبێی بابەتی کتێبەکان دابڕێژرێتەوە . ئەوەتا نامەخانە
گەورەکانی عێراقو وڵاتانی دەرەوەیش پێڕەویی هەمان ڕێباز دەکەن .

مامۆستای بەڕێز دوکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد بەشێك لە کتێبی
(مێژوو)ەکەیی بۆ (کورتەی بیبلیۆگرافیای مێژوونووسیی کوردی)) تەرخان
کردووە . گومان لەوەدانییە کە ئێمە گەلێك پێویستمان بەم چەشنە بیبلیۆگرافیایە
هەیەو ، سوودێکی زۆری لێ وەردەگرین . ئەم بابەتە ناوی ژمارەیێکی فرە
سەرچاوەی مێژوویی کوردی بە کتێبو گوتارەوە تێدا هاتووە . بەڵام وەك
بیبلیۆگرافیا سەرکەوتوو نییە ، چونکە ناوی زۆر بابەتو کتێبی تێدایە کە
تەك هەر پێوەندییان بە مێژووی کوردەوە نییە ، بەڵکوو نایشچنە خانەی
مێژووەوە . بە وێنە کتێبەکانی لینینو ستالینو کیم ئیل سۆنگو لین بیاوو لیو
شاو شیو زۆری دیکەو ، کتێبی وەك (پیلانێك بەزدی چین)و عومەر خەیام ،
ژان ژاك ڕۆسۆ ، مەدام کۆریو لە وڵاتی گوڵەزەنبەقی سپیداو چارلسی یەکەمو
چل فەرمودەی پێغەمبەرو گوتاری لەمەڕ کشتوکاڵو پزیشکی گەلیی کوردو
هێندێك لە گوتارەکانی موکەڕڕەم تاڵەبانیو مەولوودنامەی پێغەمبەرو ئینجیل
لۆقاو شەجەرەی پێغەمبەر .

ئەم بیبلیۆگرافیایە ڕێبازو دەستووری بیبلیۆگرافیاسازیی تێدا جێبەجێ
نەکراوەو ناگونجێ لەگەڵیدا ، لەبەرئەوە کە بیبلیۆگرافیامان بۆ زانستێك یان
بابەتێکی دیاریکراو دانا دەبێ بابەتیتری تێکەڵ نەکەین . بۆ نموونە ،
بیبلیۆگرافیای کتێبی چاپکراو ، وەکوو ئەوەکەی بەڕێز کاك نەریمان ، کتێبی
دەستنووسی تێ ناکرێ . پێچەوانەیش هەر راستە . خۆ ئەگەر بۆ کشتوکاڵ

ئامادەبکرێ ، ئەوا سەرچاوەی مێژوویی یا ئەدەبی یان پیشەسازی ناگرێتەوە . هۆی ئەمەیش ئەوەیە کە زانستەکان ، لەبەر لێکنەچوونیان ، لە یەکتری جوێ کراونەوە . وا بزانین ئەگەر خوێنەر ژیرانەو ورد بیبلیۆگرافیاکە بخوێنێتەوە ، بۆی دەردەکەوێ کە لە کەشکۆڵێکی سەربەخۆ دەچێو ، لەوانەیە چەند کەموکورییەکی تریشی تێدا بدۆزێتەوە . هیوادارین دوکتۆر کەمال لە داهاتوودا ئەم باسەی پوختەبکاتەوەو چیی سەر بە مێژوو و مێژووی کورد نییە لایان ببا ، بۆ ئەوەی هەم زانستی بێو بەرهەمێکی بەنرخی لێ دەربچێو هەم کەڵکێکی زۆرتری ببێ .

شایانی باسە دوکتۆر لە پێرستی ناوی کەسانو جێگانی کتێبەکانیدا تووشی هەڵە بووە . دوکتۆر لە چەند جێیەکدا ناوەکانی پێش یانێ پاش خستووەو تێکەڵی کردوون ، بۆ نموونە تەماشای ناوەکانی پیتی (ع)و (م)و (ن) بکە لە پێرستەکەی کتێبی (تێگەیشتنی راستی)دا ، کە (محەمەد)و (مەحمود)ی تێدا تێکەڵ کردووەو ، (عبدالرزاق)ی بە دووجۆر رێنووس (ئیملا)و هەریەکە جیاواز لەوی تری هێناوەو ، بەگشتی ئەمەش شێوە هەڵە لەم پێرستەدا هەیە . دوکتۆر وشەی نائەسڵیی وەك (مەلا)و (شێخ)و (سەید)ی لە پێرستەکانیدا داناوەو کردوونی بە وشەی رەسەنو راستەقینە ، ئەمەیش لە خۆیدا هەڵەیە . لەم بارەوە بڕوانە پیتی (م)ی ناوەکانی پێرستی کتێبی (مێژوو) . تەنانەت ناوی (جگەرخوێن)ی لە پیتی (ج)دا لە دوو جێگەدا هێناوە . گوتارێکی درێژمان لەسەر کەموکورییەکانی کتێبی (مێژوو) ئامادە کردووە .

سەرەنجام بۆمان دەردەکەوێ کە دوکتۆر کەمال تاکوو ئێستا تەواو شارەزای چۆنیەتیی ئامادەکردنو ریزکردنی ناوەکانی پێرست نییەو ، چاکتر وەهایە بە کتێبەکانی بەرنامەی تۆژینەوەی زانستانەدا بچێتەوە بۆ رێکخستنی پێرستەکانی .

لە کۆتاییی ئەم خاڵانەدا دەبێ پێ لەوە بنێین کە ئێمە خۆیشمان لە کتێبی

( دیوانا کرمانجی )دا ، کە سالی ( ١٩٧١) چاپمان کرد ، چەند هەڵەیێکی بەرنامەییمان کردووە ، لەوانە نەبوونی لیستەی سەرچاوەو لیستەی بابەتەکانی کتێبو پێرستی ناوەکان • هەروەها شیعری شاعیرەکانمان پێش بەسەرهاتو ژینامەیان خستووە کە دەبوو بەپێچەوانەوە بێ • گەلێك شتمان بە ئەوپەڕیی لەخۆڕادیتنو جورئەتەوە باس کردووە ، بەبێ ئەوە کە بۆنی (گومان)ی لێ بێ • هەر لەم رووەوە ، لە ژمارە هەشتی گۆڤاری (کاروان)دا برایێك بە ناوی (ئەمینێ ئوسمان)ەوە رەخنەی لەو قسەیەمان گرتبوو کە لە لاپەڕە (١٣١)ی (دیوانا کرمانجی)دا کردبوومانو گوتبوومان : کە هیچ مێژوونووسێك نەیگوتووە (فەقێی تەیران) (خانی دمدم)ی هەیە • کەچی ئەو برایە نووسیبوی: نۆردیخانی جەلیل ئەم داستانەی تەیرانی چاپکردووە •

ئێمە دوو نامەمان ، یەکێکیان بەهۆی بەڕێز دوکتۆر نافیع ئاکرەییو ئەوی دیکەیان بەهۆی یەکێتیی نووسەرانی کوردی دهۆکەوە ، بۆ کاك ئەمینێ ئۆسمان ناردو ، سوپاسمان کرد سەرباری ئەوە کە نایناسین ، جا ئەگەر محەمەد ئەمین عوسمان نەبێ • تێیدا گوتوومانە : (رەخنەکەت لەسەر سەرو هەردوو چاومان ، ئێمە بە رەخنەکەت دڵخۆش بووین ، چونکە نابێ هەڵەکانی خۆمان بشارینەوەو بەرگریان لێ بکەین ، لەبەر ئەوە کە کتێب بۆ دەرخستنی راستیو زانست دادەنرێتو دەبێ دووربێ لە خۆپەرستییەوە) •

ئێمە لە رەخنەلەخۆگرتن ناترسێینو لەمەدا قوتابیی خوالێخۆشبوو (حەمید باتاسی)ی دڵپاکو لەخۆبوردووین •

**٥ ـ فەرامۆشکردنی ئەمانەتی مێژوویی‌و زانستی لە ساخکردنەوەی کتێبی دەستنووسو کەلەپووردا :**

**زانایانی بەرنامەساز رێوشوێنێکی زانستیو رێكوپێکیان بۆ نووسینەوەو ڕێکخستنی کتێبی دەستنووسو بابەتی کەلەپوور داناوە • کە ناکرێ ئەو**

نووسەرانەی خەریکی ئەم کارە دەبن خۆیـانی لێ لابدەنو بایەخی پێ نەدەن .
[لەم‌بارەوە بروانە : عبدالسلام هارون ، تحقيق النصوص ونشرها ، القاهرة ، ١٩٥٤/برجستراسر ، اصـول نقد النصـوص ونشر الكتب ، (ترجمـة الدكتور محمد حمدي البكري) ، القاهرة ، ١٩٦٩] .

لەبەرئەوەی زۆربەی نووسەرانمان ئاگاداری ئەم بەرنامەیە نین ، کە لە دەستنووسێك دەکۆڵنەوەو سازی‌دەکەن ، دوچاری هەڵەو کەم‌وکورتی دەبن . بە وێنە ، خوالێخۆشبوو سەیدا صادق بەهائەددین لە ساخکردنەوەی (دیوانی پەرتویێ هەکاری)دا تووشی چەندین ناتەواوی هاتووە. مامۆستای ناوبراوبرێك وشەی دیوانەکە کە ماناکەیان ئاشکرا نەبوە ، فرێی‌داون‌و خۆی وشەی‌دیکەی ئامادەکردووەو خستوویە جێگەکەیان لە شیعرەکاندا . ئەوەی باش بووە کە هەر خۆی ئەو دەستکاریانەی لە پەراوێزەکانـدا دەست‌نیشان کردووە ، دەنا کەس بەو شێواندنانـەی نەدەزانی . هەروەها هێندێك وشـەی کێش‌لاسەنگی لە دێرە شیعرەکان دەرهێناوەو ، بە ئارەزووی خۆی‌و بۆ ئەوە کە کێشەکەیان هاوسەنگ بکاتەوە ، پێش‌وپاشی خستوون . لای وابووە توێژەرەوە مافی ئەوەی هەیە ، بە دڵی خـۆی ، ئاڵوگۆڕکێ بە وشەو رستەی نێو دەسـتنووس بکا . هەتاکوو لەسەر بەرگی دیوانەکەیشدا نووسـیویە (بەرهەڤکرن‌و تویژاندنا) ، واتە کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەی ، ئەوەیش هەڵەیە ، چونکە شیعرەکانی پەرتویێ هەکاری پرژوبڵاو نەبوون تا ئەو بکەوێتە کۆکردنەوەیان ، بەڵکە هەمووی لە یەك دانە دەستنووسدا بووە .

بەرهەمی شـاعیران‌و زانایانمـان ئەمانەتێـکی یەکجار پـیرۆزن ، بە تێمە سپێردراون . بۆیـە دەبێ بە پاکی‌و بێ‌کەم‌وزیاد بیان‌دەینـەوەو ، ناوەڕۆکی بابەتەکانیان شی‌بکەینەوەو ، مەبەستیان بخەینەڕوو . مایەی داخێکی زۆرە کە تەنانەت دەزگا رووناکبیرییە کوردییەکانیشمان ناتوانن بە جۆرێکی هاوچەرخ‌و

زانستانە کتێبە کەلەپوورییەکانمان ڕێکبخەنو ، گەلێك زانیاریی نوێو گرنگیان بخەنەپاڵ • ئەوە (کۆڕی زانیاریی کورد) ، کە ساڵی (١٩٧٣) (شەرەفنامە)ی لە وەرگێڕانی مامۆستا هەژار بە کوردی بڵاوکردەوە • کۆڕ ئەم کتێبەی کردووە بە تۆماری سەرنووس (سجل النفوس)و ، وێنەی ئەمو ئەوی تێدا چاپکردووە • ئەمینداری کۆڕ بەڕێز دوکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەدو دوو ئەندامی بەڕێز مامۆستا عەلائەددین سەجادیو مامۆستا مەسعود محەمەد باسی ژیانی خۆیانو وێنەو شێوەی دەسخەتی خۆیانیان لە شەرەفنامەدا بڵاوکردووەتەوە ئەویش سێسەدو نەوەدو هەشت ساڵ پاش دانانی ئەم کتێبە • دەبێ بە چ هەقو چ دەستوورێك ئەم کارەیان کردبێ ، لەکاتێکدا هیچ خۆرهەڵاتناسێکی ئەورووپایی دەرهەق بە کتێبێکی کەلەپووری عەرەبی ئەوەی نەکردووە •

تا ئێستا هیچ کۆڕێکی زانستی ، کە دەیان کتێبی دەستنووسو کەلەپووریی چاپکردبێ ، لە ئاستی تەرزە شێواندنەدا بێدەنگ نەبووەو کاریوای لێ نەوەشاوەتەوە • هیچ وەرگێڕێکی ئەم جەشنە کتێبانەیش ئاوا بەخۆیی ڕەوا نەبینیوە دەست لە بەرهەمی زانایان وەربدا • ئەی ئەوە مامۆستا محەمەد عەلی عەونیو مەلا جەمیل بەندی ڕۆژبەیانیو یحیی الخشاب ، هیچیان نەیانکرد وێنەی خۆیان لەگەڵ وەرگێڕانە عەرەبییەکەی (شەرەفنامە)دا چاپبکەن • هەتا لە بەڕێز مامۆستا عەلائەددین سەجادییشمان بیستووە ، لەمبارەوە دەیگوت : « چەند جارێك بۆ وێنەی خۆم هەڵیانپێچاوم ، تا ئاخرییەکەی بە نابەدڵی دامنێ» • دانەر بۆی هەیە دەستکاریو تاووتووی کتێبی خۆی بکاو وەك کتێبی (الاعلام)ی (زرکلي)ی لێبکا ، بەڵام بۆ کتێبی دانەریتر کەس ئەو هەقەی ناداتێ •

دەبوایە کۆڕ لەباتیی ئەوە پەراوێزی پڕ لە زانیاریی مێژوویی بۆ شەرەفنامە دابنایەو ، بابەتەکانی ، بە یاریدەی گەلێك سەرچاوەی زانستیو

بایەخدار ، بەربڵاوترو یەکلاییی بکردایەوەو پێڕستی بۆ بکردایەوە ، جێی دەستی بە چاپی کوردییی ئەم شاکارە مەزنەوە دیار بوایە • کەچی بەداخەوە کۆڕ ئەوەی لە دەست نەهات ، وەك چۆن نەیتوانی پەراوێزێك بنێتە سەر چاپی دووەمی کتێبی (جاوان القبیلة الكردیة المنسیة ومشاهیر الجاوانیین)ی زانای گەورە (مستەفا جەواد) • لەکاتێکدا مامۆستای ناوبراو کاتی خۆی هێندێك سەرچاوەی نەکەوتبووە بەردەست ، بە تایبەت کتێبی ( سیرة المؤید داعي الدعاة الفاطمي) کە ژمارەیێك زانیاریو بەڵگەنامەی گرنگی لەسەر جاوانییەکان تێدایە • [لەمڕووەوە بڕوانە گوتارەکەمان : (نبذة وثائقیة من تاریخ قبیلة جاوان الكردیة ، مجلة رۆژی کوردستان – شمس کردستان ، العدد ٥٥ ، حزیران – تموز ١٩٧٩ ، ص ١٤–١٨) ] •

کۆڕ نەوەك هەر هیچی لەسەر ئەم کتێبە زیادنەکردو یەکێکی نەبوو ئەوەی بۆ ئەنجامبدا ، بەڵکوو هێندێك هەڵەی چاپیشی دایەپاڵو لەوانە هەڵەیێکیشی خستە ڕێنووسی ناوی کتێبەکەوە • ئەوەتا پیتی (سین)ی لە (المنسیه)دا ، لەبریی سێ چوکڵە ، بە دوو چوکڵە نووسیوە !! •

**٦ – ناوی کێ لەسەر بەرگی کتێب دەنووسرێت :**

وەنەبێ بەرنامەی تۆژینەوە بەرگی کتێبی لەبیرکردبێ ، بەڵکە سنوورێکی دیاریکراوی بۆ داناوەو ناوی (صفحه العنوان) ، واتە لاپەڕەی ناونیشانی لێ ناوە • بەپێی ئەم بەرنامەیە ، تەنیا ناوی دانەرو بابەتی کتێب لەسەر بەرگ دەنووسرێت • خۆ ئەگەر چەند دانەرێکیش لە دانانی کتێبێکدا هاوبەشیان کردبوو ، ئەوا ناوی هەموویان دەنووسرێ • سەرپەرشت (مشرف)یش بە بەشداری کتێب دەژمێردرێتو ناوی دەبرێ •

کەسانی پیشەکینووسو یاریدەری دانەر لە پێداچوونەوەو پاکنووس کردنی کتێبدا ، ناویان ناخرێتە سەر بەرگ ، بەڵکوو لاپەڕەی سوپاسو ڕێزلێنان (صفحة الشكر والتقدير)یان بۆ تەرخانکراوە کە لاپەڕەیێکی

تایبەتەو دەکەوێتە سەرەتا یا کۆتاییی کتێبەوە • دانەر ئەگەر بیەوێ ، دەتوانێ جۆری یارمەتیی ئەو کەسانە لەو جێیەدا یا لە پێشەکیی خۆیدا تۆمار بکا •

[لەم بارەوە بڕوانە : دكتور احمد شبلي ، كيف تكتب بحثا أو رسالة ، القاهرة ، ١٩٧٤ ، ص (١٣٣-١٣٥) ، الدكتور عبدالله الفياض : التاريخ فكرة ومنهجا ، بغداد ١٩٧٢ ، ص (٤٨) ، عزيـز العلي ، البحث العلمي تدوينـه ونشره ١٩٨١ ، ص (١٠)] •

لەم سالانەی دوایی‌یەوە ، ئەم دیاردە نالەبارە کەوتووەتە کارو ، هێندێك نووسەرمان پێڕەویی دەکەن • دیارە لەسەرەتاوە چەند نووسەرێکی کەمزانو بێ‌باوەڕ رووویان لە کەسانی بەناوبانگ‌و ناسراو ناوە پێشەکییان بۆ بنووسن ، یا بەهۆی چەشـنە یاریدەیێکی‌ترەوە ناویان هێناونە نێو ناوانەوەو ، بـە حسێبی خۆیان بەرهەمەکەیانیـان پێ بەنـرخ کـردووەو ، رەواجێـکی بـاشی لەلای خوێندەواری ساویلکە بـۆ پەیدابووە • وەك خوێندەواری ژیـرو تێگەیشتوو نەزانێ ئەم کارانە چاوبەستەکێن‌و دەبێ بەرپەرچیان بداتەوە ! ••

جا هەر هەڵەیێکی وەها بووە نووسەرانی‌دیکەی بەدوای خۆیدا بەکێش کردووەو ، ئێسـتایش خەریکە بەتەواوی ببێتە ڕێ‌وشوێنێکی بـاو لای دانەرە کوردەکان • دەبێ ئەو بەڕێزانەی کە پێشەکی دەنووسن‌و یاریدەی نووسەران دەدەن ، ئەم هەڵـە بەرنامەیی‌یەیان بەسـەردا نەڕوا ، بەوە قایل نـەبن • ئەم قسەیەمان لەبـەر بەخیلی‌پێ‌بردن‌و بەرچاوتـەنگی نییـە ، بەڵکە بۆ هانـدانی نووسەران‌و ڕێ‌نوێنی‌کردنیانە لە چۆنیەتی بەرهەم‌هێنانی کتێبداو ، ئەوەیش کەمێك هۆش‌و بیری هەبێ چاك لە مەبەستی بەرووودوامان حاڵی‌دەبێ • ئێستا پێشەکی نووسین لەلام پەسـند نییە چونکە بۆ پڕوپاگەندەیە نـەك بۆ نیازێکی زانستی ، وەك چۆن لای پێشینانیش نەبوە •

**٧ ـ درێژدادڕی‌و زیدەکاری (الاستطرادات والزيادات) :**

بۆ ئـەوەی کتێب شـێوەیێکی رێکوپێك وەربگـرێ‌و سـەرپاکی مەرجە

زانستییەکانی تێدا بچەسپێ ، دەبێ دانەر خۆ لە ناوبردنی زانیاریی دوور لە بابەتی توێژینەوەکەی نێزیك نەکاتەوە ، چونکە ناکرێ هەرشتێك بکەوێتە بەر نووکی قەڵەمی دانەر ئەم دەمودەست وەری بگرێو قەوارەی کتێبەکەیی پێ قەبەتر بکا .

دانەر لە قۆناخی یەکەمدا زانیاریو تێبینیو سەرنج لە سەرچاوەکان رادەگوێزرێو ، کۆیان دەکاتەوە . ئەوجا لێکیان جوێ دەکاتەوەو دەیانکا بە سێ بەشەوە ، یەکەمیان برِبرِەی پشتی نووسینەکەیی لێ پێك دەهێنێو دووەمیان جێگەو خاڵی گرنگی باسەکەیی پێ روون دەکاتەوەو بەزۆری لە پەراوێزدا دایان دەنێو هەرچی بەشی سێیەمیشیانە لەوانەیە بەکاربهێندرێت یان نا . دەبێ بابەتی بنەرِەت(الموضوع الاصلي)ی کتێبەکە یەکجار دیارو پتەوو زێتر بێ لە زانیاریی ناسەرەکی ، بۆ ئەوەی ناوی کتێبەکە دەقاودەق لەگەڵ ناوەرِۆکەکەیدا بگونجێ . جا ئەگەر بەپێچەوانەوەیش بوو ، لەرِووی بەرنامەی توێژینەوەوە پەسند نابێ .

زۆر لە دانەرانی کورد ئاگایان لە مەسەلەی تێهەڵکێش کردنو زێدەکاری نییەو ، ئەم خەوشو کەموکورتییە لە بەرهەمەکانیاندا هەیە . لێرەدا بە پێویستی دەزانین بۆ پتر پێشاندانی ئەم لایەنە کتێبی (دور الشعب الكردي في ثورة العشرين)ی بەرِێز دوکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد بە نموونە وەربگرین . هۆی ئەم دەستنیشان کردنەیشمان ئەوەیە کە دەبوو ئەم بەرِێزەو مامۆستایانی دیی زانستگە رێنوێنییو رێبەریی رووناکبیرانی کوردیان بکردایەو ئێمەی خوێندەواری بچووکو ناوەنجی لەوانەوە فێری بەرنامەی توێژینەوەو کتێب دانان ببووینایە . هەروەها ئێمە تاوەکوو ئێستا کتێبی هیچ دوکتۆرێکی تری کوردمان نەبینیوە بەم شێوەیە بێو ، حەزیش ناکەین نووسەرانی کورد بە رێبازیوا رازی بنو لە کارەکانیاندا جێبەجێی بکەن ، چونکە شێوەیێکی کەشکۆڵییەو دوورە لە گیانی بەرنامەی توێژینەوەوە .

ئەم کتێبە (١٩٧) لاپەرِەیەو باسە بنەرِەتەکەی ، واتە دەوری کورد لە

شۆڕشی بیستدا که ناوی (المساهمة الكردية في ثورة العشرين)ی لێ ناوه ، تەنیا چل لاپەڕە له (١١٥-١٥٤)ی لێ پێك‌دێنێ • دوكتۆر کەمال پێش چاپکردنی کتێبه‌کەی دووجار ، له ژمارەی ڕۆژی یەکی تەمووزی (١٩٧٠)ی ڕۆژنامەی (التآخي)و له بەرگی شەشەمی ساڵی (١٩٧٨)ی گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کورددا ، لەسەر هەمان بابەتی نووسیوه • ئێمه له دەروازەی ئەم بەشەوه ، ئەم خاڵانەی لەبارەوە دیاری‌دەکەین :-

أ - خوێنەر (١١٤) لاپەڕە دەخوێنێتەوه ، ئەمجا دەگاتە سەر ناوەڕۆکی سەرەکیی کتێبەکه • جا ئەگەر پێشەکییەکەیشی لێ لابەین ، که (١٣) لاپەڕەیە، هەر دەگاتە (٩٨) لاپەڕە ، واتە دوو ئەوەندەو نیوی باسە بنەڕەتەکە دوولاپەڕە کەم • باشە ئەوە چ بەرنامەیێکە قایل‌دەبێ زانیاریی لاوەکی له هیی سەرەکی زۆرتربێ‌و ئەمەی دواییی‌یانی تێدا بزربێ ؟! • خۆ ئەگەر دوکتۆر هەر سوورە لەسەر ئەوە کە (٩٨) لاپەڕەکەیش سەر بە (المساهمة الكردية في ثورة العشرين)ەو مەبەستەکانی لەوخولگەیەدا دەخولێتەوە، دەبوو جوێی‌نەکردایەوەو ئەو ناونیشانەی بۆ هەموویان تەرخان‌بکردایە • ئەوەتا لەسایەی خواوە کتێب‌و گۆڤارو ڕۆژنامەکان زانیارییەکی زۆریان لەسەر شۆڕشی بیست تێدایە کە دەگاتە (١٥-٢٠) کتێب‌و سەدان گوتار ، ئیتر دوکتۆر کەمالیش داسی بژاری لێ خستوونە گەڕو سواڵەبڕێکی زۆری لێ کردوون •

ئەگەر ویستوویشیەو حەزدەکا خوێنەر لە شۆڕشی بیست شارەزابکاو بیرێکی بداتێ ، دەیتوانی پاش پێشەکی بە ناونیشانی (ڕێخۆشکردنێك) (تمهيد أو توطئة)ەوە ، هێندەی چوارلاپەڕە یان پتر لەو ڕووەوە بنووسێ ، بەوە کارەکەی زانستانە دەبوو ، چونکە (تمهيد أو توطئة) دوای پێشەکی دێ‌و ، هەن دەڵێن ، دەبێ ئەوەندەی دە یەکی بابەتی کتێبەکە بێ [بڕوانە : د. علي جواد الطاهر ، منهج البحث الادبي ١٩٧٢ ، ص (١٢٩) ] •

دوکتۆر کەمال لە فەسڵی یەکەمی کتێبەکەیدا ، گەلێك باس‌وخواسی

هێناوەتە گـۆڕێ کە پێـویست بـەو درێژەپێـدانو فراوانییـە نـاکەن ، وەك زیانەکانی ئینگلستانو ولاتانیدیکەی بەشدار لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا کە زۆر کەس لەسـەریان نووسیونو ، کـاری شۆڕشی ئۆکتۆبـەری رووسیا لە هەڵگیرسانی ئاگری شۆڕشی بیستدا کە حەڤدە لاپەڕەی تەواوی بۆ داناوە ، واتە سێ لاپەڕەی لـە نیوەی بابەتی کتێبەکە کەمترە ! • [لەبارەی زێـدەکارییەوە بڕوانە : احمد شبلي ، كيف تكتب بحثا أو رسالة ، ص (٧٦) د• علي جواد الطاهر ، منهج البحث الادبي ، ص(١٢١ ، ٢٢٨) عزيز العلي ، البحث العلمي تدوينه ونشره ، ص (٣٩) ] •

ب ـ دوکتۆر کەمال تەنانەت سەربەخۆیی بە باسەکەی خۆیشی (واتە ئەسڵییەکە) نـەداوەو ، کردوویە بە بـەشی دووەمی فەسـڵی دووەم ، نەوەکا فەسڵی یەکەمیش •

ج ـ بابەتی یەکەمی فەسڵی دووەم ، کە بەناوی (من وقائع ثورة العشرين) (من وقائع ثورة العشرين)ەوەیە ، بەو جۆرەی دوکتۆر کەمال دابەشی کردووەو هێناویەتیەوە ، لەگەڵ سەردێڕی فەسـڵەکەدا (موقع الكرد في ثورة العشرين) (ل٩٧) ناگونجێ • ئەو هەژدە لاپەڕە زانیارییەی ریزی کردوون ، پێوەندیی بە کوردو ناوچەکانی کوردستانەوە نییەو ، تەنیـا جارێك وشەی (الكردي)ی لە گوزارەی (النضال العربي ـ الكردي المشترك)ی دوایین رستەی ئەم بەشەدا درکاندووە• جگە لەوە، هیچ شتێکی وەهایش لەگەڵ بابەتی دووەمی فەسڵەکەدا (المساهمة الكردية في ثورة العشرين) پێکیانەوە گرێنادواو تێکڕا زانیاریی کۆنەو زاندراون • ئەوە خۆیلەخۆیدا نیشانەی کۆڵیو بێباکیی دوکتۆرە لە داڕشتنو جوێکردنەوەی بابەتەکانی کتێبەکەیدا •

د ـ پێشەکیی کتێبەکە درێژەو (٣٢) دانە پەراوێزی بۆ کراوە ، کە دەکرا کورتو سادەتر بنـووسرێت ، چونکە (پێشەکی) بە باسێکی بناخـەییی کتێب دانانرێت ، بەڵکوو سەر بە بەشە تەواوکەرەکانە (مكملات)و جێی وردبوونەوەو

لێکۆڵینەوەی تێدا نابێتەوە • نەك ئەوە ، بگرە پەراوێزی (توطئە)یش دەبێ لە دووسێ روونکردنەوەی کورت تێپەڕنەکا • پێشەکی لە رووی بەرنامەی تۆژینەوەوە دەبێ پەراوێزسادەو کورت بێ • (بڕوانە باسی (مقدمه) لەو کتێبانەدا کە بۆ بەرنامەی تۆژینەوەی زانستانە داندراون) •

سەرەنجام ئەوەمان دەستگیردەبێ کە ئەو دەستوورەی دوکتۆر کەمال لە کتێبەکەیدا رەچاوی کردووە ، دوورە لە بەرنامەی تۆژینەوەی زانستانەو شێوەکەشکۆڵییەو رەوا نییە نووسەرانی دی چاوی لێبکەن • جێی داخە کە ئەم برا بەڕێزانە ـ زوبێر بیلال ئیسماعیلو فوئاد حەمەخورشیدو کەمال نوریو محەمەد بەدری ـ لە هەڵسەنگاندنی کتێبەکەدا ئەم لایەنانەیان بەسەردا تێپەڕیوەو دەرکیان تێ نەکردوونو هەتا نەشیانزانیوە بەشێکی مێژووی گەلەکەمانی تێدا چەواشەکراوە ! •

پەی‌نەبردن بەهەڵەی مێژوونووسانو چاوپۆشین لێی ، (ئیبن خەلدون) گوتەنی ، لە ئەوپەڕیی بڕواپێکردنو باوەڕەوە پەیدادەبێ • رووناکبیری دڵسۆزو ژیر رەخنەگرانە لە بەرهەم دەڕوانێو بوێرانە دەینرخێنێو ناوبانگو نازناوو بڕوانامەی بەرز دەستی نابەستێتەوە • ئێمە کاتی خۆی کتێبی (تێگەیشتنی راستیو شوێنی لە رۆژنامەنووسیی کوردیدا)ی دوکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەدمان نرخبڕیو پشتمان بە چەند سەرچاوەیێکی زانستی بەست • [بڕوانە : گوتارەکەمان : تێگەیشتنی راستی ... نقد في ضوء منهج البحث العلمي ، العراق ، عدد یوم (۲) اب (۱۹۸۰) ] • کەچی کاك فوئاد حەمەخورشید لەهیچەو بە هاندانی دوکتۆر کەوتە بەرگری لێ کردنی • [بڕوانە گوتارەکەی : فؤاد حەمەخورشید ، (العراق) ، عدد یوم (۱۳) أیلول (۱۹۸۰)] • بگرە دوکتۆر کەمال خۆیشی بەرپەرچی بۆچوونەکانمانی دایەوە • [بڕوانە : الدکتور کمال مظهر احمد ، رسالة مفتوحة الی المثقف الکردي ، مجلة (الثقافة) البغدادیة ، العدد (۱۰) ، تشرین الاول ۱۹۸۰ ، ص (۷۷-۱۹۱)] •

بێ گومان هەردووکیان بەو داکۆکی کردنەیان لە شێوازی دوور لە بەرنامەی تۆژینەوە ، گوناحێکی گەورەیان کرد ، چونکە هیچیان لێیان نەهات بۆ پاساودانی بیروڕاکانیان پەنجە بۆ سەرچاوەیێکی زانستیی سەر بە بەرنامەی تۆژینەوەی زانستانە درێژبکەن‌و خۆیان لە بەرنامەی تۆژینەوە دزیەوەو شتی ئەملاو ئەولایان تێکەڵی قسەکانیان کرد ، کە دەبوو هەر لەو نوختەنیگایەوە وەڵامیان بدایدایەوە .

## ٨ – زۆریی گوزارەو کەمیی کەرەستەی زانستی :

هێندێك نووسەر لە کتێب‌و گوتارەکانیشیاندا گوزارە (تعبیر)و ئاخافتنی زۆر بەکاردێنن کە کەرەستەیێکی زانستیی یەکجار کەمیان تێدایە . هەیشن لە نووسیندا گەلێك باسی لاوەکی دێننە بەری مەیدانەوەو لق‌وپۆپێکی چرو‌پڕ لە بابەتەکەیان دەکەنەوە ، بەڕادەیەك سەر لە خوێنەر دەشێوێنن‌و مەسەلە بنچینەیی‌یەکەی لێ شوێنەون‌دەکەن . خوالێخۆشبوو سەیدا (صادق بەهائەددین) پێڕەویی ئەم شێوازەی دەکرد .

ئەم دوو شێوازە کارێکی خراپ دەکەنە سەر نرخی زانستیی کتێب‌و ، بۆ تۆژینەوە دەستنادەن . لە باری یەکەمدا ، نووسەر دەتوانێ بە خەست‌وخۆڵی‌و پڕاوپڕ باسەکەی دابڕێژێ‌و لە درێژدادڕی دووربکەوێتەوە . لە باری دووەمیشیاندا دەکرێ ئەو زانیاریانەی کە راستەوخۆو توند بە بابەتە بنەڕەتەکەوە گرێ نەدراون ، لە پەراوێزدا بخرێنەڕوو . بۆیە باشتروایە لە هەردوو باردا قسەو گوزارە کەم‌بێ‌و کەرەستەی زانستی خەست‌وخۆڵ‌و چڕ بێ .

## ٩ – زمانی زانستی (اللغة العلمیة) :

دەبێ لێکۆڵینەوەی زانستی رستەی راست‌و رەوان‌و تۆکمەی بۆ هەڵبژێردرێ کە پڕ بە پێستی مەبەست بێ‌و ، لە زێدەڕۆیی‌و هەست‌وسۆز

جوولاندنەوە نـەگلێ • دوکتـۆر علی جـواد الطاهـر دەڵێت : «دەبێ وشە بێ گرێو گۆڵو رەوانو لەجێی خۆیـدا بێو مەبەستی تەواو بدا بەدەستەوە ، زاراوەیش بە چەشنێکی نەگۆڕو چەسپاو بمێنێتەوە ، گوزارەکان واتا روونو کورتو پوختە بن چونکە گوزارەی مانـاونو لێکچواندنی (تشبیه) نەبیستراوو نامۆ (غریب) پەسند نین • [بڕوانە : الدکتور علي جواد الطاهر ، منهج البحث الادبي ص (٤٩-٥٠) ] •

(عەمانۆیـل کنت)یش لەمبارەوە دەڵێت : دەبێ مێـژوو و تۆژینەوەی مێژوویی ، کە بەرنامەیـان تێدا لەبەرچـاو دەگیرێ ، لە گـوزارەی ئەدەبیو قسەی بێسەروبێو پێـداگرتنی (تاکیدات) بێ سەلماندنو بەڵـگەی راستەقینە دابڕدرێت • واتە دەربڕینی وەسفئامێزو پفهەڵدراوو بریسکەدار ، لەبار نییە • [بڕوانە : (النقد التاریخي) ، (ترجمة د• عبدالرحمن بدوي) ، القاهرة ، ۱۹٦۳ ، ص (۲٤۳)] • نووسەری زاناو تێگەیشتوو جڵەو بۆ خەیاڵ شلناکاو، هۆشیارانـە بیردەکاتـەوەو ورد دەنـووسێ • نـەك وەکوو ئـەو نووسـەرو رۆژنامەنووسانەمان کە لایان وایە ، مێـژوو و بابەتی شوێنەواریش بە زمانی شیعرو چیرۆك دەنووسرێنەوە !! ئەو زمانە زانستییە قورسو رەسەنەو گوزارەی ئەدەبیی بریسکەداری تێدا نییە •

لە کۆتاییدا دەبێ ئەوە بڵێین کە ئێمـە گشت خاڵەکانی بەرنامەمان باس نەکردووە ، چونکە ئەم بابەتە بووەتە زانستێکی سەربەخۆو گەلێك فراوانە • ئەم نووسینەی ئێمە هەوڵدانێکە بۆ تێگەیاندنی بایەخی بەرنامە لە رووناکبیری کورد ، تاکوو نووسینەکانیان پتر بەهێزو زانستانە بێو ، کتێبی کوردیش لەم سستیو شرو بڕییە رزگاری بێو وەك کتێبی هاوچەرخی عەرەب برازێتەوەو پێش بکەوێ •

# بەکارهێنانو دەستنیشانکردنی سەرچاوە

بەرنامەی تۆژینەوەی زانستانە داوا لە نووسەران دەکا کە ناوی سەرچاوەی پشتپێبەستراو بۆ باسەکانیان بهێنن • سەرچاوەی زۆر نیشانەی لێکۆڵینەوەی وردو خۆماندووکردنەو ، هەردەم بەلای رووناکبیرانەوە پەسندە • دەبێ دانەر خۆ بە ژمارەیێك سەرچاوەی دیاریکراوەوە نەبەستێتەوە ، لەکاتێکدا سەرچاوەی دیکە هەبنو کەسانی تریش لەو بابەتە دووابن •

جێی داخە کە تاکوو ئێستا هێندێك لە دانەرو نووسەرەکانمان بایەخ بە زۆریی سەرچاوەو ناوەکانیان نادەنو ، کتێبەکانیان بە شێوەیێکی نازانستانە دەخەنەڕوو • نموونەیشمان بۆ ئەمە کتێبی (علماؤنا في خدمة العلم والدين)ی مامۆستا (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕریس)ە • مامۆستا بۆ زۆر بەسەرهاتی ژیانی ناودارەکان پەنجە بۆ هیچ سەرچاوەیێك درێژ ناکا • ئەوەیش لە نرخو پایەی زانستیی کتێبەکەیی هێناوەتە خوارێ •

نابێ ئەوە لەبیربکەین کە بەڕێز دوکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد نموونەیێکی هەرەدیارو بایەخدەرە بە دەستنیشانکردنی سەرچاوەو چۆنیەتیی زانیاری لێوەرگرتنیان • تەنانەت بۆ زانیاریی کەمو بچووکیش ، بە پاکیو بەپێی پێویست ، ناوی سەرچاوەکەی دەبا •

# دزینی ڕەنجی یەکتر

لەکۆنەوە ، دزینو خۆکردن بە خاوەنی بەرهەمی کەسانیتر ، کەم بێ یا زۆر ، لەنێو نووسەرانو دانەراندا هەبووە . بە وێنە ، مێژوونووسان (ابن قتيبة الدينوری) بەوە تاوانبار دەکەن کە نووسینو داندراوەکانی زانای ئەنسکلۆپیدیایی (أبوحنيفة الدينوري)ی دزیوە ، لەکاتێکدا هەردووکیان لە سەدەی نۆیەمی زایینیدا ژیاون .

ئەم بارە لەنێو خۆیشماندا هەیەو ، جاروبار دەبینین گۆڤارو ڕۆژنامەکان دەنووسن لایەنە نووسەر فلانە بەرهەمی فیسارە نووسەری دزیوە ، یان سکالای لەم جۆرەی تێدا بلاودەکرێتەوە .

دزین چەندین شێوەی هەیە . لەوانە نووسەریوا هەیە دەستکارییەکی کەمی گوتارێکی پێشتر بلاوکراوەی یەکێکیدی دەکاو دەست بە سەرو گوێلاکیدا دەهێنێو بلاویدەکاتەوە . جا بەبێ ئەوە کە ناوی ئەو کەسە بهێنێ یا پەنجە بۆ گوتارەکەی درێژبکا ، ئەو کارە بە بەرهەمی ڕەنجی خۆی دەزانێ . یان دانەرێك زانیاری لە کتێبێکی دانەرێکیدیکەوە رادەگوێزێ بۆ کتێبەکەی خۆیو ، ناوی دانەرو کتێبەکە ناهێنێو چاوپۆشی لە ماندووبوونو هەوڵو بیری نوێی ئەو کەسە دەکاو هەقی خۆیی نادانێ . یان لەپێشدا زۆربەی زانیاریی بابەتێك ، بە تایبەت بەشە گرنگەکەی ، لە یەکێکیتر وەردەگرێو ، لە کۆتاییی باسەکەدا یا لەو جێیانەدا نەبێ کە کەرەستەو زانیاریی بایەخداری تێدا نییە ، ناوی نابا . ناوهێنانی کابرایش لەبەرئەوەیە کە دزییەکەی پێ بشارێتەوە ، چونکە دەزانێ ئەگەر بەیەکجارەکی دایپۆشێ ، پاشتر زۆر خوێندەوار دەرك لە دزییەکەی دەکەنو دەیخەنەڕوو . خوێنەری ژیرو وریا ئەوەی لێ وننابێو ، لەم کاتانەدا ، بۆی دەردەکەوێ کە نووسەری یەکەم چەند خۆی بە باسەکەیەوە ماندووکردووەو زانیاریی نوێی لە کتێبو دەستنووسەوە یان بە

رنگەیتر کۆکردووەتەوەو ، ئەوەی دووەمیان هاتووەتە سەر سفرەو خوانی حازری‌و بێویژدانانە هەمووی قۆستووەتەوەو بردوویە .

جاریوا هەیە دانەری دووەمیان پێشتر بە رێیەکیدی هێندێك یا زۆربەی ئەو زانیاریانە دەبینێ‌و پێیان‌دەزانێ . بەڵام هەر دەبێ سەرچاوەی نووسینی دانەری یەکەم دەست‌نیشان‌بکا ، لەبەر چەند هۆیێك ، یەکەم : بۆ ئەوە کە تۆوانی دزینی نەدرێتەپاڵ ، دووەم : بەوە سەرچاوەیێکیتر لەبارەی ئەو بابەتەوە دەخاتە بەر دەستی خوێنەرو رووناکبیران کە دوور نییە پێویستییان پێی هەبێ‌و بەشێك لەو زانیاریانەیان گەرەك بێ کە نووسەری دووەم وەری‌نەگرتوون‌و بەکەڵکی نەهاتوون ، سێیەم : دیاریکردنی ئەو سەرچاوەیە رێزگرتنە لە رەنج‌و تەقەلای دانەری یەکەم ، چوارەم : سەرچاوە لەڕووی بەرنامەی تۆژینەوەی زانستانەوە چەندە زۆربێ باشترەو باسەکە تووندوتۆڵ دەکاو شانازی‌یشە بۆ دانەرەکە . دزی نیشانەی ئەوەیە کە ئەو نووسەرە خۆپەرست‌و ناپاکەو لە ویژدان‌و راستی‌و زانستەوە دوورە . رەنگە لای‌وابێ کە ناوی بەرهەمی کەسانی‌تری نەهێنا ، ئەوە بەڵگەی بەتوانایی‌و زۆرزانی‌و کەموێنەیی‌یەتی .

ئەو خۆپەرست‌و بیرتەسکانە نازانن کە ئەم شێوازو رێبازە ناشیرینەو نرخ‌و باوی نەماوەو مافی بەسەر بەرنامەی تۆژینەوەوە نییە . لەوە بەئاگا نین کە خەڵك پێیان‌دەڵێن : ئەم هەموو زانیارییەتان لەکوێوە هێناو وەرتان‌گرت ، ئەی ئەوە نییە پێش ئێوە باس لەم بابەتە کراوە ، بۆ ناوی ئەوانە دەکەن بە ژێر لێوتانەوە . ساویلکەیی‌و نەزانیی ئەوانە لەوەدایە کە نازانن مێژوو و تۆژەرەوەکانی داهاتوو گشت جۆرە دزییەك ئاشکرادەکەن ، وەك چۆن تۆژەرەوەی ئێستا دزیی داڕانی بەر لە هەزار ساڵیش پێشمان‌دەدەن . باشەڕۆژ هەموو نووسراوێکی ئەمڕۆ لە بێژنگ دەدرێت‌و بە شێوەیێکی زانستی‌و راستەقینە دەنرخێندرێت .

هیواداریین بزووتنەوەی رووناکبیریی کوردیی ئێستامان لە دزیی‌و ناپاکی بەدووربێ‌و روخسارێکی پوختی زانستیی هەبێ .

# نرخاندن بەپێی راستیو زانست

دەتوانین بڵێین زۆربەی بەرهەمنرخاندنەکانی ئەمڕۆمان بۆ دەرخستنی پلەی زانایی‌و چالاکی‌و خزمەتکردنی نووسەر نییە ، چونکە دۆستایەتی‌و خزمایەتی دەورێکی کاریگەری تێدا دەگێڕن • دەبینین ئەمیان نووسینی فلانە نووسەر بەرز دەنرخێنێ لەبەرئەوە کە هەڤاڵی منداڵی‌و خوێندنیەتی یا کوڕە گەڕەکیەتی • ئەویان لەبەرئەوە کە لەسەر یەك بیروباوەڕن • ئەوی‌تریان لەبەرئەوە کە بەرژەوەند ـ مصلحە ـێکی تایبەتیان لەگەڵ یەکتردا هەیە ، یان نووسەرەکە دەستی دەڕواو پایەیێکی بەرزی لە زانستگە یا فەرمانگەدا هەیە • ئیتر بەم چەشنە •

هێندێك کەس هەن بۆ بەرگری کردن لە برادەرانیان ، بەلایانەوە ئاسانەو هیچ سێ‌ودووی لێ ناکەن ، ویژدان‌و راستی پێ‌شێل‌بکەن‌و بەرپەرچی ئەو رەخنە زانستییانە بدەنەوە کە لە بەرهەمەکانیان دەگیرێت • یان لەبەر خۆپەرستی‌و نەگونجان لەسەر بیروباوەڕو بەرژەوەندو بێ‌دەستەڵاتی‌و تەمەڵی لەچاو رەخنەگرە راستەقینەکەدا ، دەکەوێتە کەمکردنەوەی جێگەو دەوری‌و بەتەواوی دایدەپۆشێ •

وەك لەبیرمان‌بێ ساڵی (١٩٧٢) بوو یان پاش ئەو دەمە ، جارێکیان کاك (عەبدوڵلا)یێك هاتە چاخانەی (پەرلەمان)ی بەرانبەر مزگەوتی حەیدەرخانەی بەغدا • ئەوسا چەندین نووسەرو قوتابیی کورد لەوێ کۆدەبوونەوەو مامۆستای قسەخۆش خوالێخۆشبوو (محەمەد تۆفیق وەردی)ش دەهات‌و دەورمان لێ دەداو دەستمان‌دەکرد بە قسەو گفتوگۆ •برایێکی نووسەرمان رەخنەی لە کاك عەبدوڵلا گرت کە لە گوتارێکی بڵاوکراوەیدا گوتاری مامۆستایێکی خۆیی لە بارەی (عەلی حەریری)یەوە پێ لە نووسینی دوو کەسی‌تر پەسندترە کە

لەسەر هەمان بابەت نووسیویانە • پێی گوت : ئەگەرچی دوکتۆر لە لێکۆڵینەوەدا زانستیو وردە ، بەلاَم یەکێك لەو دوو کەسە گوتارەکەی دوکتۆری دیوە ئەوجا لەسەر (حەریری)ی نووسیوەو ، لە هێندێك شوێندا رەخنەی لە دوکتۆریش گرتووەو ، زانیاری زیاترو نوێتریشی هێناوەتە نێو ناوانەوەو ، تۆ خۆیشت ئەوە دەزانی • کاك عەبدوڵلاَ گوتی : «وازی لێ بێنە ، هەر ئەمساڵ کوللیەم ماوە ، لەژێر دەستیان قوتاردەبم» •

ڕێکەوتنو سەنگو سووکی دانان (المساومه) ، وەکوو بەڕێز دوکتۆر علي جواد الطاهر لە لاپەڕە (٤٥)ی (منهج البحث الادبي)دا دەڵێت : لەسەر زانست ناکرێ • دەبێ تۆژەرەوە راستگۆو نەترسو پاك بێو ، بەرژەوەند پەرست نەبێو لەپێناوی پاراستنی راستیو زانستدا قوربانی بە زۆرشت بدا • هەتا ئەگەر بشزانێ رەخنەگرتنی لە مامۆستاکەی یا هەر کەسو لایەنێکی تر دەبێتە هۆی دواخستنی بڕوانامەکەی یا بێبەشبوونی لە وەزیفەو ئیشو کارەکەی ـ دەبێ لە راستی لانەداو رەخنەی خۆی بگرێ ، چونکە لە تۆژینەوەو لێکۆڵینەوەدا دۆستو دوژمن نینو ، راستیو دروستی هەن •

ئێمە مەبەستمان لەوە نییە کە کاك عەبدوڵلاَ باشترین نموونەیە بۆ سەلماندنی ئەم قسەیەمان ، بەڵکوو هیدیکە زۆرنو ، ناوبراویش لە گەلێك کەسیتر چاترەو لەوانەیە ئێستا ئەو ڕێبازەی تەواو خستبێتەلاوە •

زۆر یا بڕێك لەوانەی کە لێمان بوون بە رۆژنامەنووسو رۆژنامەو گۆڤارەکانیان داگیرکردووە ، سەرتاپا ئەو بۆچوونانەی ئێمەیان تێدا بەدی دەکرێو دەورێکی بەدو گێرەشێوێنانەیان لەمبارەوە هەیە • ئەمانە بەرژەوەند پەرستیو برادەرایەتیو خزمایەتیو کوڕەشارێتیو کوڕەگەڕەکێتیو تاقمو تاقمکاری دەکەنو ، هەر بەوێیەش نووسینی خەڵك هەڵدەسەنگێنن • بەرهەمی برادەرانیان ، با بێکەڵکیش بن ، پێشدەخەنو زووبەزوو بڵاویاندەکەنەوە • هیی کەسانیتر ، باسوودبەخشو زانستیو پتەوتریش بن لەهیی برادەرەکانیان،

پاشدەخرێن یا هەر رووناکیی چاپ نابینن ٠

تا کەنگێ رووناکبیری کورد لە ژێر باری ناپاکیو دووڕوویيو ریاکاریو زانستفەرامۆشکردندا بناڵێنێ ؟ ٠ کەینێ رێبازێکی پوختەو راستو زانستانە دێتەپێش ؟ ٠

دەبا ئیتر لەنێوبچێو نەمێنێ نرخاندنی پڕ لە سۆزی دۆستانەو ریاکاریو بەرژەوەندپەرستیو ، هەردەم زیندووبێو لـە گەشەدا بێ نیازی پاکو گیانی زانستپەروەریو راستی !! ٠

# چەند وەڵامێك

١ – چەند برایێکی رووناکبیر پێشنیاریان کرد کە پەراوێز بۆ ئەم کۆمەڵە نووسینەمان بکەین و، بەپێی توانا، سەرچاوەی بۆ بەکاربێنین. ئێمە لەوەڵامیاندا دەڵێین ، ئەم نووسینانە لێکۆڵینەوەیێکی زانستی نین و تۆژینەوەیێکیش نین لەبارەی بابەتێکەوە ، تا ناوی سەرچاوە بهێنین و پەراوێزو پێرستی ناوی کەسان و تێگاکانی بۆ ئامادەبکەین . بەڵکە بە گوتارێکیان دادەنێین کە لەنێو خەڵکدا بخوێندرێتەوە ، یا دووان (خطاب)ێکە بۆ هاندان و خستنەڕووی هێندێك پێشنیارو ئامۆژگاری ، لە برایێکی بچووکەوە بۆ رووناکبیرانی کورد . ئەو زمانەی باسەکانمان پێ داڕشتووە زانستی نییە ، بەو مانایە نا کە ماددەی زانستیی تێدا نییە . ئەم شێوازە سۆزاوی و هاندەرانەیەیش بۆ لێکۆڵینەوە دەست نادا . لەگەڵ ئەوەیشدا ، لە چەند جێگایێکدا کە بە باش و پێویستمان زانیبێ ناوی هێندێك سەرچاوەمان هێناوە . زۆربەی باسەکان بەرهەمی هاوینی (١٩٨٣)مانن .

٢ – برادەرێك کە بەشێکی ئەم نووسینانەی بۆ پاکنووس کردین ، پێی گوتین : ئێوە بەم نووسینە دڵی چەندین شاعیرو چیرۆکنووس لەخۆتان دەڕەنجێنن . ئێمە لە وەڵامیدا گوتمان : ئەم نووسینە بەتەنیا بۆ شاعیرو چیرۆکنووس نییە ، بەڵکە ئاڕاستەی هەموو رووناکبیرو خوێندەوارانی کورد کراوە ، بە تایبەت لاوە خوێن گەرمەکانمان . وەك زۆرجار کاك (خالید دلێر)ی شاعیرو ئەدیب دەڵێت : واز لە ئێمە بێنن ، ئیتر هیچ سوودێکمان لێ وەرناگرن، چونکە هەر فێری شیعرو چیرۆك بووین ، بۆیە چاکتر وایە بچنە لای لاوەکان . ئێمەیش رووی دەممان دەکەینە ئەوان و ، هیوامان بەوانە کە دەست بکەن بە کۆکردنەوەو رزگارکردنی کەلەپوورەکەمان و ، بە ئەرکێکی

مێژوویی‌و نیشتمانیی دەزانین کە ناوەڕۆکی ئەم پەیامەمان شی‌بکرێتــەوەو ، گیروگرفت‌و پێویستی‌و باری ئەم قۆناخە پڕمەترسییەی کەلەپووری کوردی بۆ ئەوەی ئەمڕۆو داهاتوویش دیاری‌بکرێن‌و تێ‌بگەیێندرێن •

ئێمە لەوە دڵنیــاین ئەگەر شاعیرێك یا چیرۆكنووسێكی کورد بــاش ئەم نووسینەمان بخوێنێتــەوەو هەست بەو زیانە گەورەیە بکا کە لــە کەلەپووری شارستانەتیمان کەوتووەو بــەردەوام لێی دەکەوێ ، ئەوا ئەگــەر خۆپەرست نەبێ‌و بەڕاستی دڵسۆز بێ لە قسەکانمان زویرو دڵگران نابێ‌و ، ڕەنگە وەك کاك شێرزاد حەسەن لەپاڵ چیرۆكنووسیندا ڕوو لە مەیدانی کەلەپوور بکا •

نیازمان لەم نووسینە نــە خۆشیرین‌کردنە لەلای خەڵك‌و ، نــە شکاندن‌و لە نرخ کەم‌کردنەوەی هێندێکی‌ترە ، چونکە ئەگەر ئەوەمان بویستبایە دەنگمان نەدەکردو دەمانگوت ئەم تەوژمەی ئەمڕۆی شیعرو چیرۆکی کوردی ڕاستەو شایانی پشتیوانی‌لێ‌کردنەو ، ئێمەیش وەك چەنــد مامۆستایێکی بەڕێز دووی ئەو کاروانە دەکەوتین‌و دەستمان‌دەکرد بە ڕیاکردن‌و مەرایی (تملق) لەبەر ئەدیبــانی کــورددا • بگــرە بــە شــانازی‌و پێداهەڵگــوتنەوە نــاوی چــەند کەسانێکیانمان لە گوتارەکانماندا ڕیزدەکرد ، تا ئەوانیش لە پاداشتی ئەوەدا بە شان‌و باڵی ئێمەیاندا هەڵبدایە • بەڵام بڕوامان وایە کە ئەم بارو ڕێبازەی ئێستا مەنگ‌و چەوتەو لە بەرژەوەنــدی کەلەپووری نەتەوایەتیماندا نییــەو ، دەبێ بگۆڕدرێت‌و ، سەرلەنوێ هاوسەنگی لەنێوان لقەکانی ڕووناکبیریی کوردیدا پەیدا بێتەوە تا بزووتنەوەی ڕووناکبیریمان لەگەڵ گیانی سەردەمدا بگونجێ •

٣ ــ برادەرێك پێی‌گوتین : لە جێی خۆیدا نییە ئەوەندە بەداخەوە بن بۆ ئەو وێنانەی (حەمامی صــورەت) ، چونکە وێنــەی ڕۆستەم‌وزۆراب سەر بە هونەری ئێرانییە نەك کوردی‌و ، نەیش‌فەوتاوەو لەنێو ئێرانییاندا هەر ماوە • ئێمەیش گوتمان : ئەی باشە (گورگ‌و ڕێوی)یش ئێرانین ، وا وێنەیان‌و هی زۆر گیانداری‌تریش لەو حەمامەدا کێشراوە ؟! • برادەرەکەمان پێ‌کەنیی ،

ئەمجا گوتمان : با کاری هونەریی وێنەکێشیو داتاشینو هونەرەکانیتریش هیی هونەرمەندانی بێگانە بنو هونەرمەندانی کورد لەڕێی خواستنەوە دروستیان کردبن ، نابێ فڕێبدرێن ، بەڵکوو دەبێ بپارێزرێنو ، مادامێکی لە کوردستاندان بوون بە موڵکی کورد • وەك چۆن ئەمڕۆ هونەرو شوێنەواری دێرینی (حیسی)یەکانو ڕۆمانیو یۆنانییەکان لە ئاسیای بچووك بوونەتە موڵکی تورکەکانو بەشانازییەوە دەیانپارێزن ، وەك هیی نەتەوەی تورك بێ ! • نەتەوە ئەورووپایی‌یەکانیش هونەرو شوێنەواری گریك (اغریق)ەکانو ڕۆمانییەکان ، لە هەر وڵاتێکیاندا بێ ، بە هیی خۆیانیان دەزانن ، با هیچ پێوەندیەکیشیان پێیانەوە نەبێ • هونەرمەندانی سەردەمی بووژانەوە (عصر النهضة) هونەری گریكو ڕۆمانیان کردە سەرمەشقی خۆیانو ، بووە بناخەی هونەر لە ئەورووپا •

٤ ـ هەر ئەو برادەرە پێی گوتین : ئێوە زۆرجار ناوی (مێژووی ئیسلامی) یا (هونەری ئیسلامی) دەبەنو ، ئەوەیش جۆرە بەرپەرچدانەوە (رد فعل)ێك لەلای خوێنەری کورد پەیدادەکا ، چونکە ئەوە نییە خومەینی بەناوی ئیسلامەوە کورد لەنێودەبا ؟! • ئێمەیش دەڵێین : ئەو هونەرو مێژووەی پاش هاتنی ئیسلام هاتنەکایەوە نەتەوە موسڵمانە جۆربەجۆرەکان بەشداریان لە دروستبوونیدا کردو ، لەکن زانایانی دەوڵەتە موسڵمانەکانو خۆرهەڵاتناسەکانیش هەموو هەر بە (هونەری ئیسلامی)و (مێژووی ئیسلامی) ناودەبرێن ، جا چ لە نووسیندا بێ یان لە قسەکردندا • ئیتر هیچ ناوێکیتر نییە تەواو ئەو مەبەستانە ببەخشیو پڕبەپێستیان‌بێ بۆیە ئەوانە لە گشتیان باشترو ڕاستترن •

# روون کردنــەوە

١ ــ لە لاپــەڕەی (٢١)دا کە دەڵێین شــوباتی رابردوو ، مەبەستمان لــە مانگی شوباتی ساڵی (١٩٨٢)ە •

٢ ــ کاتێك کە دەڵێین : ئیمساڵ ، مەبەستمان لە ساڵی (١٩٨٣)یە • چونکە ئەم کتێبە [جگە لە هێندێك نەبێت] لە ساڵی ١٩٨٣دا دامانناوە •

٣ ــ ئەو باسەی لە لاپەڕەی (٢٣)دا باسمان کردووە ، ئەو یادداشتەمان نییە کە لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٨٤دا داومانە بە (المركز الوطني للوثائق)و کۆڕی زانیــاری کــوردو دەزگای رۆشــنبیری‌و بڵاوکردنــەوەی کــوردی‌و ئەمینداریتیی گشتی رۆشنبیری‌و لاوان‌و بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی ، ئێمــە لــەو یادداشــتە دوورودرێژەمانــدا داوای کــردنەوەی مەرکەزێکی بەڵگەنامەییمان لە ناوچەی کوردستان کردووەو لە رۆژی ١٥/٩/١٩٨٤دا لە رۆژنامەی (العراق)دا بڵاوکراوەتەوە •

٤ ــ ئەو نامەیەی شێخ مەحمود کە لە لاپەڕەی (٢٤)دا هاتووە بەڵگەیە کە شێخ دوور نەبووە لە رووداوی شەشی ئەیلولی ١٩٣٠ •

٥ ــ ئێمە لە لاپــەڕەی (٢٧)دا بــاسی بەڵگەنامــەکانی فەرمانشینی بەهــدینان‌و نامەخانەی (المؤسسة العامة للاثار)مان کردووە ، بەم بۆنەیەوە ئاشکرای دەکەین کە پاشان هێندێك بەڵگەنامەمان لە ماڵی (موفتی موحەمەد شوکری) دەستکەوت کەهیی بنەماڵەی (موفتی ئامێدی)و (مەدرەسەی قوبەهان)ە ، جا دوور نییە هەر ئەم بەڵگەنامانە بن •

٦ ــ لە لاپەڕە (٤٠)دا دێتە زانین کە ئەحمــەدی حەمە ئاغاش لەگەڵ کەریمی

فەتاح بەگ بووە ئەمەش هەڵەیەو بەهۆی تێکچوونی عیبارەتمان ئەم هەڵەیە دروست بووە •

٧ - لە لاپەڕە ٤٧ ناوی (ئاغا بوطرس) بە هەڵە هاتووە بەڵکو (مار شمعون)ە کە لەلایەن سمکۆوە کوژراوە •

٨ - ئەوەی لە لاپەڕە (١١٥) باسمان لێوەکردووە ، مەبەستمان ئەوەیە کە خوێندنگەی هونەریو وێنەکێشی بەغدا هێندێك ڕەگەزی هونەری لە خوێندنگەی هونەریو وێنەکێشی دیاربەکر وەرگرتووە ، نەوەك بە پێچەوانەوە •

٩ - وشەی کولتور کە زۆرجار لەم کتێبەماندا هاتووە ، لە جێگەی وشەی (ڕۆشنبیر)دا بەکار هاتووە •

# سەرچاوەکان


ابن خلدون/مقدمة ـ چاپی قاهیرەی مصطفی محمد •

احمد خواجە/چیم‌دی ـ بەرگی یەکەم ١٩٦٨و بەرگی دووەم •

احمد شبلي/کیف تکتب بحثا او رسالة ـ چاپی هەشتەم ، ١٩٧٤ و ١٩٦٩ •

احمد کوڕی یوسفی فارقی (ابن الازرق)/تاریخ الفارقي ـ چاپی قاهرە ١٩٥٩•

اولیا چلبی/سیاحەتنامە ـ چاپی ١٣١٤ •

برجستراسر/اصول نقد النصوص ونشر الکتب ـ چاپی قاهرە ١٩٦٩ •

حسن الپاشا/التصویر الاسلامي في القرون الوسطی ـ چاپی یەکەم •

دیماند/الفنون الاسلامیة ـ وەرگێڕی احمد عیسی ـ چاپی دار المعارف •

زکي محمد حسن/الفنون الاسلامیة ـ چاپی یەکەم •

زکي محمد حسن/الفنون الایرانیة ـ چاپی یەکەم •

سعید الدیوەچي/اعلام الصناع المواصلة ـ چاپی موصل ١٩٧٠ •

سومر/ژمارە ٢٥ •

شریف یوسف/تاریخ فن العمارة العراقیة في مختلف العصور ـ بغداد ١٩٨٢ •

طە باقر/مقدمة في تاریخ الحضارات القدیمة ـ چاپی یەکەم •

طاهر احمد حویزی/مێژووی کۆیە ـ بەرگی یەکەم ـ چاپی یەکەم •

عبدالرحمن بدوی/النقد التاریخي ـ چاپی ١٩٦٣ •

عبدالرقيب يوسف/حضارة الدولة الدوستكية في كردستان الوسطى ـ بغداد ١٩٧٥ .

عبدالسلام هارون/تحقيق النصوص ونشرها ـ القاهرة ١٩٦٥ .

عبدالله فياض/التاريخ فكرة ومنهجا ـ بغداد ١٩٧٢ .

عبيدالله كوڕى بختيشــوع/منافع الحيــوان ـ دانە دەستنووســەی نامەخــانەی (مورغان) لە نیویۆرك ـ ژمارە (٥٠٠) .

گۆڤاری العراق/بڕە ژمارەیێك .

عزيز العلي/البحث العلمي تدوينه ونشره ـ بغداد ١٩٨١ .

علي جواد الطاهر/منهج البحث الادبي ـ بغداد ١٩٧٢ .

كاروان ـ ژمارە ٢ و ٧ .

كمال مظهر/دور الشعب الكردى في ثورة العشرين ـ بغداد ١٩٧٨ .

محمد جمال‌الدين سرور/مصر في عهد الدولة الفاطمية ـ چاپی یەکەم .

محمود الامين/الكاشيون ـ چاپی یەکەم .

مظفری کوڕی حسین حەسەنکەیفی/الكشاف في علم الانغام ـ دانەی دەسنووس

هاملتون/طريق في كردستان ـ بغداد ١٩٧٣ .

هي (دبليو . ار هي)/سنتان في كردستان ـ بغداد ١٩٧٣ .

# پێـــرست

| | |
|---|---|
| سەرەتایێکی پێویست | ٣ |
| بەڵگەنامە (الوثائق) | ٧ |
| بیرەوەری بەساڵداچووەکان | ٣٦ |
| باس‌وخواسی سەرزاری خەڵك (الروایة الشفهیة) وەك سەرچاوەیێکی مێژوونووسی | ٤٩ |
| بەندوباوی کوردی | ٥١ |
| ئەفســـانە | ٥٣ |
| هونەری بیناسازی کوردی (الفن المعماري الكردي) | ٥٦ |
| هونەری نەخشی کوردی (فن النقش الكردي) | ٧٦ |
| هونەری وێنەکێشی‌و داتاشینی کوردی (فن التصویر والنحت الكردیین) | ١٠٢ |
| چۆنیەتی لەنێوچوونی بەشێك لە کارە هونەرییەکان | ١٢٣ |
| چەند تێبینی‌یەك : | |
| یاداشت‌نووسی | ١٣٥ |
| کاتی خۆتەرخان‌کردن بۆ بابەتێکی دیارکراو (اختصاص) نەهاتووە | ١٣٨ |

کەلەپور فریێ نادرێت ١٤٠
کۆکردنەوەی کەلەپور پێویستی بە بڕوانامە
(شەهادە)ی بەرز نییە ١٤٦
کارکردن بەپێی پێویست ١٤٨
خوێندکارانی کورد لە دەرەوەی وڵات ١٤٩
نائومێــــــدی ١٥١
هۆیەکانی پاشکەوتنی رۆشنبیری کوردی ١٥٤
بایەخدان لە رادەبەدەر بە شیعرو چیرۆك ١٥٨
بەرنامەی توژینەوەی زانستانە (منهج البحث
العلمي) ١٧٧
چەند وەلامێك ٢٠١

# راست‌و چه‌وت

| لاپه‌ره | دێڕ | چه‌وت | راست |
|---|---|---|---|
| ٤ | ٤ | اسماء قريش قبل الاسلام | اسماء بغايا قريش قبل الاسلام |
| ٤ | ٢٠ | پرسیارو وه‌ڵام | پرسیار |
| ٧ | | به‌ڵگه‌نامه (الوثائق) | به‌ڵگه‌نامه (الوثیقة) |
| ٩ | ١٠ | له شاری ئامێدی | له ئامێدی |
| ١٢ | ١٤ | یه‌ندز | لێوژه |
| ١٤ | ٩ | دانه‌یان | دانه‌یێك |
| ٢١ | | یا هیچیان | هیچیان |
| ٤٠ | ٢١ | هه‌ردۆکیان | دووه‌میان |
| ٤٠ | ٢٣ | چوونه‌ته | چووه‌ته |
| ٤١ | ١٠ | هێ | هی (هه‌ی) |
| ٤٥ | ٣ | حاجی عه‌بدول ره‌باتی | حاجی عه‌ول ره‌باتی |
| ٤٧ | | ئاغا بوطرس | مار شمعون |
| ٤٩ | ٢٢ | که‌وکردن | کۆکردن |
| ٥٧ | ٩ | هونه‌ری عه‌ره‌بی‌و ئیسلامیه‌کان | هونه‌ری عه‌ره‌بی ئیسلامی |
| ٥٧ | ١١ | هونه‌ری بیناسازی | ئه‌م هونه‌ره |
| ٥٧ | ٢٠ | دیمان | دیماند |
| ٥٧ | ٢٢ | ناوکه‌یشی | شێوه‌و تا ناوه‌که‌یشی |
| ٦٤ | ٣ | دیوریفی | دیوریغی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٨٠ | ٢٣ | مەقدسی خنا | مەقدسی حنا |
| ٨٢ | ١٣ | هەن دەڵێن شوكرواللا | ئەو رستەیە كە بۆ جاری دووهەم هاتووە هەڵەیە . |
| ١٠٢ | ٩ | زێتر | زیاتر |
| ١٠٣ | ٩ | ئەم هونەرمەندە | ئەم میرە |
| ١٨٠ | ٣ | نازانرێ كامەیان كردووە بە عەرەبی | نازانرێ كامەیان كردووە بە كوردی |
| ١٨٠ | ١٤ | لەكام | لەكەم |
| ١٨٦ | ٣ | هەژر | هەژار |
| ١٨٨ | ٥ | ص(٨٥) | ص(٨٨) |
| ١٨٨ | ١٥ | ئێستاش | ئیستاش |
| ١٨٩ | ٩ | لەوانەیە بەكار بهێندرێ یانا | لەوانەیە بەكار بهێندرێ لە بەرهەمێكی تریدا یانا |
| ١٩٥ | ٨ | كتێبەكانیان | تا كتێبەكانیان |
| ١٩٨ | ١٩ | محمد توفیق وەردی | محمد توفیق وردی |
| ٢٠١ | ٥ | تگاكانی | جێگاكانی |
| ٢٠٦ | ٣ | ١٩٦٩ | ئەم نمرەیە هی دێڕی پێشووە |

## سوپاسنامە :

سوپاسی ئەو برایانە دەکەین کە یاریدەیان داین‌و بەشەکانی ئەم نووسینەیان بۆ پاکنووس‌و بژارکردین • پاشتر برای دڵسۆزو رووناکبیر کاك صدیق صاڵح ئەحمەد سەرلەنوێ هەمووی بۆ بە یەك شێواز نووسینەوەو پاکنووسی کردنەوەو رێکی‌خستن • سوپاسی‌دەکەین‌و هیوای سەرکەوتنی دەخوازین‌و هیوادارین ببێ بە دانەرێکی زۆرباش •

ژمارەی پێ‌سپاردن لە کتێبخانەی نیشتمانی
٩٨٣ لە ١/٧/٩٨٥

---

پیتەکانی بە (لاینۆتایپ)ی چاپخانەی نەوردەس رێکخراوەو لە
چاپخانەی کامەرانی لە سلێمانی چاپکراوە